

سیاسی

گوڵان

ژماره (٨٠٩)
٢٠١٠/١٢/١٣

## سەرۆک بارزانی
## لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەی 13ی پارتیدا:

# موساوەمە لەسەر هەویەی کەرکووک ناکرێت و بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 متمانەی کورد بەژیانی نێو عێراقی نوێ زیاتر دەبێت

رۆژی شـــەمە ١٢/١١ / ٢٠١٠ بە ئامادەبوونی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و نوێنەری لایەنە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان و کونسوڵی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتار و وەزیرەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان سیانزەهەمین کۆنگرەی خۆی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان گرێدا، لەم کۆنگرەیەدا ١٣٥٠ ئەندام بەشـــدار بوون، لەم کۆنگرەیەدا بەرێز مســـعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کرد، ئەمەش دەقی وتارەکەی بەرێزیانە.

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**جەنابی سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ**

**جەنابی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ**

**جەنابی سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**بەڕێزان سەرۆك و نوێنەرانی حزبەكانی هاوپەیمان ودۆست لە ناوەوەو دەرەوە**

**وەزیرو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، سەفیرو كونسوڵە بەڕێزەكان و میوانانی بەڕێز**

بەنــاوی هەموو هەڤاڵان و ئەندامانی كۆنگرە و بەنــاوی خۆم ؛ بەخێرهاتنێكی گەرمی هەموو لایەكتان دەكەم و ئامادەبوونتان لەم ڕۆژەدا لەگەڵمان لەم ڕۆژەدا نیشانەی گرنگی و دۆستایەتی و هاوخەباتیمانە بۆ بەدەســتهێنانی ئەو ئامانجە هاوبەشــانەی كە ساڵانێكە هەموومانی پێكەوە كۆكردۆتەوە، كە ناوەڕۆكی ئەو ئامانجەش، سڕینەوەی زۆرداری و چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری لەناوچەكەمان و سەرانســەری جیهان بووە، ئەمڕۆ ســیانزەهەمین كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كوردستان لەكەشــێكدا دەبەستین، كە زۆربەی ئامانجەكانی ئەم پارتە لەچوارچێوەی كوردســتان و عێراقــدا قۆناغ بەقۆناغ تا ئەمــڕۆ بەدیهاتوون، ئەم چەندەش نیشــانەی ڕەوایی خەباتەكەمــان و بەهێزی ئیــرادەی گەلەكەمانە. ئەو گەلەی بەقوربانیــدان و فیداكاری زۆرەوە پاڵپشتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بووەو دۆزی ڕەوای خۆی بە ئەمڕۆ گەیاند.

**بەڕێزان . خوشك و برایانی ئازیز. ئەندامانی كۆنگرە...**

پارتی وەك زەرورەتێكی مێژوویی لەكاتێكی هەســتیاردا لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ز بۆ كۆكردنەوەو ئاڕاســتەكردنی تواناو ئیرادەی گەلانی كوردستان سەری هەڵدا، هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری چیــن و توێژەكانــی لەخۆگرتوو، ســنوورەكانی جیۆگرافی و ڕەگــەزی و نەتەوەیی و ئایینی بەزاند.

باوەڕو كرداری پارتی كەلەسەر بنەمای تەساموح و دادپەروەری بووەو دەبێت، كەشێكی خوڵقاند كە گشــت نەتەوەكان بەكوردو توركمان و كلدان و ئاشــووری و ئەرمەن و عەرەبی نیشــتەجێی كوردســتان و گشــت ئایین و ئایینزاكان پارتی بەبەرگریكاری مافەكانیان بزانن و، هەمیشــە ڕیزەكانــی پارتیش ئاوێتەیەك بــووە لە هەموو پێكهاتەكانی كوردســتان، وێڕای ئەمەش پارتی لەداڕشــتنی پرۆگرامی خەباتی خۆی ڕێبازێكی واقیعبینانەی پەیڕەو كردووەو بەرەچاوكردنی بارودۆخی زاتی و مەوزوعی و خوێندنەوەی هاوكێشــە سیاسییەكان، ئامانجەكانی قۆناغ بەقۆناغ لەچوارچێــوەی داواكردنی یەك لەدوای یەكی دیموكراتییــەت و ئۆتۆنۆمیی و فیدراڵییەت بۆ كوردستان داڕشتووە.

**بەڕێــزان ..** كۆنگرەكانی پێشــووی پارتی هەمیشــە دووپاتیان كردۆتەوە كە كــورد وەكو هەر نەتەوەیەكی دیكەی دنیا مافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆی هەیەو، ئێستاش پارتی داواكاری مافی دیاریكردنی چارەنووس و خەباتی ســەردەمیانەو ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بۆ قۆناغی داهاتوو بەگونجاو دەزانێت.

پەنــا بەخــوا مافی چارەنووس لــەم كۆنگرەیەدا دەبێتە هەوێنی پرۆگرامــی خەباتی پارتی و تەواوكەری خەباتی قۆناغەكانی پێشــتری ؛ جارێكی دیكە دەخرێتە بەردەم ئەندامانی كۆنگرە بۆ گفتوگۆو لێكدانەوەو بڕیاری پێویست.

**بەڕێــزان ..** بەهیمەتــی هەموو لایەك ئەمڕۆ ئەزموونێكمان لەگواســتنەوەی خەباتی شــاخ و شۆڕشــگێڕی بۆ خەباتی شارســتانی و خزمەتگوزاری و ئیداری هەیە. پارتی لەمبوارەشــدا شانازی ئەوەی هەیە كە كاراكتەرێكی سەرەكی بووە لە ئاواكردنی بنەماكانی ئیدارەیەكی خۆجێیی و بونیاتنانی دامودەزگاكانی خۆجێیی و خزمەتگوزاری.

هەر لەم بوارەدا بڕوامان بەوەیە ؛ كە دەبێت پێوەندی حزب و پەرلەمان و حكومەت لەسەر بنەمای پرەنســیپە دیموكراتییەكان بێت. ڕوانینمان ئەوەیە كە حكومەت دەبێت بەرەچاوكردنی بەرژەوەندیە نیشــتمانییەكان ئامرازی جێبەجێكردنی سیاســەت و ئامانجەكانی حزب یا ئیئتیلافی براوە لە هەڵبژاردن بێت.

لەگەڵ ئەوەی بڕوای تەواومان بەپێویســتی هەبوونی ئۆپۆزســیۆنی چالاك هەیە بۆ چاودێری دەســەڵات و دەوڵەمەندكردنی بەرنامەوپرۆژەكانی، هەروەها بەشــداری لە داڕشــتنی سیاسەتە چارەنووســی ســتراتیژییەكانی هەرێم بەمافی هەمــوو پێكهاتە سیاســی و جەماوەرییەكانی كۆمەڵگاكەمــان دەزانین، دیاردەی تەعەددودی حزبی بەدیاردەیەكی تەندروســتی كۆمەڵگایەكی دیموكراتی دەزانین .

لەم ڕووەوە ڕۆڵی گشــت پارتە سیاســییەكانی ناو هەرێمی كوردســتان بەبەرز دەنرخێنین، وەك هەمیشــە لەهەوڵی بەردەوامدا دەبین، بۆ ئەوەی باشــترین و پتەوترین پێوەندیمان لەگەڵ گشت

**پارتی وەک زەرورەتێکی مێژوویی لەکاتێکی هەستیاردا لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ز بۆ کۆکردنەوەو ئاڕاستەکردنی تواناو ئیرادەی گەلانی کوردستان سەری هەڵدا، هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی لەخۆگرتوو، سنوورەکانی جیۆگرافی و ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی بەزاند**

**باوەڕو کرداری پارتی کەلەسەر بنەمای تەساموح و دادپەروەری بووەو دەبێت، کەشێکی خوڵقاند کە گشت نەتەوەکان بەکوردو تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و عەرەبی نیشتەجێی کوردستان و گشت ئایین و ئایینزاکان پارتی بەبەرگریکاری مافەکانیان بزانن**

**ئێستاش پارتی داواکاری مافی دیاریکردنی چارەنووس و خەباتی سەردەمیانەو ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بۆ قۆناغی داهاتوو بەگونجاو دەزانێت**

**پەنا بەخوا مافی چارەنووس لەم کۆنگرەیەدا دەبێتە هەوێنی پرۆگرامی خەباتی پارتی و تەواوکەری خەباتی قۆناغەکانی پێشتری**

هێزە سیاسییەکانی ناو هەرێم هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر ڕێکخستنی زیاتری ناو ماڵی کورد دەکەینەوە، هەبوونی بۆچوون و ڕای جیاواز لەنێوان لایەنە سیاسییەکان ئاساییە، بەڵام لەبارەی بابەتە ستراتیژییەکان، گشت لایەکمان پێویستە هاوهەڵوێست و هاوکار بین و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لەسەرەوەی هەموو جیاوازییە ناوخۆییەکان دابنێین.

**بەڕێزان ..** پارتی هەردەم بڕوای بە ڕێزگرتن لەڕای جیاواز هەبووەو بواری بۆ ئازادی ڕادەربڕین خۆشکردووە، لەژێر هیچ گوشارێکیش لەو بنەمایە پاشەگەز نابێتەوە، لەچوارچێوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ڕێزگرتن لەماف و تایبەتمەندی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاکەماندا بڕوامان بە چەسپاندنی بنەمای هەبوونی ڕاوڕای جیاوازو ئازادی ڕادەربڕین هەیە، لەسەر ئەم بنەمایانەش هاوکاری هەموو دامەزراوە فەرمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، بۆ زیاتر چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ژیانی دیموکراتی و مەدەنییانە لەهەرێمی کوردستاندا.

هەر لەپەیوەست بەم بابەتەوە جەخت لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لەهەرێمدا دەکەینەوە، پارتی خەباتی کردووە بۆ پاراستنی کەرامەتی گەلانی کوردستان و نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد، بۆیەشە لەهەموو کەس زیاتر هەست بەگرنگی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەین و گشت دامودەزگاکانی پارتی کاریگەرتر لەجاران لەخزمەتی پاراستنی مافە بنچینەیی و بەهاکانی تاکی ئەم هەرێمە دەبن، پرسی ئافرەتیش یەکێکە لەپرسە گرنگەکانی ئەم بوارەو پارتی وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و کاریگەری کۆمەڵگا دەڕوانێتە ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لەناو شۆڕش و ڕیزەکانی ڕێکخستنی حزبیدا هیچ کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاو.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، ڕۆڵی ئافرەت لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دیارو بەرچاوترە بۆیە پارتی لەچوارچێوەی بەرنامەکانی خۆیدا لەهەوڵی بەردەوامدا دەبێت بۆ نەهێشتنی توندوتیژی هەموو ئەوستەم و جیاوازییانەی کەدەبنە کۆسپ لەبەردەم فراوانتربوونی ڕۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگادا .

**بەڕێزان ..** پارتی خاوەن تەمەنێکی درێژو ئەزموونی دەوڵەمەندە کەچۆن مامەڵە لەگەڵ هاتنەپێشی جیل لەدوای جیل بکات، پارتی گرنگی سوودوەرگرتن لەهێزوتوانای نەوەی نوێ دەزانێت و ئیمڕۆ لە ریزەکانیدا بەهەزاران گەنج پرۆفەی ژیانی سیاسی و حیزبایەتی دەکەن، بڕوامان بەتوانای گەنجانمان هەیەو بوار بۆیان کراوەیە تا بەهاوشان بەهاوکاری جیلە خاوەن ئەزموون و پوختەکەی پێشتر جڵەوی خەباتی پارتی وەکو ئەرکێکی بەردەوام و مێژوویی لەئەستۆ بگرن، پارتی بەو جۆرە بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ نوێبوونەوە دەکات و ئەزموونی خەباتی خۆی جیل لەدوای جیل دەگوازێتەوە، پرسی چاکسازیش پەیوەستە بەو بابەتەوە، پارتی بڕوای بەنوێبوونەوە و چاکسازی هەیەو واقعبینانە خۆی و ئامانجەکانی لەگەڵ ئاستی پێشهاتەکان نوێ کردۆتەوە.

واتە هیچ کاتێك پرۆسەی چاکسازی واقعبینانە لەناوپارتی نەوەستاوە، پارتی لەساڵی ١٩٤٦وە ئامانجی ڕزگاری وسیاسی کۆمەڵایەتی بۆخۆی داناوە، لەبواری سیاسیدا تائێستا بەشێکی گرنگی ئامانجی سیاسی بەدیهاتووە و تێدەکۆشین بۆ دوائامانجی سیاسی، بەڵام لەبواری کۆمەڵایەتیدا ئەرکی زیادمان لەپێشە، بۆ بەرزکردنەوەو چاککردنەوەی ئاستی ژیانی تەندروستی و پەروەردەی و ڕووناکبیری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆهەمووان هێشتا پێویستە خەبات بکەین بۆ نەهێشتنی بێکاری و نەخوێندەواری و هەوڵ بدەین شوێنی نیشتەجێی پاك و شیاو بۆ هەرخێزانێك دابین بکەین تا کەس لە کارەبا و ژیانی ئاسوودە بێبەش نەبێت، تا گەنجان و نەوەکانی داهاتوو بەدڵنەواییەوە ژیانی نوێی خۆیان دابمەزرێنن .

بێگومان بەردەوامبوون و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش مەرجی سەرەکی ژیانی باشترە، دەبێت هاووڵاتی بەدڵنیایی بژی و کاربکات ومافەکانی مسۆگەر ببن، لەم بوارەشدا مەسەلەی هەرە گرنگی ژینگە دێتە پێشەوە، کە هەر مرۆڤێك پێویستی بەژینگەیەکی پاك و سەوزو تەندروست هەیە، هەر بۆیە دەبێت بایەخی پێویست بەژینگەی کوردستان بدەین، هەوڵ بدەین ناوچە پارێزراوە سروشتییەکانی کوردستان هاوشێوەی بارزان فراوانتر بکەین، لەسەرێکی ترەوە کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی کەمئاوی دەبێتەوە، دەبێت بەپەلە هەوڵبدەین سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بپارێزین.

**بەڕێزان ..** بەشانازییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەتایبەت لەدوای هەنگاوەکانی یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێم لە کابینەی پێنجەم توانیویّتی لەڕووی ئابووری و ئاوەدانییەوە هەنگاوی بەرچاو و کاریگەر بنێت، بەجۆرێك کەئەمڕۆ هەرێمی کوردستان وەکو نموونەیەك بۆ گەشەسەندنی خێراو زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرمایەگوزاری سەیر دەکرێت و پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم فراوانبوون و بەدەیان کونسولگەری و نوێنەرایەتی سیاسی و

**بڕوای تەواومان بە پێویستی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی چالاک هەیە بۆ چاودێری دەسەڵات و دەوڵەمەندکردنی بەرنامەوپرۆژەکانی، دیاردەی تەعەدودی حزبی بەدیاردەیەکی تەندروستی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دەزانین**

**دەبێت پێوەندی حزب و پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراتییەکان بێت**

**لەبارەی بابەتە ستراتیژییەکان، گشت لایەکمان پێویستە هاوهەڵوێست و هاوکار بین و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لەسەرەوەی هەموو جیاوازییە ناوخۆییەکان دابنێین**

**پارتی خەباتی کردووە بۆ پاراستنی کەرامەتی گەلانی کوردستان و نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد، بۆیەشە لەهەموو کەس زیاتر هەست بەگرنگی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەین**

ئابووری لە هەرێم کراونەتەوە.

ئاسۆیەکی ڕوون بۆ پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێم بەدی دەکرێت. ئێستاش کابینەی شەشەمی حکومەت چالاکانە درێژە بەو بەرنامانە دەدات کە جێگای متمانە و ئومێدی گەلە. ئێمە پاڵپشتیمان بۆ بەرنامەو کاری حکومەتی هەرێم لەبواری بنیاتنان و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەو شایستەتر بۆ هاووڵاتیانمان دووبارە دەکەینەوە.

هەر لەمبوارەشدا ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان بەهەموو پێکهاتەو لیستەکانیەوە لەچاودێری و ئاڕاستەکردنی کاری حکومەت بەپێی یاساکانی هەرێم بەرز دەنرخێنین، پەرلەمانی کوردستان بەسەکۆو مینبەری گشت خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لەئاواکردنی ژیانی ئێستاو داهاتوویان لەگشت بوارێك دەزانین.

**بەڕێزان ..** کێشەی گەندەڵی یەکێك لەو پرس و کێشانەیە کە لەم دواییەدا زۆر ئیبراز بووە، ئەو دیاردەیە لەناو کۆمەڵگاکەماندا هەیە کەم تا زۆر لە ناو زۆرێك لەدامودەزگاکاندا بڵاوبۆتەوە.

پارتی وەك هێزێکی هەڵبژێردراوی سەرەکی پێکهێنەری ئیدارەی کوردستان لەمەودوا بەگرتنەبەری پاڵپشتی زیاتر بۆ موئەسەساتی پێوەندیدار ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە، لەناوخۆشیدا پارتی بەتوندی ڕووبەڕووی هەرجۆرە بەکارهێنانێکی نابەجێی توانا ماددی و مەعنەوییەکانی حزبیی دەبێتەوە.

پرەنسیپی سزاو پاداشت بۆ لێپرسینەوە لەخەتاباران و دەستخۆشانە لەکادیرانی ماندوو سەرکەوتوو دەبێت ئەکتیڤتر بگیرێتەبەر بەو جۆرە کەشێك دەخولقێت کە گەندەڵی ناتوانێت تێیدا گەشە بکات.

**بەڕێزان ..** زۆر لەو گرفتانەی کە لەناو کۆمەڵگاکەماندا چارەسەر ناکرێن گەر سیستەمی دادوەری بەهێزترو ئەکتیڤتر نەکرێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پاڵپشتی خۆمان بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی و کاراتر بوونی ڕۆڵی داواکاری گشتی دووبارە دەکەینەوە، بۆیە دیسان رایدەگەیەنینەوە کە لەم وڵاتەدا دەبێت یاسا سەروەر بێت و کەس لەسەرووی یاسا نەبێت. پارتیش هەر بەفاکتەرێکی کاریگەر دەمێنێت بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا.

**بەڕێزان ..** پارتی لەناخی جەماوەری کوردستانەوە هەڵقوڵاوە، هەر بۆ خزمەتی ئەم گەلە ستەمدیدەیە دامەزراوە، ئەم گەلە مەزنترین قوربانی داوە بۆ بەردەوامی شۆڕش و خەباتی پارتی، بۆیە بە هیچ شێوەیەك دابڕان لەنێوان جەماوەرو بنکە حزبییەکان قبوڵ ناکرێت و بەرپرسانی حزبی دەبێت نزیکترین کەس بن لەخەم و کێشەی خەڵکی هەژارەوە، دەبێت گوێ لەخەڵك بگیرێت و پاڵپشتی یەکەمی داواکارییەکانیان بین و بۆ باشترکردنی باری ژیانیان. پارتی بەدەنگ و پاڵپشتی ئەم خەڵکە هەژارە پشت ئەستوورە.

بۆیەشە دەڵێین کە پارتی موڵکی ئەم خەڵکە هەژارەیەو لەخزمەتی ئەواندا دەمێنێتەوە، بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەو شارستانی بۆیان .

لەم میانەشدا خزمەتی خانەوادەکانی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان هەردەم لەپێشەوەی هەموو بەرنامە و کارەکانماندا دەبێت، دابینکردنی ژیانێکی شایستە دەبێت بەرنامەیەك بێت کە هەموو خانەوادەی شەهیدان بەبێ جیاوازی بگرێتەوە، ڕێزو جێگای پێشمەرگەش لەم بۆنەیەدا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، هەردەم وتوومانە کە پێشمەرگە گەورەترین و شەرەفمەندانەترین ناوە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەرگرییان لەماف و داخوازییەکانی گەلەکەیان کردووە.

ئەرکی پێشمەرگەش لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و دەستکەوتەکانی گەلەکەیان بەردەوامەو پارتی بەهەموو توانایەکیەوە پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ دابینکردنی گوزەران و پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە وەك یەك لەشکری سەر بە حکومەتی هەرێم و بەشێك لەسیستەمی بەرگری عێراقی فیدراڵ.

**بەڕێزان ..** لەم سەکۆیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە کورد یەکپارچەیە بەزمان و کەلتوورو ئاوات؛ کوردی یەزیدی و کوردی کاکەیی و کوردی فەیلی و کوردی شەبەك لەجەستەی کورد جیا نابنەوە، جیاوازی ئایینی و مەزهەبی نەتەوەیەك پارچەپارچە ناکات، کورد یەك نەتەوەیەو بەیەك نەتەوە دەمێنێتەوە. سەرباری ئەمەش کوردستان وەك هەمیشە مەڵبەندی تەساموحی نەتەوەیی و ئایینی دەمێنێتەوەو چۆن مافی کورد دەبێت پارێزراو بێت ئاوهاش دەبێت ڕێز لەمافی نەتەوەکانی تورکمان و ئاشووری و سریانی و ئەرمەن بگیرێت، چۆن ڕێز لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەگیرێت، مەسیحی و ئیزیدی و ئایین و ئایینزاکانی تریش جێگای ڕێزن، هەموومان پێکەوە تابلۆی جوانی کوردستان پێك دەهێنین و هەموومان کەسوکارو پاڵپشتی یەکترین.

**هەڤاڵان..خوشك و برایانی ئازیز..**

تەبایی و یەکڕیزی گەلەکەمان زامنی سەرکەوتنمانە، بۆیەشە پەرەپێدانی ئەو تەباییەو پتەوکردنی

**پارتی وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی و کاریگەری کۆمەڵگا دەڕوانێتە ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لەناو شۆڕش و ڕیزەکانی ڕێکخستنی حزبیدا هیچ کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاو**

**بڕوامان بەتوانای گەنجانمان هەیەو بوار بۆیان کراوەیە تا بەهاوشان و بەهاوکاری جیلە خاوەن ئەزموون و پوختەکەی پێشتر جڵەوی خەباتی پارتی وەکو ئەرکێکی بەردەوام و مێژوویی لەئەستۆ بگرن**

**لەبواری کۆمەڵایەتیدا ئەرکی زیادمان لەپێشە، بۆ بەرزکردنەوەو چاککردنەوەی ئاستی ژیانی تەندروستی و پەروەردەی و ڕووناکبیری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆهەمووان هێشتا پێویستە خەبات بکەین**

**دەبێت بایەخی پێویست بەژینگەی کوردستان بدەین، هەوڵ بدەین ناوچە پارێزراوە سروشتییەکانی کوردستان هاوشێوەی بارزان فراوانتر بکەین**

پێوەندی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان ئەرکی هەنووکەیی و داهاتووی پارتیمان دەبێت، لەم نێوەندەشدا بەردەوامی و پتەوکردنی پێوەندی ستراتیژی پارتی و یەکێتی وەك زەرورەتێك بۆ قۆناغی ئێستاو داهاتوو سەیری دەکەین و لەو بڕوایەداین یەکخستنی هەواڵ و هێزو تواناکانی ئەو دوو هێزە بەرهەمی زیاتری بۆ گەلەکەمان لەهەگبەدا دەبێت.

ئێمە هەمان دید و بۆچوونمان بۆ باشترکردن و پتەوکردنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراقیش هەیە، وە ئامادەین بۆ هاوکاری و هەماهەنگی و لێك نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە بڕوایان بەعێراقی نوێ و پێکەوە ژیانی برایانە و یەکسانی هەیە.

**کوردستان وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان رووبەرووی کەمئاوی دەبێتەوە، دەبێت بەپەلە هەوڵبدەین سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بپارێزین**

هەر لەو چوارچێوەیەشدا بوو کە ئەو دەستپێشخەرییەی ئەم دواییەم خستەڕوو، مەبەست لەوە بوو کە پرۆسەی سیاسی عێراق لەو بنبەستە دەرچێت و دەروازەیەك بکرێتەوە بۆئەوەی عێراقیەکان لە نائومێدی وبێبڕوایی ڕزگاریان بێت و هەموو لایەك خۆیان بە یەکسان و هاوبەش بزانن لەئاواکردنی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیك، سەرکەوتنی دەستپیشخەریەکەش سەرکەوتن بوو بۆ هەموو عێراق و بۆ ئێمەش شانازییەکی گەورەیە، وەدەرخەری ئەوەش بوو کە چارەسەری ناوخۆ بۆ کێشەکانی عێراق کاریگەرترین ڕێگەچارەن .

**کابینەی پێنجەم توانیوێتی لەرووی ئابووری و ئاوەدانییەوە هەنگاوی بەرچاو و کاریگەر بنێت، ئێستاش کابینەی شەشەمی حکومەت چالاکانە درێژە بەو بەرنامانە دەدات کە جێگای متمانە و ئومێدی گەلە**

پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی عێراق بە دانیشتن و گفتوگۆو لێکتێگەیشتن دەتوانن بەسەر جیاوازیەکاندا زاڵ بن، لەم روانگەیەوە بەدواداچوونی قۆناغەکانی دیکەی دەستپێشخەرییەکە بوو بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی عێراق و پێکەوە لە حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی بەردەوام دەبین، بەڵام هیچ پێکهاتن و چارەسەرێك نابێت لەسەر حیسابی بەلاوەنانی ماف و ئیستحقاقاتی نەتەوەیی ئێمە بێت، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقەو بەشێکە لەچارەسەر و داخوازییەکانی بۆ مافەکانی لەچوارچێوەی عێراقدا لەسەر حسابی هیچ پێکهاتەیەکی تر نییە.

**بەڕێزان ..** لەدوای رووخانی ڕژێمی بەعسەوە چالاکانە بەشداریمان لە پرۆسەی سیاسی و عەمەلیەی دیموکراتیزەکردنی عێراقدا کرد، یەکێك لەئامانجەکانی ئەم پرۆسەیەش دەستووری عێراقە کە زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق دەنگیان پێداوە، بۆیە ئێمە لەعێراقدا دەستوورێکمان هەیە کە زامنی ماف و داخوازییەکانی گشت گەلانی عێراقە، هەربۆیەشە پێوەندیەکانیشمان لەچوارچێوەی ڕێزگرتن لەناوەڕۆکی ئەو دەستوورە و بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵاتمان لەگەڵ هەموولایەنێك ڕێکدەخەین، لەم دەستوورەشدا ماددەی ١٤٠ ئەو مادەیەیە کە تا ڕاددەیەکی زۆر ئاسەواری ستەمی سەر کورد دەسڕێتەوە، بەجێبەجێکردنی ئەم مادده دەستوورییە متمانەی کورد بەژیانی نێو عێراقی نوێ زیاتر دەبێت، دەمەوێت بۆ هەموو لایەك روونی بکەمەوە کە ئەگەر مەترسی لەوە هەیە کورد حوکمڕانی تاکڕەویی لەناوچە دابڕاوەکان دەکات دوای گەڕانەوەیان بۆسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەرکووك، ئێمە هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە دەمانەوێت کەرکووك بکەینە نموونەی پێکەوە ژیان و بڕوامان بەئیدارەی هاوبەش هەیە، بەڵام موساوەمە لەسەر هەویەی کەرکووك ناکرێت.

**پەرلەمانی کوردستان بەسەکۆو مینبەری گشت خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لەئاواکردنی ژیانی ئێستاو داهاتوویان لەگشت بوارێک دەزانین**

دامەزراندن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بووە بەنموونە بۆ ناوچەکانی تری عێراق، وای کردووە کە دانیشتووانی هەندێك پارێزگا لە پێکهێنانی هەرێمی خۆیان بیر دەکەنەوە، بەلای ئێمە وەك ژیان سەلماندوویەتی سیستەمی فیدراڵی بەمانای بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ژیانی دیموکراتییە. کە دانیشتووانی هەر هەرێمێك کاروباری خۆیان لە سنووری دەستوور بەسەربەستی بەڕێوە بەرن. ئێمە پشتگیری هەر هەرێمێکی تازە دەکەین، کە لەسەر خواست و ئارەزووی دانیشتووانی دابمەزرێت، چونکە چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لەعێراقدا زامنی دیموکراتی و مافی کوردو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەیە واتە دەکرێت دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانتر ببێت تا ژیانی دانیشتووانیان باشتر بکەن و ئاسایش و ئاشتی بپارێزن، ئەوە ڕێگای دروستی مانەوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵییە.

**پارتی وەک هێزێکی هەڵبژێردراوی سەرەکی پێکهێنەری ئیدارەی کوردستان لەمەودوا بەگرتنەبەری پاڵپشتی زیاتر بۆ موئەسەساتی پێوەندیدار رووبەرووی دیاردەی گەندەڵی دەبێتەوە**

**بەڕێزان ..** بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەگشتی بەرەو پێشچووە، کاتی ئەوە هاتووە پارت و لایەنەکانی گشت پارچەکانی کوردستان کۆببنەوە، تا لە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بکۆڵنەوە، کە لەمەودوا رێبازی سیاسی ئاشتیخوازانە بگرنە بەر لەخەبات، لە هەر وڵاتێك بەپێی هەلومەرجی خۆیان و سوود لەئازادی و کرانەوەی سیاسی و مافی مرۆڤ و ژیانی پەرلەمانی و زانست و تەکنەلۆژیا وەربگرن و خۆیان لەگەڵ رەوتی پێشکەوتوویی دنیا بگونجێنن، دەبێت پارت و لایەنەکانی کوردستان پتر هەوڵ بدەن بەئاشتی و دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ میللەتانی دیکە بژین و بێگومان یەکترقبوڵکردن و ڕێزلێنان لەلایەن هەردوو لاوە واتە لەلایەن کوردو میللەتانی ترەوە مەرجی بنەڕەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، لەبارەی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهانیش ئێمە لەهەرێمدا ئاواتەخوازین رۆژ لەدوای رۆژ پێوەندییەکانمان لەگەڵ گشت



**پاڵپشتی خۆمان بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی و کاراتر بوونی رۆڵی داواکاری گشتی دووبارە دەکەینەوە، دەبێت یاسا سەروەر بێت و کەس لەسەرووی یاسا نەبێت**

**بە هیچ شێوەیەک دابڕان لەنێوان جەماوەرو بنکە حزبییەکان قبوڵ ناکرێت و بەرپرسانی حزبی دەبێت نزیکترین کەس بن لەخەم و کێشەی خەڵکی هەژارەوە**

**دابینکردنی ژیانێکی شایستە دەبێت بەرنامەیەک بێت کە هەموو خانەوادەی شەهیدان بەبێ جیاوازی بگرێتەوە**

**کورد یەکپارچەیە بەزمان و کەلتوورو ئاوات؛ جیاوازی ئایینی و مەزهەبی نەتەوەیەک پارچەپارچە ناکات، کورد یەک نەتەوەیەو بەیەک نەتەوە دەمێنێتەوە**

لایەك باشترو باشـــتر ببێت، لەو بڕوایەشداین کە ڕێزگرتنی دوولایەنەوە گرتنەبەری ڕێگاچارەی ئاشتییانەو گفتوگۆو یەکترقبوڵکردن کلیلی چارەسەری گشت کێشەکانی ناوچەکەیە.

بۆهەموو لایەك سەلمێنراوە کە زمانی چەك و توندوتیژی هیچ بەرهەمێکی بێجگە لەمەینەتی بۆ گەلانی ناوچەکە لێنەکەوتۆتەوە، گەر ئێمە پەنامان بۆ چەکیش بردبێت تەنیا بۆ بەرگری لەماف و کەرامەتی گەلەکەمان بووە. بەرگریکردن مافێکی هەمیشەیی گەلان بووەو دەبێت.

بـــەم بۆنەیەوە ڕێز دەنێین لەدادگای باڵای تاوانەکان، کە تاوانی ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاویی و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانی بەجینۆساید ناولێناوە.

دەبێت هەوڵبدەین بەجینۆسایدناســاندنی ئــەو تاوانانە دەرهەقی کورد لەسەرانســەری جیهاندا بچەســپێت، لەو بڕوایەداین کێشـــەی کورد لەدەڤەرەکەدا بەگرتنەبەری ڕێگاچارەی ئاشـــتییانەو پەرەســـەندنی دیموکراسییەت چارەسەر دەکرێت و، لەسەر ئەم بنەمایەش ئامادەین هاوکاری هەموو لایەك بکەین، بەڵام لەم بۆنەیەشـــدا دووبارەی دەکەینەوە لە ژێر هیچ مەرج و گوشـــارێکدا ڕێگا نادەین جارێکی تر شەڕی کوردو کورد لەدەڤەرەکەدا ڕوو بداتەوە.

ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی خۆکوژی هەیە، لەکاتێکدا ڕێگا بەدووبارەبوونەوەی نادەین، لەهەمان کاتیشـــدا گشـــت تواناکانمان دەخەینەگەڕ بۆ ســـڕینەوەی ئاسەواری ئەو شەڕە نەخواستەیە، هەر لەم بۆنەیەشدا جارێکی دیکەش داوای لێبوردن لە کەسوکاری قوربانییان و زیان لێکەوتووانی ئەو شـــەڕە پڕ ئێش و ئازارە دەکەین و بەهاوکاری هەموو لایەك هەوڵی ساڕێژکردنی برین و ئێش و ئازارەکانیان دەدەین، ســـەربەرزم و شـــانازی دەکەم کە ئەمڕۆ شـــەڕی براکوژیمان بنبڕکردووەو، ئیدی نابێت ئەو دیاردەیە لەناو کورددا دووبارە ببێتەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو غەدرو تەعدایانە بکەین کە ماوەیەکە لەلایەن تیرۆریستان و دوژمنانی گەلانی عێراقەوە لەبرا مەسیحییەکانمان لەبەغداو موسڵ دەکرێن، ئێمە لەکاتێکدا کە ئەم کردارانە بەتونـــدی ئیدانە دەکەین دڵگرانین کە برا مەســـیحییەکانمان لەناوخۆی عێراقدا ئاوارە ببن، چی جای ببێتە ئەوەی عێراق بەجێبهێڵن..

کوردســـتان وڵاتـــی خۆیانەو گشـــت هەوڵەکانمان دەخەینـــە کار بۆ داڵدەدانیـــان، بەڵام دەبێت دامودەزگاکانـــی ســـەربازی و ئەمنی عێراق کاراتر بەئەرکەکانیان هەڵســـن و ســـەرچاوەی ئەو هەڕەشـــانە بنەبڕ بکەن. ڕێگای پێویســـت بۆ پاراستنی گشـــت هاووڵاتیان بگرنەبەرو و تا ئەو کاتەی ئەو کەشـــەش لەسەرانسەری عێراق دەخولقێت، ئێمە لە کوردستان ئامادەی پێشوازیکردنین لەم ئازیزانە، بەجێهێشـــتنی عێراق و چوون بۆ هەندەران بەچارەســـەر نازانین، چونکە مەبەســـتی تیرۆرســـتانیش هەر ئەوەیە کە ئـــەم پێکهاتە دێرینەی عێراق پەرتەوازە بکەن، کوردســـتان خانەو



پەناگــەی ئارامی هەموو پێکهاتەکانی عێراقە، بــەڵام ئاواتەخوازین هەرچی زووترە بەهاوکاری هەموو لایەك ئاســایش و ئارامی بۆ سەرانســەری عێراق بگەڕێتەوە، گشت گەلانی عێراق لەو مەینەتیانە رزگاریان ببێت.

**بەڕێزان ..** کە باس لەڕەوشــی ئارامی هەرێم دەکرێت، نابێــت ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم وەبیرنەهێنرێتەوە، ئەو دەزگایانەی بە شــەونخوونی و قوربانیدان و فیداکارییەوە رووبەڕووی پیلانە بەردەوامەکانی تیرۆرســتان دەبنەوە و، لەم ناوچەیە پڕ لەکێشــەیە هەرێمی کوردستانیان کردۆتە دورگەیەکی ئارام.

دەستخۆشی و سوپاسمان ئاڕاستەی تێکڕای ئەو کەسانە دەکەین کە لەو دامودەزگایانەدا خزمەت دەکەن و ئومێد دەخوازین کە بەیەکخســتن و پێشخســتن و بەهێزکردنی ئــەم دەزگایانە کارامەتر لەجاران لەم ئەرکە پیرۆزەیاندا بەردەوام و سەرکەوتووتر بن و سوپاسی بێ پایانم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، کە بەڕاستی پاڵپشت بوون بۆ ئەم دەزگایانە.

**بەڕێزان ..** جێگای خۆیەتی لەم بۆنەیەدا یادێك لەشەهیدە سەرکردەکانمان بکەینەوە، تا کۆنگرەی ١٢ یەمین ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردایەتی پارتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی گیانیان لەپێناو گەل و وڵات بەخت کردون، لەدوای کۆنگرەی دوازدەش پۆلێك ســەرکردەی لێهاتووی پارتی بەدەستی رەشــی تیرۆر شەهید کران؛ شــەهیدان (سامی عەبدولرەحمان و، فرانســۆ هەریری و، شەوکەت شــێخ یەزدین و مامۆستا سەعد عەبدوڵڵاو گشت شــەهیدانی یەکی شوبات و تیرۆرو تەقینەوە لەهەموو ناوچەکانی تری عێراق زۆرێك لەبەرپرســە باڵاکانی پارتی بەخوێنی خۆیان سەلماندیان کە ســەرکردایەتی پارتی لە خەبات و قوربانیدان لە ســەنگەری پێشەوە بووەو دەبێت، چونکە ئەو شــەهیدانە بەرلەوەی هەر پۆســتێکیان هەبووبێت، خۆیان بەپێشمەرگە زانیوە، وە هەردەم ئامادەی گیان بەختکردن لەپێناو گەل و وڵات بوون، لەم بۆنەیەدا یادیان دەکەینەوە و سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین.

**بەڕێزان ..** پەنا بەخواو پشــت ئەســتوور بەهێزو و ئیرادەی گەلەکەمان، بەرچاومان بۆ ئێســتاو ئایندەمان ڕوونەو، ئەو پرۆگرامەی کە پارتی لەم کۆنگەرەیەدا دەیخاتە گەڕ و دەیکاتە کارنامەی خەباتی خۆی و لەخزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵاتمانە ؛ بۆیەشە دروشمی کۆنگرەمان (نوێبوونەوەو دادپەروەری و پێکەوەژیانە).

**لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی و بەختەوەریدا**
**جارێکی تر سوپاس و هەرسەرکەوتوو بن**

**چۆن ڕێز لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەگیرێت، مەسیحی و ئیزیدی و ئایین و ئایینزاکانی تریش جێگای ڕێزن، هەموومان پێکەوە تابلۆی جوانی کوردستان پێک دەهێنین**

**تەبایی و یەکریزی گەلەکەمان زامنی سەرکەوتنمانە، بۆیەشە پەرەپێدانی ئەو تەباییە ئەرکی هەنووکەیی و داهاتووی پارتیمان دەبێت**

**پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی عێراق بە دانیشتن و گفتوگۆو لێکتێگەیشتن دەتوانن بەسەر جیاوازیەکاندا زاڵ بن**

**چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لەعێراقدا زامنی دیموکراتی و مافی کوردو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەیە**

**پەنا بەخواو پشت ئەستوور بەهێزو و ئیرادەی گەلەکەمان، بەرچاومان بۆ ئێستاو ئایندەمان ڕوونەو بۆیەشە دروشمی کۆنگرەمان ( نوێبوونەوەو دادپەروەری و پێکەوەژیانە )**

# نوێبوونەوە، دادپەروەری، حزبی سیاسیی وەک پێویستیەک





# پێکەوەژیان بۆ بونیادی دیموکراتی

((وەک ماکس ڤێبەر ئاماژەی پێکردووە، حزبی سیاسیی وەک (منداڵی دیموکراتی وایە)، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەپێناوی هاریکاری دیموکراتی بۆ سیستمە دیموکراتیە تازەکان، منداڵێکی نازدارتری بەرهەمهێنا، ئەویش کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، کە ئێستا وەک سەرچاوەی دیموکراتی پێناسە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم بانگێشە مەزندەکراوە بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک (سەرچاوەی دیموکراتی) جۆرێک لە زیدەگۆیی تێدا کراوە و بۆتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر حسابی لاوازی حزبە سیاسییەکان و کەمبوونەوەی متمانەیان، پشتگیری پەرەپێدان و فراوانکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، ئەم پشتگیری کردنە لەگەڵ ئەوەی باش و پێویستە، بەڵام جۆرە مەترسیەکیشە، لەبەر ئەوەی کاتێک پشتگیری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، وەک لایەنێکی دواکار لە هاوکێشە سیاسییەکەدا، بەبێ پێشکەشکردنی هیچ هاوکارییەک بۆ ئەو حزبە سیاسییانەی کە بەرژەوەندی خودی ئەو توێژ و گروپانە رێکدەخات، ئەوا سەرەنجام هاوسەنگییە سیاسییەکە تێکدەچێت و پشتگوێ خستنی حزبەکان دەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی بنەما پراکتیکیەکانی دیموکراتی، هەر بۆیە بەبێ حزبی سیاسی و دامەزراوەی سیاسیی بەهێز، کە دەتوانن بەرپرسیار و کاریگەربن، بۆ ئەوەی بەشێوەی کۆمپرۆمایز و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەوا دەرگا بۆ دەرکەوتنی ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانە والا دەبێت کە ئامانجیان ئەوەیە دامەزراوەکانی حکومەت و پرۆسەی چێک و بالانس و سەروەریی یاسا پشتگوێ بخەن)).

ئیڤان دوهرتی (بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی حزبی سیاسیی لە ئامۆژگای (NDI))

گوڵان
ژمارە (٨٠٩)
٢٠١٠/١٢/١٣



**حزبی سیاسیی وەک (منداڵی دیموکراتی وایە)، بەڵام هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەپێناوی هاریکاری دیموکراتی بۆ سیستمە دیموکراتیە تازەکان، منداڵێکی نازدارتری بەرهەم هێنا، ئەویش کۆمەڵگەی مەدەنی بوو**

**بەبێ حزبی سیاسی و دامەزراوەی سیاسیی بەهێز دەرگا بۆ دەرکەوتنی ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانە والآ دەبێت، کە ئامانجیان ئەوەیە دامەزراوەکانی حکومەت و پرۆسەی چێک و بلانس و سەروەریی یاسا پشتگوێ بخەن**

حزبە سیاسییەکان و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی دوو جمکن لێکجیاناکرێنەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام حزبی سیاسیی و پرۆسەی دیموکراتی وەك دوو هێڵی تەریب هاوشانی یەکتری ناڕۆن، زۆر جار پرۆسەی دیموکراتی حزبە سیاسییەکان ئاڵوێر پێدەکات و زۆرجاری دیکەش حزبە سیاسییەکان بۆ مانەوەیان یان وەرگرتنی دەسەڵات، پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراتی رەفتار دەکەن، بۆیە لێرەوە دەکرێت حزبە سیاسییەکان و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی ئەو دوو جمکەن هەمووکات یەکتریان خۆش ناوێت و نە هەموو کات، ئاکامی دیموکراتی بەدڵی حزبە سیاسییەکان دەشکێتەوە، نەهەموو کاتێکیش، حزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بنەماکانی دیموکراتی رەفتار دەکەن، ئەوجا لێرەوە ئەگەر پرسیارێکی دیکە بوروژێنین و بپرسین: ئەم دوو جمکە دژە چۆن لە بازنەیەکدا کۆدەکرێنەوە؟ ئایا بەبێ حزبی سیاسیی دیموکراتی بونیاد نانرێت؟ یان راشکاوانەتر ئایا دیموکراتی بەبێ حزبی سیاسیی بەردەوامی دەبێت؟ ئامۆژگانی دیموکراتی نیشتمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (NDI)، لە دیراسەتێکدا بەناونیشانی حزبە سیاسییەکان و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی (Political Parties and the Transition to Democracy) بەمجۆرە باس لە پێوەندی نێوان حزبی سیاسیی و دیموکراتی دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئەم راپۆرتە وروژاندوویەتی: (لەگەڵ ئەوەی حزبە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسالآنی یەکەمی ژیانی کۆماری ئەمریکادا و تائێستاش کە دەکاتە ماوەی زیاتر لەدوو سەدە، رۆڵێکی سەرەکی و گرنگیان لە بونیادی دیموکراتی گێڕاوە و تەمەنی سیستمی دیموکراتی ئەمریکا لە تەمەنی سیستمە دیموکراتییەکانی دیکەی جیهان درێژترە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری ئەمریکادا باسی حزبی سیاسیی نەکراوە و باوکانی دامەزرێنەر، مەزندەیان نەکردووە حزبی سیاسیی بوونی هەبێت، بەڵام حزبە سیاسییەکان هەر زوو لەسالآنی سەرەتای کۆماری ئەمریکا وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پێداویستیە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەرکەوتن، ئەمەش وەك هاریکارێك بۆ رێکخستنی ئەولەویاتی ئەنجومەنی یاسادانان(کۆنگرێس) دیاریکردنی کاندیدە بەدیلەکان و سیاسەتی بەدیل بۆ حکومڕانی و خستنەڕووی فیکرەی لێپرسینەوەی زۆرینە لەلایەن کۆنگرێسەوە، هەر ئەم پێداویستیە دینامکیانەش لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بووە هۆکاری ئەوەی لە سیستمی پەرلەمانی بەریتانیاشدا حزبە سیاسییەکان دەربکەون)).
سەبارەت بەم پێداویستیانەی کۆمەڵگە بۆ دەرکەوتنی حزبی سیاسیی دیراسەتەکەی (NDI) ئاماژە بە وتەیەکی دیڤید برۆدەری



## شێخ خالید عەتیە بۆ گوڵان:

# چاوەڕێی ئەوە دەکەین بڕیارەکانی کۆنگرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری بەرهەمدار بێت بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بەخێر بشکێتەوە

ستوونووسی واشنتۆن پۆست دەکات کە سەبارەت بەم پێداویستیە وتوویەتی: ((ئەو پێداویستیانەی کۆمەڵگە، پێویستیان بەدامەزراوەیەکە، ئەرکی پۆلێنکردنی داواکارییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان و گروپەکان و بەرژەوەندییەکان و ناوچەکان پۆلێن بکات و گرنگی هەریەکەیان بەپێی ئیمکان دیاری بکات و رێکیان بخات، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەسەر وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان ململانێ بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوە سیاسیە(حزب) ببێتە ئامرازی پێوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات، هەر بۆیە کاتێك حزب بە رێکوپێکی ئەرکەکانی خۆی ئەدا دەکات، رۆڵی حزب دەبێتە رێگاپیشاندەر و یەکگرتوویی هاووڵاتیان)، بێگومان ئەوەی برۆدەر لەم وتەیەی ئاماژەی پێکردووە، بەوەی حزبی سیاسیی دەبێتە رێگە پیشاندەر و یەکگرتوویی نێوان هاووڵاتیان، تەواو تەواو پێچەوانەی بۆچوونی ئەو سەرکردانەی ئەمریکایە، کە ئەمریکییەکان بە باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا ناویان دەبەن، لەبەر ئەوەی باوکانی دامەزرێنەر وایان مەزندە کردووە کە حزبی سیاسیی دەبێتە هۆکاری پارچە پارچەکردنی گەلی ئەمریکا و پاشانیش دەبێتە هۆکارێك بۆ مەترسی لەسەر سەربەخۆیی ئەمریکا، هەربۆیەش بەهیچ جۆرێك لە دەستووری ئەمریکا ئاماژە بە ناوی حزبی سیاسی نەکراوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن حزبە سیاسییەکان دەبنە هۆکارێك بۆ رێکخستن و یەکگرتوویی کۆمەڵگە؟ ئالان تۆرین لە کتێبی (دیموکراتی چییە؟ What is Democracy?) و لە چاپتەری رۆشنبیری دیموکراتی، وەڵامی ئەم پرسیارە بەوجۆرە دەداتەوە: (ئازادی لای نەوەی تازە دووبارە داڕشتنەوەی چەمکی ئازادی نەوەکانی پێشخۆیەتی، نەوە تازەکانیش پارێزگاری بە چەمکی یەکەمەوە دەکەن کە سەروەریی بۆ گەلە، بەڵام هەوڵی نەوەی تازەکان بۆ ئەوەیە ئەو فیکرانەی نەوەی کۆن بەرامبەر گەل و نەتەوەو کۆمەڵگە هەیان بووە، جارێکی دیکە بەشێوازێکی تازە پێناسە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی چەمکی کۆن بۆ پێناسەی (گەل و نەتەوەو کۆمەڵگە) جۆرێکی تازەی لە حکومڕانی رەها بەرهەم هێنابوو، هەروەها کۆمەڵگەیەکی گوێرایەڵ و ملکەچی بەرهەمهێناوە نەك کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ئەمەش ئەو راستیەیە کە نابێت نەوەی نوێ قبوڵی بکات)). سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی کۆمەڵگەی ئازاد و پێناسەکردنەوەی گەل و نەتەوە و کۆمەڵگاش، تۆرین لە پەرەگرافێکی دیکە نووسیوویەتی (لەمێژە بەوە راهاتووین کە دەڵێت دیموکراتی پێویستە، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت باز بەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بنرێت و فەرامۆشبکرێن، هەروەها ئەگەر بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە لەتوانایدا هەبوایە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوەو ئیدارەیەکی ئەقڵانی دابەشکردنی کار و بەرژەوەندییەکان بکات، ئەوا لەباری واقیعدا بوونی دیموکراتی پێویست نەبوو، کەواتە دیموکراتی هۆکارێکی سیاسییە، بۆ پاراستنی هەمەڕەنگی کۆمەڵگە و

بۆچوونی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەکان بۆ ئەوەی تاك و گروپەکانی کۆمەڵگە زیاتر لەیەکتری جیاوازبن و زیاتر جیاواز بیربکەنەوە و بۆ ئەوەشی پێکەوە بتوانن لە کۆمەڵگەیەك بژین، دەبێت هەموویان وەك یەك یەکە کاربکەن)، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی هەڵوەستە و پێویست دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، ئایا چۆن بیروبۆچوونە جیاوازەکان و کەسە جیاوازەکانی نێو یەك کۆمەڵگە دەتوانن وەك یەك یەکە پێکەوە لەکۆمەڵگە کاربکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەکرێت ئاماژە بە وتەیەکی یۆرگن هابرماس بکەین کە ئاماژە بەوە دەکات (پێویستە توانایەکی ئەوتۆمان هەبێت کە سەرچاوە و هۆکاری کێشەی نێوان کەسەکان بەشێوەیەکی ئەقڵانی دیاری بکەین، پاشان دان بەبۆچوونی بەرامبەردا بنێین، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پیشاندانی رەسانەیەتی بۆچوونی تایبەتی ئەو کەسە خۆی و رێگە خۆش دەکات بۆ دیالۆگ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر بەرامبەر رەتبکاتەوە، سەر دەکێشێت بۆ دوژمنایەتی)، ئەم لایەنەی هابرماس ئاماژەی پێکردووە، پاراستنی پێکەوە ژیانی پێکهاتە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگەیە کە هەریەکەیان رێز لەئەسالەتی بیروبۆچوون و باوەڕی بەرامبەر دەگرێت و لەناو کۆمەڵگە دیالۆگ و کۆکپرۆمایز بۆ رێکخستنی جیاوازییەکان و چارەسەری کێشەکان دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر سەبارەت بۆ چۆنیەتی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە و هاریکاری نێوان گروپ و پێکهاتە و بیروبۆچوونە جیاوازەکان بپرسین: ئایا چۆن لە سایەی سیستمێکی دیموکراتیدا، هاریکاری و پێکەوە کارکردن لەنێوان پێکهاتە جیاواز و بیروبۆچوونە جیاوازەکان دروست دەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پەنا دەبەینە بەر بۆچوونەکانی بیرمەندی ناسراوی ئەمریکی جۆن راولز(١٩٢١-٢٠٠١)، کە خاوەنی (تیۆری دادپەروەری) و (فیکری لیبرالی-یە لەسەدەی بیستەمدا)، کە ئەویش هەمان پرسیار دەکات، ئایا چۆن دەتوانین هاریکاری بەردەوام لەناو کۆمەڵگەیەکی عادلدا رێکبخەین؟ راولز کە تیۆری دادپەروەرییەکەی لەسەر بنەمای (دادپەروەریی دابەشکردن)ی ئەرستۆ و بەکارهێنانی (گشتی ئەقڵ) لای کانت و (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) رۆسۆ دارشتووە، راولز، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و زەمینەی هاریکاری عادیلانە لەنێو کۆمەڵگە، جارێکی دیکە پێناسەی گرێبەستەکەی رۆسۆ دەکاتەوەوە بەوەی ئەو گرێبەستەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی سرووشتیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسیی، پەردەیەکی نەزانی گرێبەستەکەی شاردۆتەوەو پێویستە هەڵبماڵرێت و تاکەکان کە ئەو گرێبەستە لەنێوان خۆیان ئیمزا دەکەن، پێویستە بزانن



ئیمێلی بیلۆ بۆ گوڵان:

# پێویستە پارتەکان پشتگیری دامەزراوە سیاسییە دیموکراسیەکان بکەن کە بایەخێکی زۆریان بۆ وڵات هەیە

لە پێناوی چیدا ئەم گرێبەستەیان گرێداوە، لەمبارەوە راوڵز لە تیۆری دادپەروەریدا دەڵێت: (تاکەکان لەپێناوی ئەوە کۆدەبنەوەو گرێبەست لەنێو خۆیاندا ئیمزا دەبەستن، بۆ ئەوەی بگەنە بنەماکانی دادپەروەری و چالاکیەکانی داهاتووی خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام لەهەمانکاتدا هیچ شتێك لەبارەی خۆیانەوە نازانن، راستە ناو و تەمەن و رەگەز و ئەو سەردەمە دەزانێت کە تیایدا دەژی، بەڵام نازانێت توانای بەدەنی و ئەقڵی چەندە هەتا لە هەلە رەخساوە یەکسانەکاندا بەکاری بهێنێت، دەزانێت ئامانجی هەیە، بەڵام بەدیاریکراوی نازانێت ئامانجەکەی چییە؟ هەر بۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ناو و بیروباوەڕ و رەنگ و ئایین بزانێت مرۆڤە، دەبێت ئەو پەردەی نەزانینە بدڕێنرێت و دانوستانەکان بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە ژینگەیەکی بێ لایەندا بەڕێوەبچێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە، لایەنێکی نێو دانوستانەکە، بەوجۆرە پێناسەی دادپەروەری نەکات کە لەگەڵ بارودۆخی خۆیدا بگونجێت و پاشان هەوڵبدات کۆدەنگی تاکەکانی لەسەر بدرێت، لەم حاڵەتەدا هەموو ئەوانەی لەناو گرێبەستە کۆمەڵاتیەکە بەشدارن، لەو دیوی پەردەی نەزانیەوە کۆدەنگی لەسەر دادپەروەری دروست دەکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەمجۆرە کۆمەڵگەیەکی عادل بونیاد دەنرێت؟ راولز لەسەر ئەمە پێدادەگرێت و دەڵێت: دووبارە دانانەوەی مەرجە ئیلزامییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نابێتە هۆکاری رەتکردنەوەی ماف و ئازادی تاکەکان، بەڵکو پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکان دەکات. ئەمەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی، هەموو تاکێك لەکۆمەڵگە حەسانەیەکی لەسەر بنەمای دادپەروەری هەبێت، ناکرێت ئەم حەسانەیە بەناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەوە پێشێل بکرێت. بەڵام ئەگەر لێرەدا پرسیارێکی دیکە بوروژێنین و بپرسین ئایا دەتوانین لە کۆمەڵگەیەکدا باسی دادپەروەری بکەین کە بەشێوازی پراگماتی سیاسەت پیادەبکرێت و سیاسەت و ئابووری ئاراستەیەکی لیبرالیانەی هەبێت؟ سەبارەت بەم پرسەش کارل شمیت فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی دەڵێت: (فیکری لیبرالی، زۆر جار سیاسەت و دەوڵەت لەبەرچاو ناگرێت و لەنێو دوو تەوەری جیاوازی دیکە کە (ئاکار و ئابووری)ن هەڵدەسورێت، ئەمەش بەوجۆرەیە لە لایەنی ئابوورییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێ و لە لایەنی ئەقڵیشەوە دەگۆڕێت بۆ دیالۆگ)، هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن چەمکی دیموکراتیمان لەو کۆمەڵگایانەی کە لەدەسپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدان لەم خاڵانەدا بۆ چڕ دەکاتەوە:

١- ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا حزبی سیاسیش نەبێت، ئەوا پێداویستییەکانی بونیادی دیموکراتی دەبێتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتنی حزبی سیاسی و تێڕوانیە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە فرەیی سیاسیی دروست دەکات.

٢- بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵگەیەدا جیاوازییەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە(بیربۆچوون و نەتەوەو ئایین) بتوانن وەك یەکەیەك پێکەوە بژین و

ئازادی لای نەوەی تازە دووبارە دارشتنەوەی چەمکی ئازادی نەوەکانی پێشخۆیەتی، نەوە تازەکانیش پارێزگاری بە چەمکی یەکەمەوە دەکەن کە سەروەریی بۆ گەلە

لەمێژە بەوە راهاتووین کە دەڵێت دیموکراتی پێویستە، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت باز بەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بنرێت و فەرامۆشبکرێن

ئەو گرێبەستەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە پێویستە هەڵبماڵرێت

تاکەکان لەپێناوی ئەوە کۆدەبنەوەو گرێبەست لەنێو خۆیاندا ئیمزا دەبەستن، بۆ ئەوەی بگەنە بنەماکانی دادپەروەری

دووبارە دانانەوەی مەرجە ئیلزامییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی، هەموو تاکێک لەکۆمەڵگە حەسانەیەکی لەسەر بنەمای دادپەروەری هەبێت

فیکری لیبرالی، زۆر جار سیاسەت و دەوڵەت لەبەرچاو ناگرێت، بەوجۆرەیە لە لایەنی ئابوورییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێ و لە لایەنی ئەقڵیشەوە دەگۆڕێت بۆ دیالۆگ

وەك یەکەیەك پێکەوە کاربکەن، ئەوا پێویستە نوێبوونەوە لەچەمکە تەقلیدییەکانی ئازادی بکرێت و سەروەریی بۆ گەل بێت، بەڵام سەرلەنوێ چەمکی گەل و نەتەوە و کۆمەڵگە پێناسە بکرێتەوە و سەرچاوە و هۆکاری جیاوازییەکان دەستنیشان بکرێت و هەر لایەك ڕێز لەجیاوازی و بیروباوەڕی بەرامبەرەکەی بگرێت، ئەوجا بیروبۆچوونی جیاوازی بەرامبەر (سیاسیی، ئایینی، یان نەتەوەیی ) دەبێت دانی پێدا بنرێت و ڕێزی لێبگیرێت، بۆ ئەوەی پێکەوەژیانی برایانە دروست بێت.

٣- لەپێناوی ئەوەی هاریکاری بەردەوام لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیش دروست بێت، دەبێت لەناو کۆمەڵگە دادپەروەری بوونی هەبێت و هەر تاکێك لەسەر بنەمای دادپەروەری خاوەنی حەسانەی هاووڵاتیبوونی خۆی بێت.

ئەم سێ خاڵە پێکەوە(نوێبوونەوە، دادپەروەری و پێکەوە ژیان) دەبنە ڕۆشنبیری دیموکراتی بۆ بونیادی دیموکراتی و پاراستنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە و بونیادی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دروشمی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانن کە ئێستا لەنێو کۆنگرە وتووێژی لەسەر دەکرێت و پەسەند دەکرێت، بۆیە ئەگەر لێرەدا ئاراستەی هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییەکانمان بکەینە ڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بپرسین، ئایا پارتی بەم دروشمەوە دەیەوێت پەیامێك لەم کۆنگرەیەدا، چۆن ئامادەباشی بۆ پێشهاتەکانی داهاتوو وەردەگرێت و دەیەوێت چ ڕۆڵێك بگێڕێت و کۆمەڵگەی کوردستان لە داهاتوو بەرەو کام ئاراستە هەنگاو هەڵبگرێت؟

### پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆنگرەی ١٣

کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناغە مێژووییە ناسکەی کە هەرێمی کوردستان و عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، تەنیا ڕووداوێك نییە پێوەندی بە حزبێکی سیاسی وەك پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەبێت، بەڵکو کۆنگرەی ١٣ی پارتی ڕووداوێکە پێوەندی بە ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستان و داهاتووی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و هەروەها سیاسەتی ئەمریکاش بەرامبەر بەعێراق و کوردستان، پارتی بێجگە لەوەی لە ڕوانگەی ئەو بەرنامەیەی بۆ کۆنگرە ئامادەی کردووە و پشت بەخوا لەکۆنگرە پەسەند دەکرێت، ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان زیادکردووە، لەهەمانکاتدا دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین ئەم کۆنگرەیە ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکی سەرۆك بارزانی دێت کە ئاراستەی




## حاچم ئەلحەسەنی بۆ گوڵان:

# پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێکە لە ستوونەکانی هاوکێشەی سیاسی عێراق و کۆنگرەکەشی کۆنگرەیەکی گرنگ دەبێت

سیاسیی عیراقی ڕێکخستەوە و عێراقی لە مەترسییەکی ڕاستەقینە دوورخستەوە، سەرکەوتنی ئەم دەستپێشخەریەش لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریەکەی پێشکەش کردووە، بەڵام دیسان ئەم دەستپێشخەرییە ئیلتیزامێکی عێراقی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمی دەخاتە سەرشانی پارتی، لەمبارەوە د.ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە و کاندیدکراو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسەتی ستراتیژی لەحکومەتی داهاتووی عێراقدا، لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا کە لەم ژمارەیەدا بڵاودەکرێتەوە بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر کۆنگرەی پارتی دەردەبڕێت و دەڵێت: (کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی کۆنگرەیەکی گرنگ و جومگە بەندییە، دەمێکە کۆنگرەی گرنگی لەمجۆرە گرێنەدراوە، لەلایەکی بە خوێندنەوەمان بۆ حیکمەتی سەرۆك بارزانی و حیکمەتی سەرکردایەتی پارتی و ئەو ئامادەباشیە باشەی بۆ ئەم کۆنگرەیە ڕێکخراوە، دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کۆنگرەیەکی زۆر گرنگ و نایاب دەبێت، چۆن دەستپێشخەریەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی عێراق ڕزگار بکات، بەهەمان شێوە چاوەڕوان دەکرێت ئەم کۆنگرەیە بەکۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەوە بێتەدەرەوە، کە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە ببنە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەقامگیری عێراق و یەکڕیزی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان)، بەڕێز عەللاوی کە لە دیمانە تایبەتەکەی گوڵاندا بەچەند ڕستەیەك بۆچوونی خۆی بەرامبەر کۆنگرەی پارتی خستۆتە ڕوو، بەڵام کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی پێکەوە گرێداوەتەوە کە لەم کۆنگرەیە بڕیاری لەسەر دەدرێت و ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کۆنگرەش کاریگەری لەسەر عێراق و کوردستان دەبێت، ئەم ڕاستیانەیە پێمان دەڵێن دوای کۆنگرە، پارتی ئەرك و ئیلتیزاماتی لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتی زیاتر دەبێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتە شێخ خالد عەتیە بەمجۆرە ڕای خۆی بەرامبەر کۆنگرەی پارتی دەربڕی و وتی: (بێگومان دیارترین سیما کە ڕەنگدانەوەی تەواجودی کوردە لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا، بریتییە لە سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕێگەیدا هێزە سیاسییەکان توانییان لەسەر پرەنسیپ و هەنگاوەکانی قۆناغی داهاتوو ڕێك بکەون، لەگەڵ گەیشتن بە چەند ڕێککەوتنێکی دیاریکراو سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی. بەڕاستی ئەم دەستپێشخەرییە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرخستنی هەوڵەکان و پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت. هەڵبەتە ئەمە تەنیا یەك نموونەیە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەتوانایدا هەیە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق بیگێڕن و هاوکات مایەی بەخشینی ئەو هەستەیە کە عێراق بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە یەك گەلە و هەموویان پێکەوە شان بە شان

هاوکار و یاریدەدەر و پاڵپشتی پرۆسەی سیاسین لەسەر بنەماکانی دیموکراسییەت. لەهەمان کاتیشدا ئەم ڕاستیانە ئەو هزرەمان پێ دەبەخشێت کە عێراق بەردەوام دەبێت لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکان لەگەڵ چەسپاندنی سەقامگیری و پەرەپێدان. بەڵام ئومێدی ئێمە ئەوەیە هەروەك چۆن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕۆڵێکی پۆزەتیف و گرنگی گێڕا، هیوادارم پاش پێکهێنانی حکومەتیش هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و بەردەوام بێت لەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەموو کات چاوەڕێی لێدەکەین، ئەوجا لەم ڕاستەوە ئەگەر باسی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم کۆنگرەیە دەخوازین و هەروەها هیوادارم ببێتە فاکتەرێکی پۆزەتیف لە پتەوکردنی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق، یەکریزی نێو ماڵی هێزە سیاسییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کە هەموویان باوەڕیان بە سیستەمی دیموکراسی هەیە. هیوادارم ئەو بڕیارانەی کە لەم کۆنگرەیەدا دەردەچێت هاوکاربێت بۆ پاڵنان بە پرۆسەی سیاسی عێراقەوە بەرەوپێشەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییە کوردییەکانی دیکە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بگێڕن. پەنا بەخوا چاوەڕێی ئەوە دەکەین بڕیارەکانی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری بەرهەمداری ئەوتۆ بێت کە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بەخێر بشکێتەوە)).

شێخ خالید عەتیە کە تا کۆتایی خولی دووەمی پەرلەمان جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووە و ئێستاش یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراق(ئیئتلافی شیعە)یە و ئەندامی پەرلەمانە لەسەر هەمان لیست، یەکێکە لەسەرکردە سیاسییە دیارەکانی عێراق و بە تێڕوانینێکی فراوانەوە سەیری کۆنگرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و گرێدەداتەوە بە سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی-یەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا چاوەڕێی ئەوە لە کۆنگرەکەی پارتی دەکات، کە بڕیارەکانی جیا لەهەرێمی کوردستان، کاریگەری لەسەر عێراق و ناوچەکەش هەبێت،. هەر سەبارەت بەگرنگی ئەم کۆنگرەیە بەڕێز حاجم ئەلحسەنی ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا و سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی عێراق لە لێداوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (گرێدانی کۆنگرەی حزبی نیشانەیەکی دروستە لەپێناو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حزب لە ماوەکانی ڕابردوو، لەگەڵ پلاندانان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو. هیوای سەرکەوتن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازین لەم کۆنگرەیەیدا و بۆ داهاتووی، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بارودۆخی ئەمڕۆمان یەکێکە



تۆنی هیڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر چاندنی لێبوردەیی ئامانجی پارتێکی سیاسی بوو، پێویستە ئەو پارتە سیاسییە زنجیرەیەک بەرنامەی بەهێز دابڕێژێت

لە ستوونەکانی هاوکێشەی سیاسیی عێراق و پەنا بەخودا بۆ داهاتووش ئەم گرنگییەی دەبێت. بۆیە ئەم کۆنگرەیە گرنگە)).

بەڕێز کازم ئەلشەمەریش لە لیستی ئەلعراقیە بەمجۆرە سەبارەت بە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم ڕاپۆرتە هاتە ئاخافتن: (هەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣یەوە تاکو ئەمڕۆ، کورد ڕۆڵی هەوێنی پرۆسە سیاسییەکە»صمام الامان»یان گێڕاوە لە پرۆسەی هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا. هەرکاتێك عێراق کەوتبێتە نێو قەیرانێکی سیاسیی ئەوا کورد ڕۆڵی خۆی بەگرنگی گێڕاوە و ڕێگەی لە قەیرانەکە گرتووە و عێراقی لەمەترسی ڕزگارکردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك «مسعود بارزانی» ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە گۆڕەپانی سیاسی و پرۆسەی سیاسی عێراقدا. هەربۆیە پێشبینی لەو کۆنگرەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت کە جەخت لەسەر یەکپارچەیی و فیدراڵییەتی عێراق بکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەستوور گرەنتییەکە بۆ هەموو قەوارە سیاسییەکان و عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و هەموو پێکهاتە جیاوازەکان مافیان هەیە لەسەر خاکەکەی بەسەربەرزی بژین و بەپێی یاسا کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن)).

بێگومان وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی لایەنە جیاوازەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە لایەنی سەرەکین لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ڕۆڵی پارتی لە بونیادی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی کە پێکهاتە سەرەکییەکانی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندا پێکەوە بژین.

## پارتی وەک پێویستیەک بۆ بونیادی دیموکراتی لە کوردستاندا

سەرۆك بارزانی لە وتاری کۆنگرەدا ئاماژەی بەوەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك زەروورەتێکی مێژوویی بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی گەلی کوردستان لەسەربنەمای لێبوردەیی و دادپەروەری دامەزراوە، ئەگەر دوێنێ پارتی وەك زەرورەتێك لەسەر بنەمای لێبوردەیی و دادپەروەری خەباتێکی شۆڕشگێڕی دەست پێکردبێت بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوا ئەمڕۆش لەسەر بنەمای لێبوردەیی و دادپەروەری دیسان پارتی زەرورەتێکە بۆ بونیادی دیموکراتی و ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵام پارتی هەستی بەو ڕاستییە کردووە کە وەرچەرخان و هەنگاو هەڵگرتن لە قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ خەباتێکی مەدەنیانە بۆ بونیادی دیموکراتی پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، هەربۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوە پارتی درێژە بەهەمان ئەو چەمکانە دەدات کە بەدرێژایی مێژووی خۆی خەباتی لە پێناودا کردووە، نوێبوونەوەشی بۆ زیاد کردووە بۆ ئەوەی بەدیدیکی نوێوە خۆی بۆ ئەم قۆناغە ئامادە بکات، بێگومان لە قۆناغی نوێشدا پارتی ئەرکی ئەو پارتەی دەکەوێتە سەرشان کە لە پرۆسەی بونیادی

کۆنگرەی ١٣ی پارتی ڕووداوێکە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق

ئەم کۆنگرەیە ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکی سەرۆک بارزانی دێت کە عێراقی لە مەترسییەکی ڕاستەقینە دوورخستەوە

دیارترین سیما کە ڕەنگدانەوەی تەواجودی کوردە لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا

چۆن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕۆڵێکی پۆزەتیف و گرنگی گێڕا، هیوادارم پاش پێکهێنانی حکومەتیش هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت

دیموکراتی و چەسپاندنی دادپەروەری رۆڵێکی دیار و بەرچاوی دەبێت، لەم چوارچێوەیەدا لەم راپۆرتە هەوڵمانداوە ئەو پرسیارە بوروژێنین ئایا رۆڵی حزبی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا چین کە لە دەسپێکی بونیادی دیموکراتیدان؟

پرۆفیسۆر کریستۆفەر زۆرن ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی پەنسلفانیا و تایبەتمەند لە پرسەکانی سیسۆلۆژی و یاسا و عەدالەت لەکۆمەڵگە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و لە راستیدا دەتوانرێت لە چەند روویەکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە تاوتوێ بکرێت، لێرەدا دەتوانم بڵێم رۆڵی سەرەکی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە هەڵدەستن بە رێکخستنی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی جەماعی، ئەویش لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیاندا، بە دەربڕینێکی دیکە رێکخستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەپێناو هێنانەدی ئەم ئامانجەشدا پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن، رۆڵێك کە مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەویش بریتییە لە رۆڵی نوێنەرایەتیکردن. واتە پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە رێکخستنی بەرژەوەندییەکان و نوێنەرایەتیکردنی ئەو بەرژەوەندیانە. ئەمەش دەرئەنجامێکی تەواو سرووشتیە کە بەشێوەیەکی گشتی پارتەکان رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەبن. بەڵام گرنگە خودی حزبە سیاسییەکان لەناوخۆی خۆیدا دیموکراتی بێت، پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی ناو خودی حزبە سیاسییەکانیش زیاتر مایەی تەحەددیە، ئێمە دەزانین زۆربەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان تەرکیز لەسەر پتەوکردنی دیموکراتی دەکەنەوە لەنێو حکومەتەکاندا، بە چەشنێك نەیانتوانیوە بایەخ بە مەسەلەی دیموکراتی بوونی پارتە سیاسییەکان بدەن. کەواتە لێرەدا ئەو ئەرکەمان دەکەوێتە ئەستۆ سەرنج بۆ ئەو راستیە رابکێشین کە دەبێت سەرەتا ئەو لایەن و رێکخراوانە بە دیموکراتی بکرێن کە دەبنە ئامرازی جێبەجێکردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن. لە لایەکی دیکەوە کاتێك کۆمەڵگەیەك لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕوات و لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندایە، ئەوا رەنگە پێویست بەوە بکات هەردوو پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لەسەر ئاستی وڵاتەکە و پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی حزبە سیاسییەکان شان بە شانی یەکتر بڕۆن و رەنگە نەتوانین بڵێین دەبێت سەرەتا یەکێك لەو پرۆسانە جێبەجێبکرێت و دواتر گرنگی بە پرۆسەکەی دیکە بدرێت. هەربۆیە گرنگترین کارێك کە پارتە سیاسییەکان پێی هەڵبستن، بریتیە لە درێژەپێدانی پابەندبوونیان بە ئایدیا دیموکراتیەکانەوە. واتە ئەمە پرسێکە پەیوەستە بە پرسی میسداقیەتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو پارتە سیاسیانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن باوەڕیان بە دیموکراتی هەیە و لەدوای گرتنەدەستی



سکۆت دیسپۆتۆ بۆ گوڵان:

# پارتە سیاسییەکان دەتوانن رکابەری یەکتربن و ململانێ لەگەڵ یەکدا بکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت هاوبەش بن لە بنیادنانی دیموکراسیەتی نوێدا

دەسەڵات پشت لەم بانگەشەیە دەکەن، میسداقیەت لەدەست دەدەن. لە مەودای دووردا ئەم پارتانە باجی ئەم رەفتارەیان دەدەن. واتە ئەو پارتە سیاسییانەی ئیدیعای ئەوە دەکەن باوەڕیان بە بنەما دیموکراتیەکان هەیە و لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا راستگۆ دەبن لەگەڵ ئەم بانگەشەیەیاندا، ئەوا زیاتر پشتگیری و متمانەی هاووڵاتیان بەدەست دەهێنن و زیاتر سەرکەوتوو دەبن لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانیاندا، بە تیروانینی من پارتە سیاسییە گەورەکان، کە دەتوانن لەسەر ئاستی نەتەوەیی نوێنەرایەتیان هەبێت لە پێگەیەکدان باشتر دەتوانن ئەم هاوسەنگیە بپارێزن، بە بەراورد بە پارتە بچووکەکان یاخود پارتە ناوچەییەکان، لەبەر ئەوەی پارتە گەورەکان کە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو پشتگیری جەماوەریان هەیە، باشتر دەتوانن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر پێکهاتەیەکی بچووکی وڵاتەکە، یاخود ناوچەیەکی بچووکی وڵاتەکە لە سیاسەت و ئەدای ئەو پارتە رازی نەبوون، هەرئەمەش هۆکاری ئەوەیە تاوەکو دیموکراسی لە وڵاتەکەدا بەرەوپێش بچێت، ئەوا ژمارەی پارتە سیاسییە گەورەکان کەمتر دەبێتەوە، کەواتە یەکێك لەو دەرسانەی لە ئەزموونەکانی رابردووە فێری بووینە ئەوەیە بەس نییە پارتە سیاسییەکان رایبگەیەنن ئەوان پارتگەلێکی کراوەن و لە ئاست رابردودا لێبوردەن، بەڵکو رەنگە باشتر بێت لەم رووەوە هەنگاوی عەمەلی هەڵبگرن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە. رەنگە باشترین نموونە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین وڵاتی ئەفریقیای باشوورە، کە دوای رووخانی رژێمی رەگەزپەرستی «ئەپارتهاید» لەو وڵاتەدا هەڵسان بە دامەزراندنی دەستەی لێبوردن، کە چالاك بوو لە موعالەجەکردنی زۆرێك لە دابەشبوونە قوڵەکان کە پێشتر لە کۆمەڵگەکەدا بونیان هەبوو، ئەمەش لەسەر داوای دوو پارتە سەرەکیەکەی وڵاتەکە پێکهێنرا. کەواتە پارتە سیاسییەکان دەتوانن رۆڵێکی چالاکانە ببینن لە چارەسەرکردنی ئەو جیاوازیی و دابەشبوونانەدا، لەرێی گرتنەبەری رێوشوێنی عەمەلیەوە).

سەبارەت بەو بەرنامەیەشی کە حزبە سیاسییەکان لە میانەی کۆنگرەکانیان بەشێوەیەکی شەفافانە دەیخەنەڕوو لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەند دەکرێت و دەبێتە بەشێك لە کارنامەی ئەو پارتانە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن و گرتنە دەستی دەسەڵات لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە، پرۆفیسۆر تۆنی ئێڵ هیڵ ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ماسیۆشید و تایبەتمەند لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو و وتی: (بەبێ پارتی سیاسی کارێکی زەحمەت دەبێت بۆ بونیادنانی پرۆسەی دیموکراسی. پارتی سیاسی وەك رێڕەوێکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هاووڵاتییەکان پێکەوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە وڵاتێك بیت کە ژمارەی دانیشتوانی بریتی بێت لە ٣٠٠ ملیۆن هاووڵاتی، کارەکان ئاسانتر دەبێتەوە ئەگەر ٢ یان ٤ — تاکو ٥ پارتی سیاسیی بەهێز و گەورەمان هەبێت و کە بتوانن لەبری خەڵك بدوێن و

گرێدانی کۆنگرەی حزبی نیشانەیەکی درووستە لەپێناو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حزب لە ماوەکانی رابردوو

هەرکاتێک عێراق کەوتبێتە نێو قەیرانێکی سیاسیی، ئەوا کورد رێگەی لە قەیرانەکە گرتووە و عێراقی لەمەترسی رزگارکردووە

پارتی درێژە بەهەمان ئەو چەمکانە دەدات کە بەدرێژایی مێژووی خۆی خەباتی لە پێناودا کردووە و نوێبوونەوەشی بۆ زیاد کردووە

بۆچوونەکان دەربڕن، نەك ئەو ٣٠٠ ملیۆن هاووڵاتیە بێن و هەر یەك لەشوێنی خۆیەوە و لەبری خودی خۆی بەشـــێوەیەکی تاك قســـەبکات. لەمبارەوە زۆربەی خەڵك لەو بڕوایـــەدان کە شـــێوازی کارکردنی پارتە سیاسییەکان بۆ مەبەستەکانی گەیشتنە بۆ دەســـەڵات، ئەو دوای مەسەلەکانی دیکە، پاش گەیشتن بە دەسەڵات دەست پێدەکات. پارتی سیاسی هەموو هەوڵ و کۆششێکی دەخاتەگەڕ لەپێناو گەیشتن بۆ دەسەڵات. هەر لەم بارەیەشەوە بەدیموکراتیزەکردنی پارتە سیاســـییەکان دوای گەیشتن بۆ دەسەڵات ڕوودەدات. لەمێژووی ئێمەدا لێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-دا، ڕۆژانێك هەبوو پارتی دیموکراتەکان کاری دەکرد بۆئەوەی زیاتر لەلایـــەن خەڵکـــەوە بەڕێوەببردرێت، زیاتر لە دەسەڵاتی ســـەرکردەکانی، بەڵام لەئاکامدا پارتـــی دیموکراتـــەکان کەوتە بارێك لە گێلەشـــێواوی. هەربۆیە ئەوەی کە پاشـــان ڕوویـــدا ئەوە بوو ســـەردەمێك ســـەریهەڵدا کە تیایدا پارتی دیموکراتەکان هەڵســـا بە بەخشینی دەســـەڵاتی زیاتر لە جاران بۆ سەرکردەکانی. ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا کاروبـــارەکان بەو شـــێوەیەدا بەڕێوەدەچێت کە لە هەموو پارتێکی سیاسی ئەنجومەنی ڕێکخراوەیی تایبەت بەخـــۆی هەیە بـــۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکانی ناوخۆیی و نیشتمانی، بەشێوەیەك کە ئەنجومەنی نیشتمانی پارتی دیموکراتـــەکان هەیە لەگـــەڵ ئەنجومەنی نیشـــتمانی پارتی کۆمارییـــەکان. ئەم ٢ ئەنجومەنە هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی پارتەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات، ئەم ئەنجومەنانە بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەوە نادەن کە کێ هەڵبژێردرێت بۆ پۆستی حاکم یان پارێزگار یان ئەنجومەنی شـــار یان بـــۆردی قوتابخانەکان، لەگەڵ هەموو پۆســـتەکانی تر لەسەر ئاســـتی ناوخۆیی لەشـــار و شـــارۆچکەکان. هـــاوکات هەر یـــەك لە پارتـــی دیموکراتـــەکان و پارتی کۆمارییەکان ئەنجومەنـــی لۆکاڵیان هەیە و ئەوان هەڵدەســـتن بە دەستنیشـــانکردنی کاندیدەکانیـــان بۆ پۆســـتەکانی پارێزگا و بـــۆرد و ئەنجومەنەکانـــی شـــار و شـــارۆچکەکان لەسەر ئاســـتی ناوخۆیی. هەربۆیە و بەشـــێوەیەکی سەرەکی، کاتێك باس دێتە سەر پارتی دیموکراسی، بەواتای سەدان یان هەزارەها ڕێکخراوی جیاواز کە هەموویان لەژێر چەتری پارتێکی سیاسیدا کۆبوونەتـــەوە. بۆ نموونە لە واشـــنتن-ی پایتەخـــت تەنیا یەك یەکـــەی تاك بوونی نییە، بەڵکو هەزارەها یەکەیە کاردەکەن)). لایەنێکـــی دیکـــەی گرنگ کـــە دەبێتە ئەرکی حزبە سیاســـییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتـــی، بڵاوکردنەوە و چەســـپاندنی گیانی لێبوردەیـــی و پێکەوە ژیانە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی، ســـەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ســـکۆت دیسپۆستۆ ئوستادی



**کازم ئەلشەمەری بۆ گۆڵان:**

# پێشبینی ئەوە لەکۆنگرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە دەستوور گرەنتییەکە بۆ هەمووان

زانستی سیاســـەت لە زانکۆی کالیفۆرنیا و تایبەتمەند لە یاســـای هەڵبژاردنەکان و ململانێی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربـــڕی و وتی: (لە ڕاســـتیدا بەرنامە و پلانێکی بێ کەموکوڕی لە ئارادانییە. هەر پارتێکی سیاسی بەرنامەیەکی جیاواز تەرح دەکات و دەنگدەران هەڵدەســـتن بە دەنگدان یاخود هەڵبژاردنی ئـــەو بەرنامانە. خاڵی ســـەرەکی ئەوەیە، دەبێت پارتە سیاسییەکان ئیختیـــاری جیـــاواز بخەنـــەڕوو لەبارەی ئـــەوەی چ بەرنامەیەك پێشـــنیار دەکەن و دواتر دەبێت هاووڵاتیان بڕیار لەســـەرە ئەوە بـــدەن چ بەرنامەیەك هەڵدەبژێـــرن. ئەمە کرۆکی دیموکراســـیە، واتـــە بەرنامەیەکی «ڕاست و دروســـت» لە ئارادانییە. دەبێت پارتە سیاســـییەکان ڕێز لە یەکتری بگرن، ڕاستە دەتوانن ڕکابەری یەکتربن و ململانێ لەگەڵ یەکدا بکـــەن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت شـــەریك و هاوبەش بن لە بنیادنانی دیموکراســـیەتی نوێدا. دەبێت هەمو پارتە سیاسییەکان لەو ڕاستیە تێبگەن هەموویان دەیانەوێت باشترین خزمەت بە عێراق بکەن، بەڵام جیاوازیان هەیـــە لە ڕووی ئەوەی بە چ شـــێوەیەك ئەم کارە ئەنجام بدەن. دەبێت ئەولەویەتـــی یەکەم بـــۆ وڵاتەکەتان بێت، دواتر پارتەکان)). هەر ســـەبارەت بەم پرسە و لە درێـــژەی لێدوانەکەیـــدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەم پرســـە پرۆفیسۆر تونی هێڵ وتی: (ئەگەر هـــات و چاندنی لێبوردەیی ئامانجی پارتێکی سیاســـی بوو، ئەوکات پێویستە لەسەر ئەو پارتە سیاسییە هەڵستێت بە دامەزراندنـــی زنجیرەیەك لە بەرنامەی بەهێز، بەپێی ستانداردی سیاسی پێویستە پارتی سیاسی جۆرە گونجاندنێك بخولقێنێت لەگەڵ بیرۆکەکانی. نازانم ئێوە هەوڵەکانتان چۆنە بۆ بونیادنانی کولتووری لێبوردەیی، بەڵام بەشـــێوەیەکی سەرەکی پێویستە پارتە سیاســـییەکان نزیکەی ٥ — تاکو ٦ بیرۆکە دانێـــت و بەرزیان ڕاگرێت، پاشـــان کە ئەو پارتە سیاســـییە گەیشتە دەسەڵات بەرنامە و بیرۆکەکانـــی جێبەجێ بکات. لایەنێکی دیکە مەســـەلەی عەدالەت دێتە پێشـــەوە، سەرەتا پێویســـتە عەدالەت پێناسە بکرێت. عەدالـــەت بریتییە لە شـــتی جیـــاواز بۆ خەڵکی جیاواز. بەواتای، پێویستە پارتێکی سیاســـی دیاریکراو هەڵســـتێت بە دانانی بیرۆکەیەکـــی گونجـــاو لەبـــارەی واتای عەدالەت و پاشـــان هەڵســـتێت بە دانانی ژمارەیەك بیرۆکەی تـــر، بەواتای دانانی بیرۆکە بۆ دەســـتەی یاسادانان کە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە گونجاوبێت، پاشان دەتوانرێت لەگەڵ هاووڵاتیـــان تاوتۆبکرێت و بوترێت ئەمەیە واتای عەدالەتی کۆمەڵگە. بەڕای من سەرەکیترین شـــت لێرەدا بکرێت ئەوەیە بیسەلمێنن کە ئێوە خاوەن سەروەریی یاسا-ن و بۆ نموونە بیکەن بە ڕێسا لە هەڵبژاردنەکان و ڕێگەچارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و مەسەلەکان لە کۆمەڵگە، هەروەها بینووسن و بڵاوی بکەنەوە بەشێوەیەك کە لەبەردەستی هەموو هاووڵاتییەك بێت، پاشـــان لەمیانی هەڵبژاردنەکاندا یاخـــود لە کاتی ڕوودانی هـــەر قەیران و یان کارەســـاتێك، هاووڵاتی دەتوانێت تەماشـــایەکی کتێبی ڕێســـاکان بکات، یان دەستوورەکە با بڵێین، بزانێت

**ڕۆڵی سەرەکی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی جەماعی، بەڵام گرنگە خودی حزبە سیاسییەکان لەناوخۆی خۆیدا دیموکراتی بێت**

**کارێک کە پارتە سیاسییەکان پێی هەڵبستن، بریتیە لە درێژەپێدانی پابەندبوونیان بە ئایدیا دیموکراتیەکانەوە**

**ئەو پارتە سیاسیانەی ئیدیعای ئەوە دەکەن باوەڕیان بە بنەما دیموکراتیەکان هەیە و لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا ئەگەر ڕاستگۆ بن زیاتر پشتگیری هاووڵاتیان بەدەست دەهێنن**



**بەبێ پارتی سیاسی کارێکی زەحمەت دەبێت بۆ بونیادنانی پرۆسەی دیموکراسی**

**دەبێت پارتە سیاسییەکان ئیختیاری جیاواز بخەنەڕوو لەبارەی ئەوەی چ بەرنامەیەک پێشنیار دەکەن و دواتر دەبێت هاووڵاتیان بڕیار لەسەرە ئەوە بدەن**

**«کۆتا» لە یاسا و بەکارهێنانی لیستی داخراوی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا باشترین ڕێگەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان لە سیاسەت**



**کریستۆفەر زۆرن بۆ گوڵان:**

# گرنگترین کارێک کە پارتە سیاسییەکان پێی هەڵبستن، بریتییە لە درێژەپێدانی پابەندبوونیان بە ئایدیا دیموکراتیەکانەوە

کە لەو جۆرە بارودۆخانەدا پێویستە چی بکرێت. هەروەها یاسا هەیە کە ئەو بڕیاردەرە لەسەر بارودۆخەکان)).

لایەنێکی دیکە کەهەموو کات هۆکارێکی گرنگە بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە، بەشداری ئافرەتە لە پرۆسەی سیاسیدا، سەبارەت بە چۆنیەتی گرنگیدانی حزبە سیاسییەکان بە فراوانکردنی بەشداری ئافرەتان خاتوو ئیمیلی بیولو ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کینتاکی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن و وتی: (ئەمە «پرسیاری ملیۆن دۆلارییە». تەنیا یەك موعادەلەی نموونەیی بۆ ئەمە نییە، بەڵام ژمارەیەك ڕێنمایی گشتی هەیە. پێویستە پارتەکان پشتگیریی دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان بکەن کە بایەخێکی زۆریان بۆ وڵات هەیە. بۆ نموونە لە هەندێك لە وڵاتەکاندا لەوانەیە سیستەمی سەرۆکایەتی سەرکەوتوو بێت، لە هەندێك وڵاتانی دیکەدا پێویستە سیستەمەکە پەرلەمانی بێت. پێموایە کێشەی ئەمڕۆی زۆربەی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لەوەدایە کە زۆربەی خەڵکی وا هەست دەکەن کە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی بەجێماون هەربۆیە زیاتر ڕوودەکەنە ئەو دامەزراوانەی کە نوێنەرایەتیکردن بەرز رادەگرێت، تەنانەت گەر دامەزراوەکان واش دیاربێت کە بەپێی پێویست شیاو نین، بەڵام ئەوەیان پێ باشترە. تا سیاسەتی تایبەتی زیاتر مایەی بایەخدان بێت، ئەو پارتە سیاسییەی کە مەبەستی هەیە بۆ دیموکراسیی زیاتر، پێویستە خۆی ئامادەبکات بۆ مەبەستی پێشنیارکردنی هەندێ سیاسەت کە سوودی بۆ دیموکراسیەت هەیە (وەکو ئازادی دەربڕین، دووبارەی دەکەمەوە، بچڕانێك هەیە لەنێوانی واقیعی نموونەیی و واقیعی ململانێی سیاسی. باشترین بارودۆخ لەو بارودۆخانەدایە کە تیایدا پارتی سیاسی بوونی هەیە و خاوەن تێڕوانینێکی درووستە لە زانین و دۆزینەوەی باشترین شت بۆ وڵات لەگەڵ زیرەکیی سیاسی لە قەناعەتپێکردنی دەنگدەرەکان، لەڕێگەی، هەڵمەتێکی لێهاتوو، کە بەڕاستی باشترین شتە بۆ هاووڵاتیان. دەگەڕێمەوە سەر نموونەکەی ئازادی دەربڕین، ئەو پارتە سیاسییانەی کە بەڕاستی دەیانەوێ ئازادییە دیموکراسییەکان بچەسپێنن پاڵپشتی لە وتاری ئازاد دەکەن، کاتێکیش کە ڕەخنەیان لێ دەگیرێت کە دەرگایان واڵاکردووە، ئەوجا لێرەوە بگەڕێنەوە بۆ چۆنیەتی زەمینە ڕەخساندن بۆ بەشداری فراوانی زیاتری ئافرەتان، پێموایە، لەبارەی دیزاینی دامەزراوەییدا، توێژینەوەکە ئەو شتە پیشان دەدات کە «کۆتا» لە یاسا و بەکارهێنانی لیستی داخراوی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا باشترین ڕێگەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان لە سیاسەت. بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا، گەورەترین کێشە ئەوەیە کە ئەگەر بێت و کۆمەڵگە نەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئافرەتیش خاوەن مافێکی یەکسانە لە بەشداریکردن لە سیاسەت، ئەوکات کاردانەوە لەدژی بەشداربوونی ئافرەت لە سیاسەت فراوانتر دەبێت و هەرگیز ناگۆڕێت. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر بێت و پارتە سیاسییەکان بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەسەر یەکسانیی ئافرەتان زیان بە دەرفەتەکانیان دەگەیەنێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوکات ئەوانیش ئەو شتە ناکەن. لەوانەیە ئومێدەکە لەوەدا بێت کە گۆڕانکاری دامەزراوەیی ڕوودات و ژمارەیەك ئافرەت هانبدرێن بۆ بەشداریکردن لە سیاسەت و لە ئاستی دەستەبژێرەکان، ئەوکات لەوانەیە تێڕوانینی ناوەندی هاووڵاتیان بگۆڕێت لەبەرامبەر توانستی ئافرەتان لە بواری سیاسەت)).

# مۆزیك و، ویكلیكس و، كۆنگره



فەلەكەدین كاكەیی

**(١)**

نەمدەزانی كە لەسـەدەی بیستویەكدا ناچاریش دەبین بەرگری بكەین لە مافی چێژ وەرگرتن لە هونەری مۆزیك و شانۆ و شێوەكاری و هونەرە جوانەكانی دیكە.

ئێستا لە هەولێر كۆنگرەی پ.د.ك بەڕێوە دەچێ بۆ چەسپاندنی مافی سروشتی ئازادیی دابینكردنی چارەنووسی كورد و مافە ڕەوكانی دیكە و، هەولدەدەین سیستەمی دیموكراتی فیدرالی لەسەرانسەری عێراقدا بچەسپێ بەشێوەیەك دانیشتوانی هەر هەرێمێك كەیانی فیدرالی خۆیان بەسەربەستی دابمەزرێنن، چ لە دەڤەری سوننی یا شیعە، وەكو ئێستا بەخۆیان بیری لێدەكەنەوە.

كەچی ئەڤرۆكان لە بەغدا هونەرمەند و نووسەران تووشی بەڵایەكی ناگەهانی دیكە بوونەتەوە چونكە هونەری مۆزیك و شانۆو پەیكەرسازی كەوتووەتە بەر هەڕەشەی توێژێكی زانای ئایینی و دامودەزگای سیاسی عێراق، تەنانەت یانەی كۆمەڵایەتی و كۆڕ و ئاهەنگی مۆسیقی دێنە قەدەغەكرن.

**(٢)**

فەیلەسوف و زانای مێژووی ئیسلام(ئەبو نەصری فارابی) كە لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی زایینیدا كۆچی دوایی كردووە، نزیكەی(٧) كتێبی دەربارەی هونەری مۆزیك نووسیووە، فارابی بەخۆی ئامرازێكی وەكو((قانون)ی دروستكردووە و ئاوازی داناوە و مۆزیكی ژەندووە و، بایەخی داوە بە مۆزیك وەكو زانست و هونەر و كەلتوور.

سەیرە كە دوای یازدە سەدە، تازە بە تازە، لە بەغدا دەیانەوێ هەناسە لە مۆزیك و شانۆ و شێوەكاری ببڕن و داوایان كردووە پەیكەرەكانی كولیجی هونەرە جوانەكان و پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی بەغدا هەڵبگیرێن و، كۆڕ و ئاهەنگی مۆزیكی و شانۆكاری قەدەغە دەبن!

من، هەر كە وەختم هەبوو، گوێدەگرم لە ئاهەنگەكانی (مۆزارت)ی هونەرمەندی مەزنی مۆزیك. ساڵانێك بەر لە ئێستا لە ژوورێك بووم مشكێكی تێدا بوو، دەمبینیی هەر كاتێ دەنگی مۆزیكی مۆزارت بهاتبا مشكەكە دەكەتە هاتووچۆ، هەندێ جاریش رادەوەستا و گوێی رادەگرت و چاوی دەبڕیە سەرچاوەی مۆزیكەكە.

بەپێی ئەوەی دەربارەی كاریگەریی مۆزیك لە رووەك و ئاژەڵان گوتراوە، دەتوانم بێژم كە مشكەكە خوولیای ئاوازی مۆزیك بووە بۆچی نە؟! ئەوەتا لە ژاپۆن مێوەی مۆز دەدەنە بەر شەپۆلی ئاهەنگی مۆزیكی (مۆزارت) تا شیرنتری لێدەرچێ!

دەبینین كە مێگەل شەیدای شمشاڵی شوانەكەیانن، بەڵكو مافی چێژی مۆزیك وەك هەموو مافێكی سروشتی هەقی گشت بوونەوەرەكانی سروشتە، كەواتە: دارمۆز و مشك و چێڵ و بولبول و بەشەر و زیندەوەرانی دیكە لەم مافە سروشتیانە بەشدارن، كەس هەقی نییە كەسێ تر لەو مافانە بێبەشبكات.

**(٣)**

دامەزرێنەرانی سایتی (ویكیلیكس) حكومەت و دەوڵەتان و دامودەزگاكانیان رووت و قووت بەجێهێشتوون، هەر چیەچپ و گاڵتە و قسەی سەر تەنوور و گفتوگۆی جیدی و درۆ دەغەلكاریەك لە نێوان دیبلوماسییەكانا هەبووبێ، درزیان كردووە ئیدی نهێنی كەم ماوە، تازە كەم كەس پەیدا دەبن لە پشت پەردە و دەری داخراویشدا رازی دڵی خۆیان بدركێنن.

دیارە وەختی دەوێ (ویكیلیكسی خۆماڵی) پەردە لەسەر كردەوە دزێو و ناڕەواكانی ئەو كەسانەش هەڵبداتەوە كە دەسیان ناوەتە بناقاقای هونەرە جوانەكان، لە كاتێكدا لە ئاستی تاوانی گەورە دەرهەقی مافی مرۆڤ و كەرامەتی بێدەنگن.

**(٤)**

ئەگەر تەماشای پرۆگرام و بڕیارەكانی گشت كۆنگرەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بكەین هەر لە ساڵی ١٩٤٦ەوە تا ئەڤرۆ دەبینین هەمیشە بەرگری لە مافی ئازادی و دەربڕین و هونەر و گەشەپێدانی كردووە، ئەو وەختانەش دەسەڵاتی هەبووە، چ لە سەردەمی شۆڕش یا دوای ڕاپەڕین پشتیوانی هونەرمەند و نووسەران بووە و، مافی سروشتی داهێنانی هونەریی پاراستووە.

ئەمەیان یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی پ.د.ك كە كراوە بووە بەرووی زانست و هونەر و مافی دەربڕین و داهێنانی هونەری و ئەدەبیا.

نازانم خەڵكی عێراق، بەبێ هونەری مۆزیك و شانۆ و شێوەكاری.

چۆن و دەتوانن خەو بە دیموكراتی و ئازادییەوە بینن؟! دوای یازدە سەدە لە (فارابی) و فەیلەسووف و زانایانی هاوچەشنی ئەو، تازە بە تازە بەغدا بەرەو نەهامەتی بێهۆنەری دەگەڕێتەوە! ئەوەش بەدبەختی خەڵكی عێراقە كە رووبەرووی تیرۆری هونەرییش دەبنەوە!.

**دانانی خاڵ بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان زۆرتر لەکاری قوتابیانی سەرەتایی دەچێت، رەنگە لەبەر زەرورەت بەمە رازیی بین، خۆ ئەگەر یەکێک لە بیرکاری زیرەک نەبێت رەنگە دوو رۆژی پێویست بێت تا بزانین خاڵەکان چۆن دابەش بکەین، ئەمەش هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە**

**وەک مافێکی دیموکراتی و بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆمان، بڕیارمدا دانیشتنەکەی پەرلەمان بەجێبهێڵم پێشتریش سەدرییەکان و چەندانی دیکەش دانیشتنیان جێهێشتووە، بۆچی تەنیا رەخنە لە ئێمە دەگیرێ**

**کشانەوەی من لە پۆستی سەرۆک وەزیران پێوەندی بەو کۆبوونەوەیەوە نییە کە لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و مالیکی گرێدرا**

دەدات، تووشی ئاستەنگ دەبێتەوە، چونکە ئەم کوتلانە پێویستە لەنێوخۆیاندا بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان بەپێی پرەنسیپەکانی شەراکەتی راستەقینە بگەنە رێککەوتنێك. بەڕاستی ئەم بارودۆخە عێراقیان خستە نێو هەندێك باسەوە کە قبوڵ ناکرێن و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی وەك بەریتانیا و ئەمریکا مایەی گاڵتەجارین، ئەو مەسەلانەش وەك مەسەلەی دانانی خاڵ بۆ وەزارەتەکان کە زۆر لەکاری قوتابیانی سەرەتایی دەچێت، یان ئەمە دەبێت و ئەمەیان نابێت، یان دەڵێن سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمان ئەوەند خاڵەی پێویستە، لە کاری سیاسیدا ئەمە ناکرێ، بەڵام لەبەر زەرورەت لەوانەیە هەندێك لەمانە بکەین، هەرچەندە رەنگە دوو رۆژی پێویست بێت تا بزانین خاڵەکان چۆن دابەش بکەین بەتایبەتی ئەگەر یەکێك لە بیرکاری زیرەك نەبێت زۆر زەحمەتە، پێموایە ئەمانە هۆکاری سەرەکین لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت.

**گوڵان:** دوای ئەو رێککەوتنەی لەنێوان سەرۆك بارزانی ونوری مالیکی و بەڕێزت ئیمزا کرا، رەخنەیەکی زۆر لە جەنابتان گیرا بەوەی بۆچی د.ئەیاد عەلاوی لە هۆڵی پەرلەمان چووە دەرەوە دوای ئەوەی لەسەر ئەمە رێککەوتن؟

**ئەیاد عەلاوی:** ئەو کاغەزەی ئیمزای لەسەر کرابوو، چەند رێککەوتنێکی لەخۆ گرتبوو، دەبوو هەموو رێککەوتنەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران رابگەیەنرایە، پێش ئەوەی سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەمە رووی نەدا، بۆیە داوای چارەکە سەعاتێك کاتم کرد تا بەبیر برایانم بێنمەوە و کاغەزەکەش کە ئیمزامان لەسەری کردبوو لە گیرفانم هەڵمگرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا گوێم لە سەرۆك وەزیران بوو وتی: ئەمە پێویست ناکات زوو ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیە رێك نەکەوتووین، لەم حاڵەتەدا بینیم ئێمە بەر لە چەند سەعاتێك لەسەر شتێك رێککەوتووین و ئێستا لێی پاشگەز بێنەوە، وتم ئەمە ماقوول نییە، بۆیە وەك مافێکی دیموکراتی و بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆمان، بڕیارمدا دانیشتنەکە جێبهێڵم، ئەمەش یەکەمجارە لە ئێمە روودەدات، هەرچەندە پێشتر سەدرییەکان و چەندانی دیکەش دانیشتنیان جێهێشتووە، بۆچی تەنیا رەخنە لە ئێمە دەگیرێ.

**گوڵان:** دەمەوێ بە راشکاوانە پرسیارێکت ئاراستە بکەم، من قسەی هاووڵاتیت بۆ دەگوازمەوە، دەڵێن لە سەرەتادا ئەیاد عەلاوی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی راسپێردرێ بە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام دوای چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و نوری ئەلمالیکی وەك خۆی نەما، ئایا رازیکرا بەوەی واز لەو پۆستە بهێنێت؟ یان ئایا لەپێناو بەرژەوەندی وڵات بوو؟ یان هۆکاری تر هەبوو، حەز دەکەین بۆمانی روون بکەیتەوە؟

**ئەیاد عەلاوی:** بە دوو مانگ یان زیاتر پێش دانیشتنە سێ قۆڵییەکەی نێوان من و بارزانی و مالیکی، ئێمە وەك لیستی ئەلعراقیە کۆڕێکمان ساز کرد، لەو کۆڕەدا رامگەیاند، کە ئێمە وەك ئەلعراقیە سەر دادەنوێنین بۆ گەلی عێراق، هەروەها ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژیەکانیش دیسان هەر پێشنیاری ئێمە بوو، ئەمە لەو کاتەی لیستی ئەلعراقیە داوای سەرۆکایەتی وەزیرانی دەکرد، هەروەها هەر ئێمە وەك ئەلعراقیە باسی مەسەلەی شەراکەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و نەخشەی رێگامان کرد، من کە پاڵێوراو بووم بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران وتم ناکرێ من خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکان بم، بۆیە رێککەوتین لەسەر ئەم خاڵانە و ئەنجومەنی نیشتمانی و نیزامی ناوخۆی سەرۆکایەتی حکومەت، ئەمەش واتە نابێ من سەرۆك وەزیران بم و هەموو دەسەڵاتێکم هەبێت، نەك وەك نوری ئەلمالیکی کە هەموو دەسەڵاتێکی بەخۆی داوە و ئەنجومەنی راوێژکاریش هەیە، هەربۆیە شاندی ئێمە لە گفتوگۆکاندا مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی چەسپاند و بە هیچ شێوەیەك باس لە ئەنجومەنی راوێژکاری بۆ من نەکراوە و ئەمانە تەنیا قسەی راگەیاندنە، تەنانەت ناوەکەشی کرا بە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان کە ئەرکیان دانانی سیاسەتی باڵای وڵاتە.

بەشێوەیەکی گشتی کشانەوەی من لە پۆستی سەرۆك وەزیران پێوەندی بەو کۆبوونەوە نییە کە لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و ئەلمالیکی گرێدرا، بەڵکو لە کۆبوونەوەکە باس لە سێ بابەتی دیکە کرا کە لە پەرلەمان رابگەیەنرێت، لەلایەکی دیکەوە من لەو خەڵکانەم کە پرۆژە بەلای منەوە گرنگە نەك پلە و پۆست، ئەگەر وابوایە منیش دەچوومە نێو لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کە هەر لەو کاتەی کاندید بووم بۆ سەرۆك وەزیران ئەم پێشنیاریان پێشکەش بە من کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ناسنامەی مەزهەبی من شیعییە، بەڵام حەزم لە موحاسەسەی تائیفی نەبوو، بۆیە نەچوومە نێو هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، بۆ ئێمە گرنگ نییە ئەمە شیعەیە یان سوننەیە یان کوردە، ئێمە هیوامان وایە شەراکەتێکی راستەقینە بێتە ئاراوە و هەموو عێراقییەك ببێتە شەریکێکی راستەقینە لەم وڵاتە و مافی دیاریکراوی هەبێت لە بڕیارداندا نەك کەسێك بۆی دیاری بکات و لە هەمان کاتیشدا بە حساب شەریکێکی یەکسان بێت.







د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە بۆ گوڵان:

# بەحیکمەتی سەرۆک بارزانی کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی کۆنگرەیەکی زۆر گرنگ و بێوێنە دەبێت





**ئەوەی پێشوازی لە بۆچوونەکانی ئێمە کرد سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆک بارزانی بوو**

**پارتی ئەو حزبە بوو هەموو تەمەنی خۆی لەشەڕ و مقاوەمەت و لە چیا بەسەر برد، بەڵام ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی خەباتێک دەکات بۆ چەسپاندن و قووڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراتیەت لە ناوچەکەدا**

**هەمیشە دەستپێشخەرییەکانی سەرۆک بارزانی بێوێنە بوون، ئەوەی بەپێی ئەو دەستپێشخەرییە لەسەری رێککەوتووین دامەزراندنی عێراقێکە لەسەر پرەنسیپی شەراکەتی نیشتمانی راستەقینە و بونیادنانی دیموکراتییەتێکی هاوچەرخ**

**گـــوڵان:** بەڕێزتان چـــۆن دەڕواننـــە کۆنگرەی سێزدەمی پارتی دیموکراتی کوردستان؟

**ئەیاد عەلاوی:** پێموایە کۆنگرەیەکی زۆر گرنگ دەبێـــت، چونکە دەمێکە کۆنگرەی لەو شـــێوە و بەو قەبارەیە و لە بارودۆخێکی لەوشێوەیە ئەنجام نەدراوە، بەحیکمەتی ســـەرۆك مســـعود بارزانی و ســـەرکردایەتی پارتی کۆنگرەیەکی بەرهەمدار دەبێت، هەروەها بەهۆی ئەو ئامادەکارییە زۆرەی بۆی کراوە، پەنا بەخوا سەرکەوتوو دەبێت و ئێمەش هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**گوڵان:** پێتوایـــە ئەم کۆنگرەیەش هاوشـــێوەی دەستپێشخەرییەکەی ســـەرۆك بارزانی ئاکامی گەورەی بەدوادا دێت؟

**ئەیاد عـــەلاوی:** بێگومان لەرووی چۆنایەتییەوە کۆنگرەیەکی بێوێنە دەبێت، وەك دەسپێشخەرییەکەی ســـەرۆك بارزانـــی بۆ پێکهێنانـــی حکومەت و ئـــەوەی لە کۆبوونەوەکان روویـــدا و لە کۆتاییدا بووە هۆی بەســـتنی کۆبوونـــەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشـــبینی دەکەم کارێکی گرنگ بێت بۆ سەقامگیری عێراق و چڕکردنەوە و پەرەپێدان و زیادکردنـــی ئەو دەســـتکەوتانەی لە هەرێمی کوردستان هاتوونەتە دی.

**گوڵان:** دەستپێشـــخەرییەکەی ســـەرۆك بارزانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**ئەیاد عەلاوی:** هەمیشـــە دەستپێشخەرییەکانی ســـەرۆك بارزانی بێوێنە بوون، ئێمە پێوەندییەکی مێژووی و کاروانێکـــی دوورودرێژ و برایەتی و هاوپەیمانـــی پێکەوەمان دەبەســـتێتەوە، هەروەها پێوەندیم لەگەڵ ســـەرۆك بارزانـــی پێوەندییەکی دوو لایەنەیـــە، لایەنێکی سیاســـی و لایەنێکی دیکەی شەخســـییە، لە لایەنی سیاسییەوە ئێمە هاوپەیمانین و پێشـــتر و ئێستا و لە دوارۆژیشدا هـــەر هاوپەیمان دەبین، لە لایەنی شەخسیشـــەوە بەڕاســـتی بە برایەکی خۆمی دەزانم، پێوەندیمان راستەقینە و زۆریش ئیجابییە و یەکێکە لە کەسە نزیکەکانم. خەباتێکی هاوبەشمان کرد و ئێستاش بەردەوامیـــن لەو خەباتە بۆ چەســـپاندنی ئەوەی لەســـەری رێککەوتوین، ئەویـــش دامەزراندنی عێراقێکە لەسەر پرەنسیپی شەراکەتی راستەقینەی نیشتمانی و بناغەی بونیادنانی دیموکراتییەتێکی هاوچەرخ.

**گوڵان:** حەزدەکەین بزانین بەڕێز د.ئەیاد عەلاوی پێوەندی لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆنە؟

**ئەیاد عەلاوی:** بەڕاســـتی نێچیرڤـــان بارزانی بەشـــێوەیەك بوونی خۆی سەلماند، کە زۆر زۆر لەوە زیاتر بوو کە پێشبینیم دەکرد لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتون، بینیم ئەم پیاوە وردبینە لە زۆر بواردا بەتایبەتی لە بواری ئابووری و سیاسیدا، هەروەها تێبینیم کردووە کە خاوەن بڕیار و دیدێکی تایبەتە، هـــەر بڕیارێك ئەگـــەر بە دیدێکـــی دووربینەوە نەدرێت، بڕیارێکی ســـەرکەوتوو نابێت، نێچیرڤان بارزانی ســـەرەڕای ئەوەی ســـەرکردەیەکی لاوە، بەڵام ئەم دوو خەســـڵەتەی تێـــدا بەدی دەکرێت، بۆیە پیاوێکـــی جیاوازە لە کارکـــردن و هیوای ســـەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخـــوازم، هەروەها هیوای پێشـــکەوتن بۆ گشت سەرکردە کوردەکان دەخوازم، چونکە ئەو قوربانیدانەی بەخشیویانە لە ســـاڵانی رابردوو و ئەو دەستکەوتانەی لەم چەند ساڵانە بەدەستهاتوون، شـــایەنی ئەوەن کە کورد سوود لە ئەزموونەکەی وەربگرێت و سیستەمێکی وا بێتـــە ئاراوە کە هەموو کوردەکان لە ســـایەیدا

**د.ئەیاد هاشم عەلاوی لەگەڵ ئەوەی تەمەنی سەروو ٦٥ ساڵی تێپەڕاندووە، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە کارا و دیارەکانی عێراق و لەگەڵ ئەوەی وەك مەزهەب شـیعەیە، بەڵام سـەرۆکی لیسـتی ئەلعراقیەیە کە تەعبیر لە لیستی عەرەبی سـوننەی عێراق دەکات، د.عەللاوی لەساڵی ١٩٧٠کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە و دواتریش خوێندنی باڵای لەسـاڵی ١٩٨٠ لەندەن تەواوکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەکۆتایی پەنجاکانی سـەدەی رابردووەوە تێکەڵاوی سیاسەت بووە و ئەندامی حزبی بەعس بووە، پیشەی پزیشکی نەبۆتە پیشەی سەرەکی ئەو و لەساڵی ١٩٧١ـەوە دوای ئەوەی لەگەڵ سـەرکردەکانی حزبی بەعس کێشەی بۆ دروست دەبێت، عێراق بەجێدەهێڵێت و رووەدەکاتە لوبنان، لەساڵی ١٩٧٢ لوبنانیش بەجێدەهێڵێت و رووەدەکاتە لەندەن بۆ خوێندن و لەسـاڵی ١٩٧٥ بەتەواوی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە حزبی بەعس رادەگەیەنێت و رێکخسـتنێکی نهێنی لەگەڵ چەند عێراقیەکدا دروست دەکات، ئەم رێکخستنە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە، لە سـاڵی ١٩٨٧ هەوڵی تیرۆرکردنی دەدەرێت، بەڵام پاش ئەوەی سـاڵێك لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە چاکدەبێتەوە، لەسـاڵی ١٩٩٠ رێکخسـتنە نهێنیەکەی ئاشـکرا دەکات و ناوی لێدەنرێت (حەرەکەی ویفاقی وەتەنی) و د.ئەیاد بە ئەمینداری گشـتی حەرەکەی ویفاق هەڵدەبژێردرێت و لە سـاڵی ١٩٩٣ دووبـارە هەڵدەبژێرێتەوەو دەبێتە بەشـێك لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، دوای ئازادکردنی عێراق لە سـاڵی ٢٠٠٣، دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی حکوم و لە ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٣ بۆ ماوەی مانگێك سـەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بـووە و دوای پێکهێنانی حکومەتی کاتیش لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ هەتا ٥ نیسانی ٢٠٠٥ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کاتی عێراق بووە، دواتریش لە پەرلەمانی عێراقدا سـەرۆکایەتی لیسـتی ئەلعراقیەی کردووە کە پێکهاتبوو لە حەرەکەی ویفاق و حزبی شیوعی عێراق و چەند کەسـایەتییەکی سیاسی سـەربەخۆ، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ لیسـتی ئەلعراقیە فراوان بوو چەندین لایەنی دیکەش خۆی تیابینیەوە و توانی لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتدا ٩١ کورسی بەدەست بهێنێت و ئێستا پاڵێوراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشـتمانی سیاسەتە باڵاکانی وڵات، گوڵان ماوەیەکە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز عەللاوی سـەبارەت بە پرسـە چارەنووسـسازەکانی عێراق و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو سازبکات، لەگەڵ ئەوەی چەند جارێکیش کاتیان بۆ دیاریکردین بۆ ئەوەی بچین لە بەغدا ئەم دیمانە تایبەتە ئەنجامبدەین، بەڵام گەرمی بارودۆخی سیاسیی عێراق و سەرقاڵی د.عەللاوی بە پرۆسە سیاسییەکە و ئەو سەردانانەی بۆ دەرەوە دەیکرد، بوونـە هۆی ئەوەی ئەم دیمانەیە دوابکەوێت، بـەڵام دوایین جار ئەو کاتە بۆ گوڵان رێکخراو توانرا ئەم دیمانە تایبەتە سازبدەین، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی د.ئەیاد عەلاوی-یە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان.**

هەست بە ئارامی بکەن و ئەوە دەستکەوتانەی لە کوردستان بەدەستهاتوون و هیوادارم رەنگدانەوەی لەسەر تەواوی عێراق هەبێت.

**گـوڵان:** ئەمڕۆ (مەبەسـت رۆژی هەینییە)، کۆبوونەوەتـان هەبوو لەگـەڵ بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق، ئایا چی نوێتان تێبینی کرد دەربارەی بارودۆخی سیاسی لە عێراق؟

**ئەیاد عەلاوی:** بەشێوەیەکی گشتی و ورد باسمان لـە بارودۆخی عێراق کـرد، کۆبوونەوەم لەگەڵ فەخامەتی سەرۆك کۆمار کۆبوونەوەیەکی ئیجابی بوو بارودۆخی عێراق و ناوچەکەمان تاوتوێ کرد و پەنا بەخوا ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام دەبن.

**گوڵان:** پێشـبینی چی دەکەی بـۆ پێکهێنانی حکومەتـی عێراق، ئایـا هیوایـەك هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی؟

**ئەیـاد عەلاوی:** هیـوا و ئاواتمـان پێکهێنانی حکومەتێکی شـەراکەتی نیشـتمانییە، پێموایە بەدیهێنانی شەراکەتی نیشتمانی کارێکی قورسە و ئاسان نییە و پێویستی بە قوربانیدان و پابەندبوون هەیە، هەروەها پێویستی بە تێگەیشتنە لە لۆژیکی شەراکەت، کە بریتییە لە لۆژیکی کارکردنی تیم و هەر یەکێـك لە ئەندامانـی تیمەکە رۆڵێکی هەیـە ئەنجامی دەدات، ئەگەر شـەراکەتێکمان بـەو پرەنسـیپە و بەو تێگەیشـتنە هەبێت، ئەوا بێگومان ئەنجام بەدەست دەهێنین و حکومەتیش پێکدەهێنرێت، شەراکەت لە پێکهێنانی حکومەت پێوەندی بە ژمـارەی وەزارەتەکانەوە نییە، بەڵکو شـەراکەتێکە بە پلەی یەکەم پێوەندی بە بڕیاری سیاسییەوە هەیە، چۆن بڕیاری سیاسی دەردێت، چۆن پێکدەهێنرێت و چۆن ئەو هێزانەی بەشدارن لە حکومەتی شەراکەت بەشـدارن لە دەرکردنی بڕیاری سیاسـی سـتراتیژی، نەك بڕیارێکی تایبەت بە دانان یان فەسـڵکردنی بەڕێوەبەرێکی گشتی، بەشدار دەبن، هیوادارین ئەمە بێتە دی و پەنا بەخوا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بۆ دەدەین. بەڵام ئەگەر ئەم ئامانجە نەهاتەدی کە هیوادارین بێتەدی، ئەوا ئاراستەی عێراق رۆشن نابێت.

**گـوڵان:** لەلایەن چەنـد ئەندامێکی لیسـتی ئەلعێراقییـەوە زۆر باس لـە ژمارە و چۆنایەتی وەزارەتـەکان دەکرێـت، دەمانـەوێ لـە زاری جەنابتانەوە راستی و دروستی ئەم جۆرە لێدوانانە بزانین؟

**ئەیاد عەلاوی:** بەشـێوەیەکی گشتی ئەو قسەو باسـانە لەلای لیسـتەکانی دیکە هەیە، سەرەتا باسیان لە پۆستە سەروەرییەکان دەکرد، دوای ئەوە باس لەوە کرا چەند کورسی وەزارەتێکی پێدەدرێت، دواتـر باس لە ریشەکێشـکردن و ئەو بابەتانەی پێوەندی بە ریشەکێشـکردنەوە هەبوو کران، ئینجا باسـی ئەوەیان دەکرد پۆستە سەروەرییەکان چۆن دابـەش دەکرێن و کێ دەبن و کـێ نابن، بەڵام ئێمە لە لیسـتی ئەلعراقیە لەسـەر یەك ئاست قسـەمان کرد و ئـەوەی لای ئێمە گرنگ بوو سێ مەسەلەی سـەرەکی بوو، مەسەلەی ئیدارە و وەزارەتەکان زۆر گرنـگ نین، نابێتە گرفت. ئەو سێ مەسـەلە سـەرەکیەش بریتین لە سێ تـەوەرە کەبریتین لـە: تەوەری یەکـەم بریتییە لە چەسـپاندنی چەمکی شـەراکەت لەوانەش پرەنسیپی شەراکەتی دەرکردنی بڕیاری سیاسی، لە تەوەری دووەم وتمان دەسـتووری عێراقی زۆر هەڵکشان و داکشـان و خاڵی دژ یەکی تێدایە و یەکێـك لە خاڵە لاوازەکانی ئەوەیە کە دەسـتوور دەسـەڵاتەکان دەداتە دەستی یەك کەس، ئەویش سەرۆك وەزیرانە، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کێ

بەراستی نێچیرڤان بارزانی بەشێوەیەک بوونی خۆی سەلماند لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون، زۆر زۆر لەوە زیاتر بوو کە پێشبینیم دەکرد

وەرچەرخان بۆ قۆناغێکی نوێ کارێکی ئاڵۆز و سەختە، تەنانەت سروشتی کادر و سەرکردایەتی و بیرکردنەوەی سەرکردەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت

شەراکەت لە پێکهێنانی حکومەت پێوەندی بە ژمارەی وەزارەتەکانەوە نییە، بەڵکو شەراکەتێکە بە پلەی یەکەم پێوەندی بە بڕیاری سیاسییەوە هەیە

**وەفدی ئێمە لە گفتوگۆدایە و وابزانم وەک لیستی ئەلعراقیە یازدە وەزارەت بەر ئێمە کەوتووە، لەوانەش وەزارەتێکیان سیادییە**

سـەرۆك وەزیران دەبێت، ئێمە ئاماژەمان بەوەداوە ئـەو هەموو دەسـەڵاتەی بە یەك کـەس دراوە پێویسـتە لەو قۆناغەدا دابـەش بکرێت، چونکە ئێمە هێشـتا لـە قۆناغێکی گواسـتنەوەداین بەرەو دیموکراتی. لە تەوەری سـێیەم باسمان لە نەخشـەیەکی رێگا کرد و ئەوەی پێویستە عێراق لەسـەری بڕوات، ئایا دامەزراوە سیاسییەکانی عێراق لەسـەر بنەمای تائیفی سیاسی بێت یان لەسەر بنەمای ئاشتەوایی نیشتمانی دادەمەزرێن؟ ئایا ناسنامەی عێراق چی دەبێت و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوروبەر چۆن دەبن؟ ئەمانە مەسـەلەی گرنگن کە ئێمە گفتوگۆکانی خۆمانی لەسـەری چڕ کردەوە بۆ ئـەوەی بگەین بە دیدو قەناعەتێکی هاوبەش بۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان، دوای ئەوەی ئەم مەسەلانە یەکلا دەبنەوە، ئێمە پێمانوایە ئینجا بێین باس لە مەسـەلەکانی دیکە بکەین کە لاوەکین، وەك سـەرۆکایەتی وەزیران و وەزارەتەکان، ئەوەی پێشوازی لەم بۆچوونانەی ئێمە کرد سەرکردایەتی هەرێمی کوردسـتان و خودی شەخسی سەرۆك بارزانی بوو، هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان بوون کە ئەم بابەتەیان تەبەننی کرد. رێکەوتنێکی زۆریش لەسەر ئەم مەسـەلەیە هەبوو و ئێستاش بەردەوامـە، هیواداریـن ئەمە بێتـە دی، بۆیە ژمارەی وەزارەتەکان بۆ هەرلایەك چەند بن نابێتە گرفت، چونکـە ئێمە بە نیـازی دامەزراندنی حکومەت و سیسـتەمێکی شەراکەتی هاوبەشین لە دروسـتکردنی بڕیاری سیاسی و ئامانجمان ئەوەیە هیچ کەس و لایەنێك پشتگوێ نەخرێت و یان نەکەوێتە دەرەوەی بڕیاری سیاسـی، رێگاکە ئاشـکرایە و دەسـەڵاتەکانیش دابەش دەکرێن، سـەبارەت بە چۆنیەتی دابەشـکردنی پۆسـتە وەزارییەکانیش ئەوەی تائێسـتا ئاگادارم ئەوەیە، وەفـدی ئێمە لـە گفتوگۆدایـە و وابزانم وەك لیستی ئەلعراقیە یازدە وەزارەت بەر ئێمە کەوتووە، لەوانەش وەزارەتێکیان سیادییە، بەڵام ئەمە بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە چەسپاندنی پرەنسـیپی شەراکەتی نیشـتمانییە، هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونانەش بیرۆکەی ئەنجومەنی باڵای سیاسـەتی سـتراتیژی هاتە ئاراوە، کە یەکێکە لە چوارچێوە و رێسـاکانی شـەراکەت، هەروەها یەکێکی دیکە لە رێسـاکانی شەراکەت بریتییە لە نیزامی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیران، وەك دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکان و چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارە، بە هەمان شـێوە لە پەرلەمان و لە هەندێك لەو وەزارەتانەی کە جۆرێك لە هاوسـەنگی سیاسـی و تائیفی تێدایە تاکو یەکتری تەواو بکەن و هاوسـەنگی یەکتر بن لەڕووی سیاسییەوە، بەلای منەوە ئەمە گرنگە بۆ شەراکەتی نیشتمانی.

**گـوڵان:** ئەو رەشنووسـەی ئامادەتـان کردووە پێتوانییە قورس بێت؟

**حکومەتی رازیکردن ناتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات و داخوازییەکانی گەلی عێراق بهێنێتەدی، بەڵام هیوادارین ئەمە روونەدات**

**ئەیاد عەلاوی:** نەخێر، ئەمە لە روانگەی ئەوەی لەسـەری رێککەوتووین و ئیمـزا کراوە، هاتۆتە ئـاراوە. لەوانەیـە هەندێك گونجانی یاسـایی تێدا کرابێت، بەلام ئەو بەڵگەنامانەی لەسـەری رێککەوتووین ئاشـکران و هەمان مانا دەبەخشن بە رێگایەکی دیکە، پێموایە برایان گەیشتوونەتە دیدێکی تەوافوقی بۆ زۆربەی بڕگەکانی، تەنیا یەك دوو کێشەی سـادە ماون. ئەو رەشنووسەی لەلایەن لیسـتی ئەلعێراقییەوە ئامادە کراوە پشت دەبەسـتێت بە بەڵگەنامەیەك کـە رێککەوتنی لەسەر کراوە، بەوەی شێوە و دەسەڵات و میکانیزم و ئەندامیەتـی و ئەرکەکانـی ئـەم ئەنجومەنە دیاری بکات، کەواتە ئەم رەشنووسە گونجانێکی یاسایی ئەم ئەنجومەنەیە، چەند تێبینییەك لەسەر

ئەم مەسـەلانە ناگرێت، هەروەها مەترسییەکی دیکەی نەبینراو و هەست پێنەکراو هەیە، ئەگەر لە ناوچەکە بڕوانین لە ئەفغانسـتانەوە تا سودان و یەمـەن، دەبینـن هەموو ئـەو ناوچانە پڕ لە ئاژاوەن و بارودۆخی ئەمنی تێدا ناسـەقامگیرە، هەروەها ئەم ناوچانە بەیەکەوە بەسـتراوە و هیچ شـتێك نییە لێکیان جیا بکاتەوە، لە هەمان کاتدا پێك بەسـتنێکی بەهێز هەیە لەڕووی کەلتووری گەلانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیش هاوبەشن، بۆیە هـەر رووداوێك لە هەر وڵاتێـك رووبدات رەنگدانەوەی لەسـەر وڵاتانـی دیکەش دەبێت، بۆیـە ئەگەر عێراق جارێکـی دیکە بارودۆخی تێکبچێتەوە، بێگومان کاردانەوەیەکی سلبی دەبێت لەلایەن ناوچەکەوە، ئەمەش مایەی مەترسـییە



رەشنووسەکە هەبوو، بۆیە بەشێوەیەك هەموار کرا، کە لەگەڵ بەڵگەنامە ئەساسییەکە بگونجێت کە ئێمەش ئەمەمـان قبووڵە، ئەو بڕگانەی مایەی ناکۆکی بوون، وابزانم لەسـەر زۆریان رێککەوتن کراوە.

**گـوڵان:** باس لەوە دەکرێ کـە ئەم حکومەتەی پێکدەهێنرێت، حکومەتی رازیکردن دەبێت، چونکە هەر لیسـتێك چ وەزارەتێکی بوێ وەریدەگرێت، چی دەڵێی بۆ ئەمە مەسەلەیە؟

**ئەیاد عەلاوی:** ئەگەر وابێت، راستە ئەمە دەبێتە حکومەتـی رازیکـردن و ناتوانێـت ئەرکەکانی سەرشـانی جێبەجـێ بـکات و داخوازییەکانی گەلـی عێراق بهێنێتەدی، بەڵام هیوادارین ئەمە روونەدات، چونکە ئەگـەر ئەمە روویدا، گرفت زیاتر دەبن و گەلـی عێراقیش چیدی بەرگەی

بۆ ئێمەو پێویسـتە سیاسەتمەداران(بە ئێمەشەوە) هوشیار بکاتەوە گرنگی بە پیادەکردنی پرەنسیپی شـەراکەت و پێکهێنانی حکومەت لەسـەر ئەم بنەمایە بدەین، ئەمەش وەك رێزلێنانێك لە گەلی عێراق و سـەقامگیری ناوچەکە و گەلانی ئەم ناوچەیـە، چونکە تا هەتایە ناکرێ ئەم ناوچەیە پشـت بە پاراستنی بیانی و بوونی هێزی بیانی لە ناوچەکە ببەسـتێت، لە کۆتاییشدا هەر دەبێ گەلانـی ئەم ناوچەیە پارێـزگاری لە خۆیان و وڵاتەکانیان بکەن.

**گوڵان:** باس لە ناکۆکی و ئینشیقاق دەکرێ لەنێو لیسـتی ئەلعێراقییە، دەربارەی پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار، ئایا کەسایەتییەکتان هەڵبژاردووە بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار؟

**ئەیاد عەلاوی:** تا ئێسـتا بە شێوەیەکی کۆتایی

**بەشێوەیەکی کۆتایی لەسەر ناوێکی دیاریکراو رێک نەکەوتووین، بەڵام وەک پاڵێوراو ئێستا بەڕێز تاریق ئەلهاشمی پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار**

لەسەر ناوێکی دیاریکراو ڕێک نەکەوتووین، سەرەتا ڕامان لەسەر بەڕێز تارق ئەلهاشمی بوو و نیمچە ڕێککەوتنێکیش لەسەر ئەمە هەیە، بەڵام لای ئێمە هیچ کەسێک تایبەت ناکرێت بە شوێن یان پۆستێکی دیاریکراوەوە و بارودۆخیش ئەمە دیاری دەکات، هێشتا کاتمان لەبەر دەمە، بەڵام وەک پاڵێوراو ئێستا بەڕێز تارق ئەلهاشمی پاڵێوراوە. بەڵام نازانم بۆچی تەنیا باس لە گرفتەکانی ئەلعێراقییە دەکرێ، لە کاتێکدا هەموو کوتلەکانی دیکە تەنانەت حزبەکانیش گرفتیان هەیە، پێموایە ئەمە مەسەلەی وەرچەرخانە بۆ قۆناغێکی نوێ، بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتێکی نەپساوەی کرد بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی خۆی، لەم پێناوەشدا بە چەندین بارودۆخی زۆر سەخت و خوێناوی و چەوسانەوەی بێوێنەدا تێپەڕی، پارتی ئەو حزبە بوو هەموو تەمەنی خۆی لەشەڕ و بەرگریکردندا لە چیاکاندا بەسەربرد، بەڵام ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی خەباتێک دەکات بۆ چەسپاندن و قووڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراتیەت، هەر بۆیە وەرچەرخان بۆ قۆناغێکی نوێ کارێکی ئاڵۆز و سەختە، تەنانەت سروشتی کادر و سەرکردایەتی و بیرکردنەوەی سەرکردەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمە لە هەموو هێزە سیاسییە عێراقییەکان ڕوویداوە، ئێمە ئۆپۆزیسیۆن بووین و دژی ڕژێمی دیکتاتۆری شەڕمان دەکرد، دووچاری چەند گرفتێکی بێ کۆتایی هاتینەوە، ئێستا خۆمان لە شوێنێکی دیکەدا دۆزییەوە، ئێمە خۆمان قوربانی بووین، ئێستا بووینەتە بەرپرس و دەسەڵات، بۆیە کاتێک باسی ئەوە دەکرێت گوایە ناکۆکی و ئینشیقاق هەیە، ئەمانە هەمووی کاردانەوەو دیاردەی ئەم قۆناغە ئینتیقالیەن، ئەوەی زیاتر ئەم باسەی ئاڵۆزتر کردووە، سرووشتی ڕووداوەکانی عێراقە، هەروەها ئاکامی شەڕ و گەمارۆکانی سەر عێراق بووە و دواتریش ئەم شەڕانەی دوایی بەتەواوی دەوڵەتی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە و چەند چەمکێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە عێراق و عێراقییەکانی زۆر ئازارداوە، وەک موحاسەسەی تائیفی و چەند مەسەلەیەکی دیکە.

بەڵام بەڕای من پێویستە ئەم بارودۆخە واقیعە لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە نەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش زۆر شت ماوە بکرێت و زۆریش ماوە کە نەوتراوە، ئەوەی تائێستا وتراوە لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە زۆر کەمە و ئێستاش کەسانێک بەجۆرێك لە ژیانی سیاسیی ڕاهاتوون وەک ئەوەی ئێستاش لە ئۆپۆزیسیۆندا بن و لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە پێگەی دەسەڵاتدان، بەڵام نازانن مانای دەسەڵات چییە؟ ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی سەرەکییە.



**گوڵان:** پێتوایە بەڕێز د.نوری مالیکی دەتوانێت لە ماوەی دیاریکراودا حکومەت پێك بهێنێت؟

**ئەیاد عەلاوی:** ڕاستە لە دەستووردا ٣٠ ڕۆژ دیاریکراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام پێموایە ئەمە بابەتێکی بنەڕەتی و زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە حکومەت ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت:

یەکەم: حکومەتێك پێك بهێنرێت.

دووەم: ئەو حکومەتە بە زووترین کات پێکبهێنرێت جا بە ٣٠ یان ٣٢ یان ٣٥ ڕۆژ بێت.

سێیەمیش: ئەوەیە حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی بێت.

چوارەمیش: حکومەتێك بێت بتوانێت ئەرکەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکات و بەوەفا بێت بۆ بەڵێنەکانی بەرامبەر بەگەلانی عێراق.

ئێمە نابێ لە بۆسەدا بین بۆ یەکتری، وەک دەزانن ئێمە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنمان هەبوو و لە ئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکی و ئیقلیمی و کێشە ناوخۆییەکان، وتمان نابێ گەلی عێراق باجی ئەو ئیستیحقاقە بداتەوە، بۆیە ئێمە قبووڵمان کرد واز لەوە بێنین، ئێستاش ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە شەراکەتی نیشتمانییە نەك پۆست و پایە، هەر بۆیەش وتمان پۆست و پایە گرنگ نییە، بۆ ئەوەی جەخت بکەینە سەر لایەنەکەی دیکە و ئەگەر شەراکەتێکی ڕاستەقینە نەیەتەدی ڕازی نەبین، لەبەر ئەوە پێموایە ئێمە چاودێری ڕۆژ و سەعاتەکان ناکەین بزانین حکومەت پێکدەهێنرێت یان نا، چونکە دەزانین پێویستە بارودۆخێك بێتە ئاراوە و هەندێك تایبەتمەندی نوێ هەبن سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی.

**گوڵان:** بەڕێزت باست لە دەستێوەردانی ئیقلیمی لە بارودۆخی ناوخۆیی کرد و زۆریش لە سیاسەتمەداران دووپاتیان کردەوە کە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییە بووە، ئێستا دوای ئەوەی کەسێك ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت ئایا دەستێوەردان ماوە؟

**ئەیاد عەلاوی:** بێگومان دەستێوەردانی دەرەکی وێنەی هاوکێشەکەی گۆڕی و پێکهێنانی حکومەتی دواخست و ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی لەو لایەنە سەندەوە کە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بوون، هەموو لایەك دەزانن ئەو لایەنەش ئەلعێراقییە بوو، گومانی تێدانییە بەپێی هەموو چەمکەکانی دیموکراسی لە جیهاندا، ئەوەی لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت بۆی هەیە حکومەت پێك بهێنێت، سەرەڕای ئەمەش دەستووری عێراقیش بە هەموو شێوەیەك تەنانەت لەکاتی گەڕانەوەشمان بۆ نییەتی موشەرع، دەرکەوت کە مەبەستی ئەوەیە ئەو لیستەی لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت مافی ئەوەی هەیە حکومەت پێك بهێنێت، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتریش ئەو لیستەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا حکومەتی پێکهێنا، ئەو دواکەوتنەی ئێستا بۆ هەندێك کێشە و مەسەلەی دیکە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە مەسەلەی ڕیشەکێشکردنی بەعس کە ئەو تۆمەتە دراوەتە پاڵ چەند ئەندامێکی ئێمە، ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم مەسەلەیە لە وڵاتێکی دراوسێ موناقەشەی لەسەر دەکرێت نەك لە بەغدا. هەروەها هەندێك تەشکیلاتی سیاسی پێکهاتووە کە بنەما و ڕوخسارێکی دیاریان نییە، بۆیە کە سەرۆك وەزیران هەوڵی پێکهێنانی

ئێستاش کەسانێک بەجۆرێك لە ژیانی سیاسی ڕاهاتوون وەک ئەوەی لە ئۆپۆزسیۆندا بن و لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە پێگەی دەسەڵاتدان، بەڵام نازانن مانای دەسەڵات چییە؟

گرنگ ئەوەیە حکومەتی داهاتوو، حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی بێت و بتوانێت ئەرکەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکات و بەوەفا بێت بۆ بەڵێنەکانی بەرامبەر بەگەلانی عێراق

دەستێوەردانی دەرەکی وێنەی هاوکێشەکەی گۆڕی و پێکهێنانی حکومەتی دواخست و ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی لەو لایەنە سەندەوە کە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بوون

**دانانی خاڵ بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان زۆرتر لەکاری قوتابیانی سەرەتایی دەچێت، رەنگە لەبەر زەرورەت بەمە رازیی بین، خۆ ئەگەر یەکێک لە بیرکاری زیرەک نەبێت رەنگە دوو رۆژی پێویست بێت تا بزانین خاڵەکان چۆن دابەش بکەین، ئەمەش هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە**

**وەک مافێکی دیموکراتی و بۆ دەربرینی نارەزایی خۆمان، بریارمدا دانیشتنەکەی پەرلەمان بەجێبهێڵم پێشتریش سەدرییەکان و چەندانی دیکەش دانیشتنیان جێهێشتووە، بۆچی تەنیا رەخنە لە ئێمە دەگیرێ**

**کشانەوەی من لە پۆستی سەرۆک وەزیران پێوەندی بەو کۆبوونەوەیەوە نییە کە لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و مالیکی گرێدرا**

دەدات، تووشی ئاستەنگ دەبێتەوە، چونکە ئەم کوتلانە پێویستە لەنێوخۆیاندا بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان بەپێی پرەنسیپەکانی شەراکەتی راستەقینە بگەنە رێککەوتنێك. بەڕاستی ئەم بارودۆخە عێراقیان خستە نێو هەندێك باسەوە کە قبووڵ ناکرێن و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی وەك بەریتانیا و ئەمریکا مایەی گاڵتەجارین، ئەو مەسەلانەش وەك مەسەلەی دانانی خاڵ بۆ وەزارەتەکان کە زۆر لەکاری قوتابیانی سەرەتایی دەچێت، یان ئەمە دەبێت و ئەمەیان نابێت، یان دەڵێن سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمان ئەوەند خاڵەی پێویستە، لە کاری سیاسیدا ئەمە ناکرێ، بەڵام لەبەر زەرورەت لەوانەیە هەندێك لەمانە بکەین، هەرچەندە رەنگە دوو رۆژی پێویست بێت تا بزانین خاڵەکان چۆن دابەش بکەین بەتایبەتی ئەگەر یەکێك لە بیرکاری زیرەك نەبێت زۆر زەحمەتە، پێموایە ئەمانە هۆکاری سەرەکین لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت.

**گوڵان:** دوای ئەو رێککەوتنەی لەنێوان سەرۆك بارزانی ونوری مالیکی و بەڕێزت ئیمزا کرا، رەخنەیەکی زۆر لە جەنابتان گیرا بەوەی بۆچی د.ئەیاد عەلاوی لە هۆڵی پەرلەمان چووە دەرەوە دوای ئەوەی لەسەر ئەمە رێککەوتن؟

**ئەیاد عەلاوی:** ئەو کاغەزەی ئیمزای لەسەر کرابوو، چەند رێککەوتنێکی لەخۆ گرتبوو، دەبوو هەموو رێککەوتنەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران رابگەیەنرایە، پێش ئەوەی سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەمە رووی نەدا، بۆیە داوای چارەکە سەعاتێك کاتم کرد تا بەبیر برایانم بێنمەوە و کاغەزەکەش کە ئیمزامان لەسەری کردبوو لە گیرفانم هەڵنەگرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا گوێم لە سەرۆك وەزیران بوو وتی: ئەمە پێویست ناکات زوو ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیە رێك نەکەوتووین، لەم حاڵەتەدا بینیم ئێمە بەر لە چەند سەعاتێك لەسەر شتێك رێککەوتووین و ئێستا لێی پاشگەز بینەوە، وتم ئەمە ماقووڵ نییە، بۆیە وەك مافێکی دیموکراتی و بۆ دەربرینی نارەزایی خۆمان، بڕیارمدا دانیشتنەکە جێبهێڵم، ئەمەش یەکەمجارە لە ئێمە روودەدات، هەرچەندە پێشتر سەدرییەکان و چەندانی دیکەش دانیشتنیان جێهێشتووە، بۆچی تەنیا رەخنە لە ئێمە دەگیرێ.

**گوڵان:** دەمەوێ بە راشکاوانە پرسیارێکت ئاراستە بکەم، من قسەی هاووڵاتیت بۆ دەگوازمەوە، دەڵێن لە سەرەتادا ئەیاد عەلاوی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی راسپێردرێ بە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام دوای چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و نوری ئەلمالیکی وەك خۆی نەما، ئایا رازیکرا بەوەی واز لەو پۆستە بهێنێت؟ یان ئایا لەپێناو بەرژەوەندی وڵات بوو؟ یان هۆکاری تر هەبوو، حەز دەکەین بۆمانی روون بکەیتەوە؟

**ئەیاد عەلاوی:** بە دوو مانگ یان زیاتر پێش دانیشتنە سێ قۆڵییەکەی نێوان من و بارزانی و مالیکی، ئێمە وەك لیستی ئەلعراقیە کۆڕێکمان ساز کرد، لەو کۆڕەدا رامگەیاند، کە ئێمە وەك ئەلعراقیە سەر دادەنوێنین بۆ گەلی عێراق، هەروەها ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژیەکانیش دیسان هەر پێشنیاری ئێمە بوو، ئەمە لەو کاتەی لیستی ئەلعراقیە داوای سەرۆکایەتی وەزیرانی دەکرد، هەروەها هەر ئێمە وەك ئەلعراقیە باسی مەسەلەی شەراکەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و نەخشەی رێگامان کرد، من کە پاڵێوراو بووم بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران وتم ناکرێ من خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکان بم، بۆیە رێککەوتین لەسەر ئەم خاڵانە و ئەنجومەنی نیشتمانی و نیزامی ناوخۆی سەرۆکایەتی حکومەت، ئەمەش واتە نابێ من سەرۆك وەزیران بم و هەموو دەسەڵاتێکم هەبێت، نەك وەك نوری ئەلمالیکی کە هەموو دەسەڵاتێکی بەخۆی داوە و ئەنجومەنی راوێژکاریش هەیە، هەربۆیە شاندی ئێمە لە گفتوگۆکاندا مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی چەسپاند و بە هیچ شێوەیەك باس لە ئەنجومەنی راوێژکاری بۆ من نەکراوە و ئەمانە تەنیا قسەی راگەیاندنە، تەنانەت ناوەکەشی کرا بە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان کە ئەرکیان دانانی سیاسەتی باڵای وڵاتە.

بەشێوەکی گشتی کشانەوەی من لە پۆستی سەرۆك وەزیران پێوەندی بەو کۆبوونەوە نییە کە لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و ئەلمالیکی گرێدرا، بەڵکو لە کۆبوونەوەکە باس لە سێ بابەتی دیکە کرا کە لە پەرلەمان رابگەیەنرێت، لەلایەکی دیکەوە من لەو خەڵکانەم کە پرۆژە بەلای منەوە گرنگە نەك پلە و پۆست، ئەگەر وابوایە منیش دەچوومە نێو لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کە هەر لەو کاتەی کاندید بووم بۆ سەرۆك وەزیران ئەم پێشنیارەیان پێشکەش بە من کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ناسنامەی مەزهەبی من شیعییە، بەڵام حەزم لە موحاسەسەی تائیفی نەبوو، بۆیە نەچوومە نێو هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، بۆ ئێمە گرنگ نییە ئەمە شیعەیە یان سوننەیە یان کوردە، ئێمە هیوامان وایە شەراکەتێکی راستەقینە بێتە ئاراوە و هەموو عێراقییەك ببێتە شەریکێکی راستەقینە لەم وڵاتە و مافی دیاریکراوی هەبێت لە بڕیارداندا نەك کەسێك بۆی دیاری بکات و لە هەمان کاتیشدا بە حساب شەریکێکی یەکسان بێت.





# کەی لەبوارە فەرمییەکانی عێراقدا بەزمانی کوردی دەدوێین؟



عەبدولڕەحمان سدیق

کاراکردنی ماددەی (٤)ی دەستووری عێراق سەبارەت بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەعێراقدا، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێك زیاتر گرنگیی هەیەو کەوتۆتە ئەستۆی خۆمان کەدەتوانین لەرێگەی ئامادەکردنی وەرگێڕی بەتواناو دابینکردنی پێداویستییەکانییەوە، لەسەر کاغەزەوە بیخەینە سەر زەمینی جێبەجێکردن، چونکە —وەك هەمیشە گوتوومە-یەکێك لەو نیشانەو بەڵگانەی کەخوای گەورە کردوویەتی بە (ئایەت) و سەلمێنەری دەسەڵاتی بێپایانی خۆی، بریتییە لەزمانی ئاخاوتن و لەیەك گەیشتنی مرۆڤەکان:

[ومن اياته خلق السموات والارض واختلاف السنتكم والوانكم، ان في ذلك لايات للعالمين ] الروم/٢٢.

واتە: لەبەڵگەو نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوییەو، هەروەها هێنانە ئارای زمانی جۆراو جۆرو لەیەك نەچووی ئاخافتن و، رەنگ و سیمای فرەچەشنی مرۆڤەکانە.

هەر لەبەر ئەمەش بووە کەخوای گەورە پێغەمبەرانی خۆی (درودی خوایان لەسەر) بەزمانی نەتەوەکانیان ناردووە، بۆ ئەوەی لێیان حاڵی ببن و لەیەکتر بگەن، خوای گەورە دەفەرموێت: [وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم ] ابراهيم/٤.

زمانی کوردیش کەزمانێکی سەربەخۆیەو، پەرەسەندنی مێژوویی خۆی هەیەو، چۆنیەتی گەشەسەندنیشی بەدرێژایی رۆژگار، شێوەیەکی تەواو سەربەخۆی هەیە، یەکێکە لەو زمانانەی لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ کورد پێی دەدوێت، شایانی ئەوەیە ئاوڕی باشی لێ بدەینەوەو، چۆنیەتی بەکارهێنان و بایەخ پێدانی بەهەند هەڵبگرین.

زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە بەچەندین پەیڤ و وشەو دەستەواژە، چونکە جۆراوجۆری دیالێکتەکانی زمانەکە هۆکاری یاریدەدەر بوونە لەم بوارەداو، مۆرکێکی رەسەنی زمانێکی یەکگرتوو بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا، سرووشتی کوردستان زۆرجار بۆتە هۆی سەرەکی زیادبوونی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی ئاخاوتن و تۆزێك بەزەحمەت لەیەك گەیشتن لەنێوان ناوچە لەیەك دوورەکان، ئەمەش هەقیقەتێکی قورئانییەو خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە:

[حتى اذا بلغ بين السدين وجد من دونهما قوما لايكادون يفقهون قولا ] الكهف/٩٣.

ئیمامی (قرطبی ) دەڵێت: (لايفقهون غيرهم كلاما ).

ئیمامی (شوکانی ) دەڵێت: (لايعرفون غير لغة انفسهم) .

د.حجازی لە (التفسير الواضح) دا دەڵێت: (لاتكاد تعرف لغتهم الا بصعوبه ).

دیارە لەئەنجامی لێك دابڕانی سرووشتی ناوچەکانی کوردستان لەیەکتر وای لێهاتووە کەزیاتر لەیەك دیالێکتی ئاخاوتن بەزمانی کوردی بێتە ئارا.

هەر ئەم جیاوازی لەهجەو دیالێکتەش بێگومان لەبەر دوو هۆی سەرەکی جوگرافی و سیاسی بووە، جوگرافی واتە: بوونی چیای سەخت و دۆڵی هەزار بەهەزارو بێ رێگاو بانی و لێکدابڕانی خێڵەکان و کەمیی تێکەڵیی هۆزەکان و بەیەك گەیشتنی بەزەحمەت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە هەر ئەم گۆشەگیریەش لەسەرێکی ترەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە کاریگەری (سلبی ) زمانە بێگانەکانی

دی پاراست و کاریان تێ نەکرد.
هـۆی سیاسـیش بەهـۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەرتاسەری کوردستانییەوە کەهەموو کوردسـتان بگرێتەوە، بۆیە کەلەپـوور و ویژەیەکـی هاوبەش پێك نەهات، گەرچی سـەرباری ئەمەش هێشـتا — لەهەندێك شـوێن نەبێ — سنوورێکی زەق و هەست پێکراو لەنێوان هەرچـوار دیالێکتە سـەرەکییەکەی زمانی کوردیدا نییە.
جا بۆیە لەپێنـاوی بەزیندوو راگرتنی زمانـی کوردیمـان پێویسـتە وەکو ئەرکێکی شەرعی و نیشتمانی، چەند هەنگاوێکی گرنگ بنێن لەوانە:-
یەکـەم: هەوڵـدان بـۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانـی ئێسـتاو داهاتوومان بەزمانی کوردی و پاشان بڵاوکردنەوەیان لەزۆربـەی ناوەندە رۆشـنبیرییەکانی جیهانی ئیسلامیی و دەرەوەدا، بەمەش گەلانی موسڵمان و دنیا بەزمانەکەمان ئاشنا دەبن و خەڵکانێکیش ئامادە دەبن کە بیانگۆڕنە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان و، بـۆ دنیاش دەیسـەلمێنین کـە زمانێـك هەیە بەنـاوی زمانی کوردییـەوە، بەمەش شـتێك دەخەینە سـەر بینـای شارسـتانیەتی کورد، چونکە نووسینەوەی کتێب و نامیلکەو باس و هەندێك گۆڤـارو بڵاوکراوەی نەتەوەکەمان بەزمانی گەلانی دراوسێ بوو بە هۆی فەوتاندنی سـامانێکی رۆشـنبیریی گەورەی گەلەکەمان و، لەباشترین حاڵەتیشـدا خراونەتە سەر خەرمانی ژیاری ئەو گەل و نەتەوانەی دی.
دووەم: ئاخاوتـن و نووسـین بەزمانی کوردی ئەرکێکی شـەرعییەو بەزیندو راگرتنی زمانی خواکردی نەتەوەییمان، بریتییـە لەزیندوو راگرتنی بەڵگەیەك و ئایەتێك لەبەڵگەکانی باڵادەسـتیی خوای گەورەو، بەئەنجـام گەیاندنی ویستێکی خوایی، کەبەئیرادەی خوای گەورە ئێمە کوردین و زمانمان زمانی کوردییـەو، کوردسـتانی بۆ کردووین بەنیشتمان.
سـێیەم: کە پێغەمبـەران — درووی خوایان لەسـەر — پەیامی گەورەیان بەزمانی نەتەوەکەی خۆیان بەخەڵکی گەیاندبێـت، دەبێت زانایـان و ئایین دۆسـتانیش بەزمانـی کـوردی ئەم پەیامەی ئایین بەگەلی کوردسـتان رابگەیەنن.
چـوارەم: تێگەیاندنـی کاربەدەسـت و گەلانی دراوسـێ کەسـڕینەوەی بەڵگەکانـی دەسـەڵاتدارێتی خوای گەورە تاوانەو، لەوانەش هەر هەوڵێك بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی بدرێت لەهەر پارچەیەکی کوردسـتاندا تاوانەو، هەر وەك هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ئاسمانەکان و زەوی، کەلە پاڵ جیاوازیی و جۆراو جۆریـی دەنگەکان و رەنگـەکان دا، نیشانەی ئاشکرای باڵادەستیی خوای گەورەو میهرەبانن.
پێنجـەم: لەپاڵ زمانـی کوردیدا،کە زمانی رەسـمی نووسـین و خوێندنە لەقوتابخانـەو دەزگاو فەرمانگەکان لەهەرێمی کوردسـتاندا، نەتەوەکانی دیش مافـی ئاخاوتـن و خوێندنیان هەبێت بەزمانی خۆیان.
شەشـەم: بەڕەسمی ناسـینی زمانی کـوردی لەگشـت کـۆڕو کۆنگرەو سـیمیناره جۆراو جـۆرەکان و، دیدارە رۆژنامەگـەری و تەلەفزیۆنییـەکان لەسەرتاسـەری هەرێمی کوردستانداو تەرجەمەکردنی بۆ ئەوانەیش کە لەزمانی کوردی ناگەن، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین زۆرێك لەوڵاتانی خاوەن زمانی نەتەوەیی خۆیان ئەمرۆ لەبەردەم شاڵاوی بەجیهانی کردن و عەولەمەو سـەپاندنی زمانی ئینگلیزیدا، ئێستا هەوڵێکـی یەگجار زۆر بەخەرج دەدەن بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتییان لەپێش هەمووشیەوە پاراستنی زمانی نەتەوەییـان، لەوانـەش (فەرەنسـا) کەئەمساڵ (١٩٨٨) بڕیاری گرنگی بۆ پاراستنی زمانی فەرەنسی داوە لەو بڕیارانەش:-
*دەبێـت لـە ٦٠٪ی بەرنامەکانـی تەلەفزیۆنەکانی فەرەنسا ئەوروپی بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی بەرنامە ئەمریکییـەکان کەهەمووی بەزمانی ئینگلیزین.
*راگرتنـی تـەواوی یارمەتییـە ماددییـەکان لەگشـت ئـەو کۆڕو کۆبوونەوەو سـیمینارە رۆشنبیرییانەی کەلە (فەرەنسا)دا دەگێڕدرێن و، زمانی (فەرەنسی) ناکەنە زمانی سەرەکی لەو کۆبوونەوانەدا.
*هەوڵدان بـۆ دەرکردنی یاسـایەك کەبەهۆیەوە رێگـە بگیرێت لەهەموو لێپرسـراو و کاربەدەستێکی فەرەنسی گەر بەزمانێکی بیانی بدوێن لەکاتی لێدوان بۆ هۆکارەکانـی راگەیاندن و دیمانە رۆژنامەگەرییەکاندا.
جـا بۆیە ئێمـەی کوردیـش هەقی خۆمانەو، بگرە ئەرکی سەرشانیشمانە کەبەهەموو شێوەیەك لەخەمی بەزیندوو راگرتنی زمانەکەمانـدا بین بەهۆی ئەو هەنگاوانەی لای خوارەوە:
١ — هەوڵدانی زانستیانەو ئەکادیمیانە بۆ هێنانـە ئارای زمانی یەکگرتووی کـوردی، بەهـۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی نووسـین و خوێندنی کوردی بەزاراوە رەسـەنەکانی دیالێکتە جۆراو جۆرەکانـی زمانی کوردی و، ئەمەش لەرێگـەی پرۆگرامـی خوێنـدن لەقوتابخانەکانداو، لەڕێی هۆکارەکانی راگەیاندنـی بیسـتراو و بینـراو و خوێنراو، هەروەها لەرێگەی ئەدەبیاتی حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان و، کۆمەڵەو گروپە ئەدەبی و رۆشنبیریی و هونەرییەکانەوە.
٢ — بەکارهێنانـی زمانـی کوردی لەلایـەن لێپرسـراوی دام و دەزگا حکومییەکانـی هەرێم و، سـەرکردەو لێپرسراوانی حزبە کوردستانییەکانەوە، لەو دیمانە رۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنی و رادیۆییانـەی کەلەگەڵیاندا ئەنجام دەدرێت، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم.
٣- کراکردنـی مـاددەی (٤)ی دەستووری عێراق کەتایبەتە بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیـدا لەعێراق و، دانانی وەرگێڕو سیستمی وەرگێڕانی راستەوخۆ لەبوارە فەرمییەکانی عێراقدا بۆئەوەی کورد بتوانێت بەزمانی خۆی بدوێت.

گوڵشەن ئۆرهان پەرلەمانتاری کورد لەتورکیا بۆ گوڵان:

# پێشنیار بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەتی تورکیا دەکەم تا لە یادوەرییەکانی هەڵەبجە و نەورۆزدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن



تایبەت بە گوڵان- ئەنقەرە

گوڵشەن ئۆرهان لەساڵی ١٩٧٠ لە باخچە سەرای شاری وان لەباکووری کوردستان لەدایك بووە. دەرچووی بەشی ئارکۆلۆژی زانکۆی ئەنقەرەیە. ئەو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر لیستی AKP بووە ئەندام پەرلەمانی تورکیا.

باوکی گوڵشەن (ناجی ئۆرهان) بۆ چوار جار لەسەر یەکتر سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی باخچەسەرای کردووە. گوڵشەن دوو خوشك و چوار برای هەیە.

هەرچەند گوڵشەن سەرەتا بەهۆی خوێندنی زانکۆ، پاشان بەهۆی ژیانی هاوسەرگیری و دواتریش بۆ کاری پەرلەمانی بەساڵانە لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا دادەنیشێت، بەڵام کاتێك پێ دەنێیتە دەرگای پێشوازی ماڵەکەیەوە، هەست دەکەیت ئەو ماڵە لە ئەنقەرە نییە بەڵکو لە وانە. لە ستایلی ماڵەوە بگرە تا شێوازی میوانداریەتی قسەکردن و هەموو شتەکانی تر ڕەنگدانەوەی کەلتوور و ژیانی کوردانەیان لەسەرە. بۆ قسەکردن لەسەر بەرنامەی AKP بۆ دیموکراتی و کرانەوە و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، خاتوو گوڵشەن لە ماڵەکەی خۆی لە ئەنقەرە پێشوازی لە پەیامنێرانی گوڵان کرد و لە هەڤدیتنێکی تایبەتیدا خاتوونی پەرلەمانتاری تورکیا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوە.



**بۆ ئەوەی لە نێو گەلانی تورکیادا ئاشتی بەرقەرار ببێ، پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت**

**تا ئەو کاتەی پارتی دادو گەشەپێدان دەسەڵاتی وەرگرتووە، سیستەمی تورکیا زوڵمی لەهەموو کەسێک کردووە**

**بە سەرسامی و دڵخۆشییەوە سەیری ئەو پێشکەوتنانە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون. کورد نەتەوەیەکە زەحمەتی زۆری بینیوە. رووبەڕووی هەموو تاوانە خراپەکان بۆتەوە**

**گوڵان:** لە ئاهەنگی کردنەوەی کەناڵی TRT6 بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیرانی تورکیا،کە بینیمان گوڵشەن ئۆرهان گۆرانی دەڵێت زۆر سەرسام بووین. لە خۆمان دەپرسی ئایا ئەمەی گۆرانی دەڵێت گولشەن ئۆرهانی پەرلەمانتارە یان یەکێکی ترە؟

هەر بۆیە پرسیاری خۆمان لەوەوە دەست پێدەکەین ئایا بەر لەوەی بێیتە ناو جیهانی سیاسەت گۆرانیت چڕیوە و کاری هونەریت کردووە؟

**گولشەن ئۆرهان:** من وەك پیشە هیچ کاتێك بە هونەر و مۆزیك خەریك نەبووم. من تەنیا وەك خولیا و ئارەزوو لەگەڵ مۆزیك پێوەندیم هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەز لەهەموو شێوازەکانی مۆزیك دەکەم. پێم دەڵێن دەنگت زۆر خۆشە. چەند ئەندامێکی خانەوادەکەشم دەنگیان خۆشە. براکەم، باوکم، پوور و منداڵەکانی دەنگیان زۆر خۆشە. لەبەر ئەوەی زۆر حەز لە مۆزیك دەکەم هەر لەخۆمەوە گۆرانی دەچڕم. هیچ کارێکی پیشەییانەی هونەریم نەبووە.

**گوڵان:** لەناو خانەوادەکەت کەسێك هەیە، وەکو پیشە پێوەندی بە هونەر و مۆزیکەوە هەبێت؟

**گولشەن ئۆرهان:** کەسێك نییە لە خانەوادەکەم وەك پیشە پێوەندی بە مۆزیکەوە هەبێت.

**گوڵان:** ئەی چۆن هاتیتە ناو جیهانی سیاسەتەوە؟

**گولشەن ئۆرهان:** سیاسەت لە ژیانی من زۆر دوور بوو. لەو ساتەی کە تەمەنم ٤٠ ساڵە. کاتێك سەیری ژیانی رابردووی خۆم دەکەم بەردەوام لە سیاسەت دوور بوومە. سەرەتا بە خوێندنەوە خەریك بووم، دوای هاوسەرگیریم بە منداڵەکەمەوە خەریك بووم. دواتر جارێکی تر گەڕامەوە سەر خوێندن. دوای ئەوەی لەسەروبەندی دەستپێکردنی کاربووم، وەکو ئەندام پەرلەمان دەستنیشان کرام. باوکم بەساڵان سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی ( باخچە سەرای ) سەر بەشاری وان بوو. من زۆر بیرم لەوە نەدەکردەوە. دواتر لەسەر پێشنیار و داوای باوکم بۆ پەرلەمانی تورکیا خۆم کاندید کرد.

**گوڵان:** ئاستی خوێندنت چییە؟

**گولشەن ئۆرهان:** من دەرچووی بەشی ئارکۆلۆژی زانکۆی ئەنقەرەم. واتە من ئارکۆلۆگم. پێشتر لە بەشی بیناسازی زانکۆی ئەنقەرە پەسەند کرام. بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاواز بۆ ماوەیەك دەستبەرداری خوێندن بووم. دوای ١٧ ساڵ جارێکی تر تاقیکردنەوەی پەسندکردنی زانکۆم دایەوە لە بەشی ئارکۆلۆژی زانکۆی ئەنقەرە درێژەم بەخوێندن دا. لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر لیستی AKP وەکو پەرلەمانتاری شاری وان بوومە ئەندام پەرلەمانی تورکیا.

**گوڵان:** پارتی دەسەڵاتداری تورکیا AKP کە ئێوەش ئەندامن تیایدا، بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو دەنێت. ئەوەی تا ئێستا کراوە چۆن دەیگرنە دەست؟

**گولشەن ئۆرهان:** AKP لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا، بەتەنیا پارتی توێژێك نەبووە. لەبەر ئەوەی لەهەموو تورکیا دەنگی هێنا، تاوەکو بێتە پارتی هەموو تورکیا رۆڵێکی بەم شێوەیەی گرتە ئەستۆ. لەناو ٨٠ شار و هەموو توێژەکان، پەرلەمانتاری هەیە. بۆ نموونە من ژنم، لەگەڵ تەواوکردن و تەواونەکردنی زانکۆ، بوومە پەرلەمانتاری ئەم شارە.

جگە لە خۆم چەندین هاوڕێی پەرلەمانتارم هەیە کە خاوەن چیرۆکی جیاوازترن لە ژیان. لەبەر ئەمە ناچارە هەموو کێشەکانی تورکیا ببینێ و چارەسەریان بکات. لەسەرەتاوەش بە چارەسەری کێشەی کورد، کێشەی باوەڕی، کێشەی عەلەوییەکان، کێشەی ئابووری و هەژارییەوە خەریك بووە. بەبێ هیچ گومانێك لەناو ئەو کێشانەدا کێشەی هەرە گەورە کێشەی کوردە. چونکە چ لەسەر ئاستی ناوخۆدا بێ چ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی کێشەی کورد رووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە. لەوانە هەموویان گرنگتر، بۆ ئەوەی لە نێوان گەلانی تورکیادا ئاشتی بەرقەرار ببێ پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. سەرۆك وەزیر و ستافەکەی دەخوازن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و لەم روانگەیەشەوە هەنگاو دەنێن. هیچ شتێك لە ئارادانییە کە ببێتە مایەی هەنگاونان بۆ دواوە.

**گوڵان:** باشە، ئەگەر تۆ پێتوایە هەنگاونان بەرەو چارەسەریی کێشەکان گەڕانەوە نییە بۆ دواوە، ئایا چارەسەریی کەی دێتە دی. بەروارێکتان بۆ ئەمە دەستنیشان کردووە؟

**گولشەن ئۆرهان:** ئەوە کێشەیەك نییە لەچ ئان و ساتێکدا چارەسەر بکرێت. بەداخەوە رووبەڕووی کێشەیەك دەوەستین کە ٨٠ ساڵە چارەسەر نەکراوە. لەم قۆناغەدا بۆ چارەسەری خەریکە هەندێك شتی دیکە پێ دەگات. لەناویاندا زمانی کوردی، مێژوو، کەلتوور و هونەر کە لە ئاستی نەماندا بوون و خەریکە بە پەروەردە دەژێنەوە. بۆ دەستبەرداربوون لە زمانی فەرمی دەربارەی ئەو کێشەیە چەمکی چەوت لە ئارادایە. بۆ ئەمە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناو ئەو پێکهاتەیە زۆر زەحمەتە. لەم روانگەیەشەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەبێت هەموو تورکیا رازی بکرێت. هەست بە زەحمەتیەکانی ئەو کێشەیە دەکەین. بەڵام لەهەمان کات زۆر باوەڕمان بە خۆمان هەیە. سەرۆك وەزیر زۆر بە ئیرادە و باوەڕە.بڕوای بەوەیە جیهان دەگۆڕێت، دەبێت هەرێمەکەشمان بگۆڕێت. لەبواری دیموکراتی بوون هەنگاوی گرنگمان ناوە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش مەودایەکی زۆرمان بڕیوە، بەڵام هێشتا زۆر کارمان ماوە.

**گوڵان:** بەشێوەیەکی گشتی کێشەی خەڵکی کورد کێشەی کۆمەڵایەتیە. یەکێك لەو کێشانەش کێشەی ئافرەتە. دەربارەی مافەکانی ژنان پێشکەوتنەکانی ناو تورکیا چۆن دەبینن؟

**گولشەن ئۆرهان:** لەناو ئەو ململانێیەی سەبارەت بە دیموکراتیبوون لە ئارادایە کێشەی ژنیش جێی خۆی دەگرێت. تا ئەو کاتەی AKP هاتۆتە سەر دەسەڵات، سیستەمی تورکیا زوڵمی لەهەموو کەس کردووە. لەم روانگەیەوە بۆ ئەوەی ئافرەتەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای تورکیا مافەکانیان بەدەست بێنن هەنگاو نراوە. بۆ ئەوەی جیاوازی ئەرێنی لەناو ژنان بێتە ئاراوە چەندین یاسا هەموارکران. لەمەولا ژنان لەهەموو لایەنەکانی ژیان دەتوانن کاریگەر بن.

بۆ ئەوەی منداڵانی کچ بە پەروەردەیەکی کاریگەر تێپەڕببن، چەندین یاسا هەموارکراوە. بۆ نموونە وەزیری پەروەردە، بۆ پەروەردەکردنی منداڵان چەندین هاوکارییان پێ دەبەخشێت، بەڵام بڕی هاوکارییەکە بۆ کچان زیاترە. ئەو داب و نەریتانەی ئاستەنگن لەبەردەم جێگرتنی ژنان لەناو سیاسەتدا ئەوا بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەر دێت.

**گوڵان:** لەناو ریزەکانی AKP چەند ژنە

پەرلەمانتاری کورد هەیە؟

**گولشـــەن ئۆرهان:** ژمـــارەی پەرلەمانتارە ئافرەتە کوردەکانی ناو AKP پەرلەمانتارە. یەکێکیـــان لـــە ئاگری، یەکێکـــی تر لە مـــووش، وان، ئورفا و ئەســـتەنبۆڵ، پێنج پەرلەمانتاری ژنی کـــورد لە هەڵبژاردنی رابردوو سەرکەوتن.

**گوڵان:** دەربـــارەی پرســـی ژنانی کورد، پرســـیارمان ئاراســـتەی هەندێـــك لـــە رێکخراوەکانی ژنان کـــردووە. بە گوێرەی ئەوان :» ئەو ژنـــە کوردانەی کۆچبەری رۆژئاوای تورکیا بوونە، کارکردن دەربارەی پرسی کورد بۆ ئەوان زۆر گرنگ نییە». ئایا تۆ پێتوانییە لەم روانگەیەوە پێویســـتە ژنانی کورد لە رۆژئاوا ژنانی رۆژهەڵات تەواو بکەن؟

**گولشەن ئۆرهان:** من پێموایە ئەو خوێندنەوەیە راســـت نییە. واتە ئەو خوێندنەوەی ژنانی کورد لە رۆژئاوا گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشـــەی کورد نادەن، هەڵەیە. ژنانی کورد لە رۆژئاوا تا ئاستێکی باش پەروەردەکراون، بە گوێرەی تواناکانیان، لە هەموو کێشەکان و کێشـــەی ئەتنیش لەناویاندا پێوەندیدارن. من یەکێکم لەو ژنانە. بەڵام لەهەمان کات پێویســـتە چاوەڕێی ئەوە نەبین هەموومان لەیەك ئاســـتدا بەشـــداری لەدۆزینەوەی چارەســـەرەکاندا بکەیـــن. لـــە پەرلەمانی تورکیا یەکەمین جارە کۆمسیۆنێك دەربارەی یەکســـانی ژن و پیاو دادەمەزرێت. ئەرکی ئەو کۆمسیۆنە چاودێریکردنی هەلومەرجی تەواوی ژنانی تورکیایە. پێموایە لە ماوەی ٩ ســـاڵی رابردوو زۆر شـــت بەناوی ژنان جێبەجێ کـــرا. لە بوارەکانی سیاســـەت، بازرگانی و گەشـــتوگوزار چەندین ژنی کوردی بەتوانـــا هەیە. لە بواری ئابووریدا ژنـــی وا هەیە جێگای زۆر هەســـتیاری گرتـــووە. هەروەهـــا لە بـــواری مۆزیك و هونەریـــش ژنی کـــوردی زۆر کارا هەیە. کاتێك لەیەك ســـاتدا بیر لەوانە هەموویان دەکەینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژنان هیچیان لە پیاوەکان کەمتر نییە. هەموویان کەســـانێکن کە زانیاری تەواویان دەربارەی کەلتوور و مێژووی خۆیان هەیە.

**گوڵان:** پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**گولشـــەن ئۆرهـــان:** بـــە سەرســـامی و دڵخۆشیەوە سەیری ئەو پێشکەوتنانە دەکەین کە لە هەرێمەکەتان بەدەست هاتوون. کورد نەتەوەیەکە زۆر زەحمەتی بینیوە. رووبەڕووی هەموو تاوانە خراپەکان بۆتەوە. کارەســـاتی هەڵەبجەمـــان لەبیر نەکردووە. تا ئێســـتا هۆشـــمان یادەوەرەی رووداوە دڵتەزێنەکانی لەبیـــر نەچـــووە. گەلێك کە تـــا دوێنێ رووبـــەڕووی نەهامەتی، ئازار و زەحمەتی ببێتـــەوە، کاتێك ئەمڕۆ دەیبینین لەســـەر خاکەکەی بە ئازادانە ژیان بەســـەر دەبات، پێشکەوتنێکە لەناخەوە زۆر زۆر دڵخۆشمان دەکات. تورکیا لـــەم قۆناغە پێوەندیەکانی لەگـــەڵ هەرێمی کوردســـتان گەیاندۆتە ئاستێکی زۆر باش. بێگومان ئەو راستیەش لەنـــاو سیاســـەتی AKP رەنگدەداتـــەوە کاتێك لەگەڵ دراوســـێکانی سیاسەتی ( سفرکردنەوەی کێشـــەکان ) پەیڕەو دەکات. چونکە لەو کاتەی ئاســـتی کێشـــەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ گەیشتە ئاستی سفر دیالۆگ دەســـت پێدەکات. بەڵام بەر لە ٩ ســـاڵ تورکیا لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوســـێی کێشـــەی هەبوو. جگـــە لەمە رێکخراوەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنیـــش لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێوەندی ئاست بەرزیان سازکرد، لەناویاندا لە خانەوادەکەشم چەند کەسانێك هەیە.

**گوڵان:** ئایا نیازتان هەیە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن؟

**گولشـــەن ئۆرهان:** بێگومـــان نیازم هەیە ســـەردانی هەولێر و شارەکانی تری هەرێم بکەم. لـــە یەك دوو مانگی داهاتوو هەوڵ دەدەم ئەو بەرنامەیەم جێبەجێ بکەم.

**گوڵان:** ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و هەموو بەرپرســـانی دیکەی، جەخت لەوە دەکەنـــەوە کە کێشـــەی کورد لـــە تورکیا تەنیا بە شـــێوازی سیاســـیانە چارەســـەر دەکرێت. وەکو AKP چۆن ئەم هەڵوێســـتە هەڵدەسەنگێنن؟

**گولشەن ئۆرهان:** بە دڵنیایی هەڵوێستێکی زۆر راستە. کێشەی کورد کێشەیەکە تەنیا و تەنیا بە دیالۆگ چارەسەر دەکرێت. لەم قۆناغە هەڵدانـــەوەی لاپەڕەکانی رابردوو زۆر واتای نییە. کێشەکە بە توندوتیژی نا، بەڵکو لەسایەی ئەو شێوازەی سیاسیە ئەمڕۆ پەیڕەوکراوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزتری چارەســـەری. ئەو ئازارەی چێشـــتوومانە چ تاکەکانی رۆژئـــاوا بێ یان رۆژهەڵات ناگەیەنێتـــە شـــوێنێکی تـــر. لەهەموو خێزانێـــك قوربانییەك هەیـــە. گەڕانەوەی تەرمـــی گەریـــلاکان لە چیـــا هەروەها گەڕانەوەی تەرمی سەربازەکان لەو هەرێمە رووداوێکـــی زۆر جەرگبـــڕە. بۆ ئەمەش هەموو مرۆڤەکان بەبـــێ لەبەرچاوگرتنی قوربانییەکان ئارەزووی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن بە دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن. لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ٥٨٪ هاووڵاتیانـــی تورکیـــا باوەڕیان بە AKP دەکـــەن. هەموویان بۆ ئەو برایەتیە، بۆ ئەو بەیەکەوەبوون و چارەســـەریە ئامادەن. ئیتر کار گەیشتۆتە ئاســـتێك دەربارەی خوێندن بە زمانی دایك قســـەدەکرێت. کوردەکان بە رادەی تورکـــەکان ئازادن، بە زمانی خۆیان قســـەدەکەن و خاوەنداریەتی لە کەلتووریان دەکەن و بەکوردی گۆرانی دەڵێن. بەداخەوە تورکیـــا بەمێژووی ٨٠ ســـاڵەی فەرمی خۆیەوە هەوڵی سەلماندنی نەبوونی کوردیدا. بە دڵنیایـــەوە پێتان دەڵێم کێشـــەی کورد چارەســـەر دەکرێت. ئیتر رۆژە ناخۆشەکان لەدوای خۆمان بەجێ دێڵین. گەلیش ئەمە داوا دەکات. حکومەت پێداگیری لەســـەر ئەمە دەکات و گەلیش پشتگیری دەکات.

**گوڵان:** لە ٢٩ مانگی تشـــرینی یەکەمی رابـــردوو هەرێمی کوردســـتان بەشـــداری لە ئاهەنگی یادکردنـــەوەی دامەزراندنی کۆمـــاری تورکیا کـــرد. ئایـــا لەمەودوا بەرپرســـانی تورکیـــاش بەشـــداری لـــەو یادوەرییانەی کە بۆ کورد گرنگن ناکەن؟

**گولشەن ئۆرهان:** بۆچی نا. ئەمە شتێکی زۆر ئاســـایی و سروشـــتیە. بۆ نموونە بۆ پیرۆزباییەکانی جەژنی نـــەورۆز، ئەگەر لـــە حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتانەوە، بانگهێشـــتی هەندێك لەبەرپرسانی تورکیا بکرێت، ئەوا بەرپرســـانی تورکیا لەوانەیە بەشـــداری لە ئاهەنگەکان بکەن. ئەمەیان پەیوەســـتە بە پتەوی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا. ئەگەر بەرنامەیەکی بەم شێوەیە هەبێت، منیش ئارەزووی بەشـــداری کردنم هەیە. لەم بارەیەوە هیچ ئاستەنگێك نییە. هەوڵ دەدەم ئەو پرســـیارە وەکو پێشنیارێك بگەیەنمە لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەت. هیچ گومـــان و لاریمان نییـــە کە دەبێت پێوەندیەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردســـتان لەباکووری عێراق لە چوارچێوەی پێوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی تردا بێت.


**گـــوڵان:** بۆ وەڵامدانەوەی پرســـیارەکان و میواندارێتان زۆر سوپاستان دەکەین.

**گولشـــەن ئۆرهـــان:** منیش سوپاســـتان دەکەم.

**کێشەی کورد کێشەیەکە تەنیا و تەنیا بە دیالۆگ چارەسەر دەکرێت. لەم قۆناغە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو زۆر واتای نییە**

**لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە ٥٨٪ هاووڵاتیانی تورکیا باوەڕ بە رێگەچارەکانی پارتی دادو گەشە پێدان دەکەن**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان بەرنامەی هەبێت بۆ ئەوەی بەرپرسانی تورک بەشداری بۆنەکانی کورد بکەن، لەوانەیە بەشداری بکەن، من ئەم پێشنیارەی گۆڤارەکەتان بۆ لایەنە پێوەندارەکانی حکومەت دەخەمەڕوو**



# هــــاووڵاتیـــــانی مەخـمور گـلەیی و گـازندە

مەخمور لە ساڵی ١٩٢٧ەوە بووە بە قەزا، ناحییەکانی (دیبەگە و مەلاقەرە و قەراج و گوێـــڕ) و (٢٠٦) گونــد لەخۆدەگرێت، لە ســەردەمی ڕژێمــی بەعس دا (١٤٠) گونــدو ناحیەکانی دیبەگەو مەلاقەرە وێرانکران،دانیشــتووانی ناوچەکە لە (٨٠٪)ی کورد و (٢٠٪)ی عەرەب پێکهاتووە، تا ساڵی ١٩٩٦مەخمور سەر بــە پارێزگای هەولێر بووە، بەڵام بە بڕیارێکی شۆفینســتانەی بەعس لە(١٩٩٦ )ەوە بە پارێزگای موسڵەوە لکێنراوە ...





گوڵان
ژماره (٨٠٩)
٢٠١٠/١٢/١٣



# ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن

**بارزان سەید کاکە قایمقامی مەخمور بۆ (گوڵان):**

# باشترین هەنگاو تا ئێستا ئەوە بوو کاتێک سەرۆک بارزانی داوایکرد کە پێویستە بەگشتی بەشێک لەپارەی نەوت بۆ ناوچە دابڕاوەکان تەرخان بکرێ و قەزای مەخموریش بایەخی پێ بدرێت

**شاری مەخمور بەهۆی خراپی ئیدارەی موسڵ و ئەو کارە شۆفینیانەی دەرهەق بەناوچەکە دەکرێت، لەبوارەکانی خزمەتگوزاریدا بێبەش بووە**



تیمێکی گوڵان بەرەو شارۆچکەی مەخمور بەڕێکەوتن، لەڕێگا دیمەنی وشکایی ناوچەکە سەرنجی راکێشابوون، گەرچی ئەو ناوچەیە دارودرەخت و سەوزایی کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووبەرێکی بەپیتی فراوان پێك دەهێنێت،چونکە باشترین خاکی هەیە بۆ کشتوکاڵ بەتایبەت خاکێکی بە بەرەکەت بۆ چاندنی گەنم و جۆ، هەروەك چۆن قایمقامی مەخمور پێی راگەیاندون کە ناوچەکەیان خاوەنی (یەك ملیۆن دۆنم) زەوی کشتوکاڵییە، بۆیە قەزای مەخمور بەوە ناسراوە کە دەتوانێ پێداویستی ئاردی هەموو وڵاتی عێراق دابین بکات و سایلۆیەکی گەورەی لێیە (٢٠٠ ) هەزار تەن گەنم و جۆ لەخۆدەگرێت.

جگە لەوە چیای قەرەچوغ چەندین جۆر کانزای تێدایە، هەروەها (٣٠٠ تا ٤٠٠) بیرە نەوت لەسنوورەکەیدا هەیە، لەدووتوێی راپۆرتەکەیاندا تیمی گوڵان چاویان بەژمارەیەك لەدانیشتووانی شارەکە کەوتووە، کەموکورتی خزمەتگوزارییەکان و یەکلایی نەبوونەوەی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان و فەرامۆشکردنی ئیدارەی پارێزگای موسڵ لەگرنگترین خەمەکانی ئەو هاووڵاتیانە بوون، ئیدارەی پارێزگای موسڵ بەتەواوەتی و یەگجاری شارەکەیانی فەرامۆش کردووە، هاوکات هاووڵاتیان رەخنە و نارەزایەتی گەورەیان بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە و بەکەمتەرخەمیان داناوە، لەبەرامبەر تەرخان نەکردنی بودجەیەك بۆ ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان، لەکاتێکدا ئەوان لەگەڵ هێزە شۆفێنیەکانی پارێزگای موسڵ و تیرۆرستان لەپێشەوەی رووبەڕووبوونەوەدان، گەرچی بەپێی وتەکانی قایمقامی مەخمورلە ساڵی ١٩٩٢ کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دامەزراوە تاساڵی ٢٠٠٣ لەماوەی ئەو ١١ساڵەدا حکومەتی کوردستان پتر لە سێ هەزار گوندی ئاوەدانکردۆتەوە و پرۆژە و کارو ئیشێکی زۆری بۆ شار و

شــارۆچكەكانی كوردستان ئەنجامداوە، بەڵام مەخمور و ناوچەكە لەو كارەخزمەتگوزاریانەی حكومەتی كوردســتان تا رادەیەك بێبەشبوون، بەمەش مەخمــور زیانێكی گەورەی لەبواری ئاوەدانكردنەوە بەركەوتووە. لەدوای (٢٠٠٣) وەش دوو ئیدارەیــی كاریگــەری نێگەتیڤی لەسەر قەزای مەخمور دروستكردووە.

لــە ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ كە لیســتی برایەتی نەینەوا لە موســڵ باڵا دەســت بوو هەندێك خزمەتگــوزاری لە مەخمور پێشــكەش كرا، بەڵام ناكرێت دانیشتووانی ئەم ناوچە فراوانە تاكو ئێســتاش كارەباكەیان بەتۆڕی كارەبای نیشتمانی نەبەســترابێتەوەو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیان نەبێت و پرۆژەكانی ئاودێری لەناوچەیەكی كشتوكاڵی و لــەوەڕگادا پشــتگوێ خرابێــت و دەیان پێداویستی تری هاووڵاتیان و داواكاری یەكە ئیداریەكەی بێ وەڵام بمێنێتەوەو پشــتگوێ بخرێت.

هەر بۆیە دووبارە دیاردەی كۆچی پێچەوانە لەمەخمــورەوە بۆ شــاری هەولێر دەســتی پێكردۆتــەوە، ئەمــەش نەك تەنیــا زیانی لەســەر ئاوەدانكردنــەوەی ناوچەكــە دەبێت بەڵكو مەترســی ســتراتیژی و سیاسیشی لێدەكەوێتەوە، چونكە مەخمور لەناوچەیەكدایە كە هێشتا بەتەواوەتی كێشەی گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی كوردستان یەكلانەبۆتەوە.

## بۆ ئەوەی وەكو (جەلەولا و سەعدیە)مان بەسەر نەیەت لیستی حەدبامان بایكۆت كرد

بارزان سەید كاكە قایمقامی قەزای مەخمور لــە وەڵامی چەند پرســیارێكی (گوڵان) دا باسی لە هۆكارەكانی گرفتی خزمەتگوزاری و نەبوونی پرۆژە گرنگ و پێویستیەكان كرد، ئۆباڵەكەی خســتە ســەر ئیدارەی لەموسڵ، لەم رووەوە بەڕێزیان پێی راگەیاندین:( شاری مەخمور لە دوای ئــازادی عێراقەوە بەهۆی دوو ئیدارەیی لەبواری خزمەتگوزاری بێبەش كراوە، لەم دوو ســاڵەی دواییشدا لەئەنجامی باڵادەستی لیستی حەدبا لە ئیدارەی شارەكەدا سستیەكی زۆر كەوتۆتە ناو كارو پرۆژەكانی ناوچەكەوە، ئەمەش هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپــی ئیداریــی و ئەو هەڵســوكەوتە شۆفینیانەی دەرهەق بەناوچەكە دەكرێت.

هەر بۆیە ئیــدارەی مەخمور بایكۆتی خۆی لەبەرانبەر ئیــدارەی پارێزگاكە راگەیاندووە و ئاســتی پێوەندییەكانی نێوان لیستی حەدبا و ئیدارەی مەخمور تێكچووە..) سەبارەت بەوەی ئایا هۆكاری بایكۆتەكە چییە و چ سوودێكی بۆناوچەكە هەبووە ؟

قایمقامی قــەزای مەخمور ئاماژەی بەوەدا: سروشتی كاركردنی لیســتی حەدبا لەیەكەم ڕۆژەوە ڕوون و ئاشــكرایە و دوو خەســڵەتی خراپیــان هەیــە، یەكەم بەهەمــوو هەوڵ و توانایانــەوە دژایەتی كوردی ناوچەكە دەكەن، دووەم خەســڵەتیان ئەوەیە گرنگی زۆر بەناو شاری موسڵ دەدەن.

ئەم دوو هۆكارە كاریگەرییەكی نێگەتیڤانەی لەســەر بارودۆخی قەزای مەخمور دروســت كردووە، هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ هاتنی لیستی حەدبا بایكۆتمان كردو سوودی بایكوتكردنمان لەگــەڵ ئیــدارەی حەدبا وایكــرد كە ئەوان نەتوانن دەست لەناو ئیشوكارەكانمان وەربدەن ؛ چونكە ئەوان دەیانویست ئاسایش و پێشمەرگە لە ناوچەكە دەربكــەن، ئەمەش دەبووە هۆی تێكچوون و شێواندنی باری ئەمنی ناوچەكە، وەكو ناوچەكانی سەعدیە و جەلەولامان بەسەر دەهات ژیانــی دانیشــتووانی ناوچەكەمان دەكەوتە بەرهەڕەشــەو مەترســی و خەڵكەكە دووبــارە كۆچیان دەكردەوە، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی نەتەوەیی و پەروەردەوە زۆر زەرەرمەند دەبووین، هەر بۆیە دەســتبەجێ پــەروەردەو فێركردنمان خستەوە سەر هەرێمی كوردستان.

## لە قەزای مەخمور تەنیا(٦) هەزار خێزان لە كۆی (١٨٥٠٠) خێزان قەرەبوو كرانەوە

ســەبارەت بەپرســیارێكی گــوڵان بــەوەی ماددەی(١٤٠) لەم ناوچەیە بەكوێ گەیشتووە قایمقامی مەخمور وتــی : ماددەی(١٤٠) لە هەمــوو ڕوویەكەوە دواكەوتووەو پێویســت بوو لــە ٢٠٠٧ قۆناخی ســێیەمی جێبەجێ بكرێت، ئەوە(٢٠١٠)یەو تا ئێستا لە قۆناخی یەكەمداین و دەبێ لە قەزای مەخمور(١٨٥٠٠) خێزان قەرەبوو بكرێنەوە، گەرچی تا ئێستایش تەنیــا(٦) هــەزار خێزان قەرەبــوو كرانەوە و زەویمــان بە خێزانەكان داوە. لەســەرەتا بابێن زەوییەكان لەسەر خۆیان تاپۆ بكەن و لە پاشان داوای پێشــینەی خانووبەرە بكەن، گەرچی ئێمە قۆنــاخ بە قۆنــاخ كار لەســەر ئەمە دەكەین. پاش قەرەبووەكە زەوییان پێدەدەین و لە پاشان ســەرژمێری دەست پێدەكات و پێویستە خەڵكەكە لە كاتی دەنگدان وسەرژمێرییەكەدا ئامادەبن، بێگومان چارەنووســی ناوچەكە و گەڕانەوەی بۆ ســەر هەرێمی كوردســتان بە تــەواوی پێوەندی بە دەنــگ و ئامادەبوونی دانیشتووانی ناوچەكە و سنوورەكەوە هەیە.

## كارو پرۆژەكانی مەخمور لەسەر بودجەی حكومەتی كوردستانە

ئیدارەی ئێســتای موســڵ بەبیروباوەڕێكی خــراپ لە دژی كورد كار دەكەن، ماوەی پتر لەدوو ســاڵە گرنگی بەناوچەكە نادەن، بۆیە هاووڵاتیان و ئیدارەی مەخمور هەڵویســتیان لەبەرامبەریــان وەرگرتووە، بۆئەم هەڵویســتە بەرزەی خەڵكی ناوچەكەو ئیدارەی مەخمور؛ دەبێت حكومەتی كوردســتان بۆخزمەتكردنی ناوچەكە تا چ ئاســتێك كارو پرۆژەی ئەنجام دابێت؟ بوودجەی كارو پرۆژەكانی ئەم قەزایە لە كوێوە تەرخانكراوە؟ لەمبارەیەوە قایمقامی مەخمور وتی: حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهەرجۆرێك بێت تا ســاڵی ٢٠٠٦ لەبواری ئاوەدانكردنەوەو پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بۆ مەخمور درێخی نەكردووە، ماوەی دووســاڵە لەگەڵ هاتنی لیســتی حەدبــا هەموو كارو ئەركەكانی شــاری مەخمور كەوتۆتە ســەر حكومەتــی كوردســتان بەتایبەتی لەســەر بوودجەی پارێزگای هەولێر، بەڵام دیسان بەو بوودجەی كە لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە بۆ ناوچەكــە تەرخان دەكرێت ناتوانرێت كار و پرۆژەی گەورە و ســتراتیژی ئەنجام بدرێت، بەڵكو مەخمور پێویســتی بــە بوودجەیەكی تایبــەت هەیە بــۆ بەرزكردنەوەی ئاســتی خزمەتگوزارییــەكان، هەروەهــا قایمقامــی مەخمور پێــی وابوو لە لایەنــی كارگێڕی بۆشایی بەدی ناكرێت و لە بواری ئاسایشەوە ئەوپــەڕی هەوڵ و توانــا خراوەتەگەڕ بۆیە ناوچەكە هێمن و پارێزراوە.

## مەخمور سەرەڕای ئەوەی چەند كار و پرۆژەی بۆ كراوە، بەڵام بەپێی پێویست و لە ئاستی داواكاری دانیشتووانەكەیدا نییە

نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەكییەكانی كارەبا و ئاوی پاك وخاوێن و ئاوەڕۆو پێداویســتییە بنەڕەتییەكانــی دیكــە لــە گرنگتریــن داواكارییەكانــی دانیشــتووانی مەخمــورە؛ ســەبارەت بە كارو پرۆژە خزمەتگوزارییەكان و ئاستی ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكە لە ماوەی حەوت ســاڵی رابــردوودا قایمقامی مەخمور وتی : قــەزای مەخمور ســەرەڕای ئەوەی چەند كار و پــرۆژەی بۆ كراوە، بەڵام بەپێی پێویســت و بەپێی داواكاری دانیشتووانەكەی نییــە، بەڵكو پێویســتی بــە ئاوڕدانەوەی جددی و زیاتر هەیە، لەبەر ئەوەی لەســاڵی ١٩٨٧ لەلایەن ڕژێمــی عێراقەوە وێرانكرا و گوندەكانی روخێنــرا و ژێرخانەكەی هەر لە ئاوی خواردنەوە تا دەگاتە كارەبا و قوتابخانە و ڕێگاوبانەكانــی تێكــدرا و ناوچەیەكــی خاپوور و بێســەروبەرمایەوە، لەگەڵ ئەمەش دا بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندارەكانی حكومەتــی هەرێمی كوردســتان لە بواری خزمەتگــوزاری كاریان بــۆ كردووین، لەوانە ئەو گوندانــەی ئاوەدانكراونەتەوە لە (٩٠٪) ی كارەبای بۆچــووەو لە ناوەندی قەزا(٢٢)

قەزای مەخمور بەو شارۆچكەیە ناسراوە كەدەتوانێ پێداویستی ئاردی هەموو عێراق دابین بكات

ئەو بودجەیەی كە لەلایەن حكومەتی كوردستان و پارێزگای هەولێرەوە بۆ ناوچەكە تەرخان دەكرێت ناتوانرێت كار و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی پێ ئەنجام بدرێت

چارەنووسی ناوچەكە و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی كوردستان بە تەواوی پێوەندی بە دەنگ و ئامادەبوونی دانیشتووانی ناوچەكە و سنوورەكە هەیە

مەخمور پێویستی بەهێڵێكی كارەبای (١٣٢ كەی ڤی )ی هەیە

**زۆرگرنگە پڕۆژەی ئاوی (سوڵتان عەبدوڵڵا) بۆلای گوندەکانی (زمارە) کە لەسەر زێی گەورەیە لە ناحیەی( گوێڕ) بگوازرێتەوە**

ئاینیەکان دروســـتکراوەو ناحیەی دیبەگە لە سەربازگەیەکەوە بۆتە شارۆچکەیەکی جوان و بۆ یەکەمجارە لە مێژووی مەخموردا (ئینارە) بۆ رووناك کردنەوەی شـــەقامەکانی شارەکە دانراوە، پڕۆژەی دووەمی ئاوی خواردنەوە کە لە گاوەرە دێت ئەنجام دراوە و جووت ســـایدی (هەولێر – مەخمور) لەژێر جێبەجیکردندایەو بڕیار دەرچـــووە قوتابخانەیەکی (٢٧ ) پۆلی لە مەخمور دروست بکرێت.

## پێویستە تۆڕی وزەی کارەبای مەخمور بەکارەبای نیشتمانی کوردستانەوە ببەسترێتەوە

هەڵبەتە لەکاتی کەمی بودجەو کەوتنەوەی هەر گرفتێکدا پێویســـتە یەکە ئیدارییەکان بەپێی پێویســـت و توانا بکەونە خۆیان و بەبەرنامەو پلانێکـــی رێکوپێکەوە ڕێگا نـــەدەن کارەکان بووەستێت و گرفتەکان بێ چارەسەر بمێننەوە، بەتایبەتی گرفتـــی کەمی پێدانی ماوەکانی کارەبا بەهاووڵاتیان، لە وەڵامی ئەوەی بزانین پێداویستی ســـەرەکی دانیشتووانەکە چییە و بەرنامەو پلانیان بۆ چارەســـەرکردنیان هەیە، قایمقامـــی مەخمور پێی وابـــوو: ناوچەکە و خەڵکەکەی زوڵم و ستەمێکی زۆریان دەرهەق کراوەو نازیان لەســـەر ئیدارەکـــەو حکومەتی کوردســـتان هەیە، بۆیە پێویستە بۆ ئاوڕدانەوە لـــە ناوچەکـــە بەرنامەو پلانێکـــی تۆکمەی بۆدابنرێـــت، تاوەکو بتوانرێـــت لەماوەیەکی دیاریکـــراودا شـــار و گوندەکانـــی ناوچەکە کەمترین گرفت و کێشـــەی خزمەتگوزاریان هەبێت، پێش هەموو کارێك پێویســـتە تۆڕی دابەشـــکردنی کارەبای مەخمور بە پارێزگای هەولێر ببەسترێتەوە، پێویستە هێلێکی تۆڕی دابەشـــکردنی کارەبـــای (١٣٢کـــەی ڤی ) بـــۆ مەخمور ڕابکێشـــرێت بۆئـــەم پڕۆژەیە نووسراومان کردووە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو پرۆژەیە پێویســـتمان بە گوژمەی (١٦) ملیۆن دۆلارهەیە، بەڵام تائیستا ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە.

ســـەبارەت بەوەش ئەگەر ئەمســـاڵ وشـــکە ســـاڵی یان کـــەم بارانی بێت، چـــۆن خۆیان بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادەکـــردووە، ئایا بوودجەیان بۆ ئەو مەبەستە هەیە (بارزان سید کاکـــە) وتی : بۆ ئەو مەبەســـتە هیچ جۆرە بوودجەیەکمان نییە تەنیا سێ ملیون دینارمان بۆخەرجی نـــاو فەرمانگەکەمان هەیە، بەڵام هاوکاری و ئاسانکاریمان بۆجووتیاران کردووە کەبیـــری ئاو لەنـــاو زەوییەکانیـــان لێبدەن و ئامێری ڕژاندن و تۆوی گەنمیشیان پێدەدەین. لەوکاتـــەدا ئەگەر بارانیـــش نەبارێت دەتوانن تۆوی گەنم بکەن.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا پێویستە حکومەت یان پارێزگاری هەولێر لەناو بودجەکەیان بڕێك



**زۆرترین کارو پڕۆژەکانمان لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ئەنجام دراوە**

بۆ یەکەی ئیـــدارەی مەخمور تەرخان بکەن، تاوەکـــو کارو پـــڕۆژەی زیاتـــر لەناوچەکەدا ئەنجام بدرێت، ئەمســـاڵ هەندێك دەسەڵاتی ئیداریی دراوە بەبەرپرســـی یەکە ئیدارییەکان، بەڵام تائێستا دەسەڵاتی دارایی لەگەڵدا نییە. بەلایەنی کەم پێویستە بوودجەیەك لەبەر دەست بێت بۆ پڕۆژەیەکی بچووك یان بۆ داواکاری گوندیـــك یـــان گەڕەکێك، بـــەڵام لەمبارەوە باشترین هەنگاو ئەوەیە وەك گوێبیست بووینە لەسەر فەرمانی ڕێزدار سەرۆك بارزانی بەشێك لەپارەی نەوت پێویســـتە بۆ ناوچە دابڕاوەکان بەگشـــتی تەرخان بکرێت و نـــاوی قەزای مەخموریش هاتووە کەگرنگی پێ بدرێت.

## پڕۆژەی ئاودێری خەونی جووتیارانە

هەروەهـــا پـــڕۆژەی ئاودێـــری یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە ناوچەکە زۆر پێویستی پێیەتی، لەبـــەر ئەوەی (یـــەك ملیون دۆنـــم) زەوی کشتوکاڵی بەپیت و بەرەکەت لەسنووری قەزای مەخمور هەیـــە، بەڵام لەکاتی نەباران نەبارین و وشکەســـاڵییەوە جووتیاران بێئومێد دەبن و بەرژەوەندییان لەناوچەکـــە تێکدەچێت، بەڵکو بەپڕۆژەی ئاودێری ناوچەکـــە دەبووژێتەوە، گەرچی ئێستاکە قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی ئاودێـــری لـــە( خەبـــات) بۆ( شـــەمامك) ڕەزامەندی لەسەردراوە کە بوودجەکەی (٥٠) ملیۆن دۆلارە، ئەوەش بەشێکی دیاریکراوە بەڵکو پێویستە قۆناغی دیکەو پڕۆژەی ستراتیژیی ئاودێری لە ناوچەکە جێبەجێ بکرێت، هاوکات هاوکاری و یارمەتیتر بەجووتیاران دەدرێت کە (١٠٪)ی پێداویســـتەکانیان پڕناکاتەوە بۆیە دەبێت یارمەتی و پشتگیری کردنی جوتیاران بەپێی پێداویستیەکانیان بێت، هاوکات گرفتی ئـــاوی خواردنەوەمان بەرچـــاوە دەبێ تۆڕی دابەشـــکردنەکەی ناو قەزا لەو شـــوێنانەی پێویســـت دەکات نۆژەن بکرێتەوە و زۆرگرنگە پڕۆژەی ئاوی (ســـوڵتان عەبدوڵڵا ) بۆلای گوندەکانی ( زمارە ) کە لەسەر زێی گەورەیە لە ناحیەی( گوێڕ )بگوازرێتەوە، چونکە بەم کارە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە دەگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمان.

## کێشەی زەوی کشتوکاڵی و تۆمارکردنی خانووبەرە

کێشـــەی زەوی کشـــتوکاڵی و تۆمارکردنی خانووبەرە لە ناوچەکەدا بەیەکێك لەو کێشـــە ئاڵۆزانە دادەنرێت، بەتایبەتی گەڕانەوەی زەوی بۆ خاوەنەکانی و ئەنجامدانی ماستەرپلان بۆ گەورەبوون و فراوانبوونی مەخموور، سەبارەت بەم کێشانە بەرێزیان وتی:

بەراســـتی کێشـــەی زەوی کشـــتوکاڵی لە ناوچەکـــەدا گرفتێکی گەورەبـــوو، دواجار لە ســـاڵی ١٩٧٨ زەوی کشـــتوکاڵی بەسەر جووتیاران دابەشـــکراوەتەوە و تا ئێســـتا زۆر گۆڕانکاری بەســـەر داهاتووە، خاوەنی زەوی هەیە ئێســـتا بۆتە فەرمانبـــەر و لە گوندەکە دانانیشـــێت، بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ بێ ئەوەی گوێ بدەینە مەرجەکان پێمان باشـــبووە وەکو قۆناخی یەکەم زەوییەکانیـــان بۆ بگێڕینەوە، بەڵام ئەمە نەکرا،دواتر بە ناچاری پەنامان بردە بەر چارەسەری کاتیی، لە ڕێگای لیژنەکانی ململانێی زەوی و زارەوە، ئێستاکە لە ناحیەی قـــەراج و قەزای مەخمور کێشـــەمان کەمە و ئەم کێشـــەیە پتر لە ناحیـــەی دیبەگە هەیە، لیژنەیەك لە هەولێر هـــات توانی تا رادەیەك کێشـــەکان چارەســـەر بکات و بەڵام ئێستاش پاش حەوت ساڵ بەشـــی زۆری ئەو کێشانە وەك خـــۆی بە بێ چارەســـەریی ماونەتەوە، بۆیە باشـــترین ڕێگاچارە ئەوەیـــە جارێکیتر زەوییەکانـــی ئەم ناوچەیە دابـــەش بکرێتەوە

**لەمەخمور هەوڵی دروستکردنی دوو کارگەی چیمەنتۆ دەدرێت**

بەو مەرجەی ئەو خەڵکەی دێت نیشتەجێ دەبێت و لە گوند و ناوچەکە دەمێنێتەوە و زەوی پێبدرێت ئەوانەی لە شارن و فەرمانبەرن زەوییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە و پێیان نەدرێت، ئەمەش پێویستی بە بڕیاردانی وەزارەت هەیە تا خزمەت بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ بگەیەنرێت، هاوکات زەوی موڵکمان هەیە کە حکومەت خستویەتیە سەر وەزارەتی دارایی ئێستا دەستەیەك هەیە بە بەناوی دەستەی سکاڵای زەویوزار بەپێی یاسای (١٣) لە ٢٠١٠ کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات کە تا رادەیەك باشە، بەڵام دیسان سستی هەیە لەبەڕێوەبردنی کارەکان و نەبوونی نیەتێکی پاك هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەتایبەتی لە سنوورەکانی موسڵ و کەرکووك، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە.

هەروەها ئەو خانووانەی کە کاتی خۆی حکومەتی بەعس نەیهێشتووە تاپۆ بکرێت لەمبارەشەوە کۆمەڵێك گرفت هەیە، چونکە ماستەرپلان ئەنجامدراوە وخانوو هەیە بە بەر شەقام کەوتووە و هەیە بە بەر باخچە و خزمەتگوزاری کەوتووە و پلانمان بۆ ئەمانەش هەیە و بەنیازین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

سەبارەت بە ماستەر پلانی قەزا و ناحییەکان قایمقامی مەخمور وتی : ماستەر پلانی ناحیەی دیبەگە تەواو بووەو بۆ قەزای مەخمور هەنگاومان ناوە ماستەرپلانێك دانراوە و کاری لەسەر دەکرێت، تاوەکو بەشێوازێکی گونجاو سەردەمیانە بە ئەنجام بگات بۆ ئەوەی شارەکە بەشێوەیەکی باش و هاوچەرخانە گەشەپێبدەین و رێکی بخەین. لەلایەکی ترەوە بەرنامەمان هەیە بۆ رێکخستنەوەی شەقامەکانی گەڕەکەکان و کۆنکرێت کردنیان، هەروەها بەنیازین لە ماوەی دوو ساڵدا مەخموری تازە لەسەر دیزاین و شێوازێکی مۆدێرن ئاوەدان بکەینەوە، ئێستاکە چاوەڕوانین کە پلانێك بۆ مەخموری نوێ دابڕێژین لە پاشان پێوەرەکان گونجاوبن و هەستن بە دابەشکردنی زەوییەکان و کار و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای دیزاینی باش و سەردەمیانە جێبەجێ بکرێت.

## نەخۆشخانەیەکی (١٠٠) قەرەوێڵەیی پێداویستیەکی سەرەکی سنووری قەزای مەخمورە

سنووری قەزای مەخمورجگە لە چەند بنکەیەکی تەندروستی هیچ جۆرە نەخۆشخانەیەکی نییە و هەرچەندە لە بنکەکان پزیشك و کارمەندی تەندروستی و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیان هەیە، بەڵام پشکنین و داودەرمان و کارەکانیان بەپێی داخوازی و پێداویستی خەڵکەکە نییە، لەمبارەوەیە قایمقامی مەخمور ئاماژەی بەوەدا کە سنوورەکەیان پێویستی بەنەخۆشخانەیەکی (١٠٠) قەرەوێڵەیە و داواکاری سەرەکی هاووڵاتیانی ناوچەکەشە، هاوکات کردنەوەی پەیمانگا یان کولێژیك لە مەخمور سوودێکی زۆری بۆ سنوورەکە هەیە، دەبێتە یەکێك لەو هۆکارانەی پشتگیری دانیشتووانەکەی دەکات بۆمانەوەیان لە ناوچەکەدا، لەبارەی ئەوەی چ لایەن و وەزارەتێك زۆرترین پرۆژەی ئەنجام داوە قایمقامی مەخموردەڵێت: زۆرترین کارو پرۆژەکانمان لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ئەنجام دراوە، هەندێ کارو ئیشیش وەزارەتەکان کردوویانە.

## هەموو کەسێک حەزدەکات لەشوێنێک بژی خزمەتگوزاری و هەلی کارکردنی باشی تێدا بێت



لەلایەکی تر قایمقامی مەخمور ئاماژەی بەوەدا دیاردەی کۆچی پێچەوانە لە ناوچەکە بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەستی پێکردۆتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی منداڵەکانیان بە تایبەتی ئەوانەی لەزانکۆکان وەردەگیرێن و دەخوێنن، هەروەها لەڕووی بەرژەوەندیشەوە خەڵکەکە زەرەرمەندە،چونکە لەناوچەکە بەگشتی ئیشوکار کەمە و وشکەساڵیش کاریگەری خۆی هەیە و بەپێچەوانەشەوە هەلی کارو داهات لەشارێکی وەکو هەولێر کە سەنتەرێکی بازرگانییە زۆر باشترە. هەر بۆ نموونە ڕۆژانە بەهەزارەها خەڵکمان بۆئیشکردن دەچنە هەولێر و ئێواران دەگەڕێنەوە و نەوەیەکی نوێ پێگەیشتووە وەچەی دوای ساڵی (١٩٨٧)ە پەروەردەی شارەو ناتوانێ لەگوند بژی، لەلایەکی تر ناوچەکە کشتوکاڵیە و برەونەدراوە بەو کەرتە و هاوکاری و یارمەتی جوتیاران نەکراوە بەپێی پێویست ئەوانیش بژێوی ژیانیان دەست ناکەوێت بەناچاری کۆچ دەکەنەوە بۆ شار، خزمەتگوزارییەکانیش لەناوچەکەدا کەموکورتی تێدایە، بۆیە هەموو کەسێك حەزدەکات لەشوێنێك بژی خزمەتگوزاری و هەلی کارکردنی باش بێت .

## بەتەواوبوونی دوو کارگەی چیمەنتۆ لەمەخمور سەدان کرێکار هەلی کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە

سەبارەت بەوەی بۆچی کارگەی گەورە لە ناوچەکە نەلەلایەن کەرتی تایبەت نەلەلایەن حکومەت دانەمەزراوە، کە کاریگەری باشی لەسەر بووژانەوەی ناوچەکەو بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ سەدان کرێکار دەبێت و دانیشتووانی ناوچەکە لەبێکاری دەربازیان دەبێت، یان بۆ هەوڵ نادرێت کارگەکانی گەچ لەدەروازەی شارەکە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوەو کارگەیەکی پێشکەوتووی گەچ وبلۆك و خشت دابمەزرێت، بەو پێیەی ئەم ناوچەیە بەناوچەیەکی دەوڵەمەند بەنەوت و پیشەسازی و کانزایی دادەنرێت. قایمقامی مەخمور وتی : کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەریش لەدوای زۆرترین قازانج دەگەڕێن، بۆیە کەمتر روو لەم ناوچەیە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هەوڵی دروستکردنی دوو کارگەی چیمەنتۆ دەدرێت، کەلەچیای قەرچۆغە یەکێك بەلای سەرگەڕانەوەیە و ئەوەی تر لە نێوان مەخمور و دیبەگەیە، هاوکات دەیانەوێت چەندین کارگەی بچوك وەکو بلۆك و کاشی و گەچ دابنێین و خەڵکی تر دێت بە دۆنمی زۆر زەوی دەکرن بۆ وەبەرهێنان، دڵنیاین بە سەقامگیربوونی ناوچەکە لە داهاتوودا خەڵکانێکی زۆر بەشداری لە وەبەرهێنان دەکەن.

**لە ناحیەی قەراج و قەزایی مەخمور کێشەی زەویمان کەمە و ئەم کێشەیە پتر لە ناحیەی دیبەگە هەیە**

**ڕۆژانە بەهەزارەها خەڵکمان بۆئیشکردن دەچنە هەولێر و ئێواران دەگەڕێنەوە ناو مەخمور**

**باشتروایەجارێکیتر زەوییەکانی ئەم ناوچەیە دابەش بکرێتەوە بەو مەرجەی ئەو خەڵکەی دێت نیشتەجێ دەبێت و لە گوند و ناوچەکە دەمێنێتەوە و زەوی پێبدرێت**